حکومەتی هەرێمی کوردستان_عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان / بەشی زمانی کوردیی

# زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام

نامەیەکە

تارا موحسین قادر

پێشکەشی ئە نجومەنی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت

پ.ی.د.بەکر عومەر عەلی

٢٧١١ی کوردیی ٢٠١١ی زایینی

# زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام

نامەیەکە

**تارا موحسین قادر**

پێشکەشی ئە نجومەنی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی
پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت

**پ.ی.د.بەکر عومەر عەلی**

٢٧١١ی کوردیی          ٢٠١١ی زایینی

**ئەم نامەیە بە چاودێریی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا.**

**ناو: د.بەکر عومەر عەلی**

**ڕۆژ: / / ٢٠١١**

**بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو: دڵشاد عەلی**

**ڕۆژ: / / ٢٠١١**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردییدا پێ بدرێت.

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / / ٢٠١١

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / / ٢٠١١

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / / ٢٠١١

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / / ٢٠١١

ناو: پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: / /٢٠١١

ناو:
ئەندام و سەرۆکی لیژنە:
ڕۆژ: / /٢٠١١

لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: د.کاوان عثمان عارف
ڕاگری سکوڵی زمان
ڕۆژ: / /٢٠١١

# پێشکەشە بە:

- دایکم و باوکم
- خوشکەکەم و براکانم

تارا

# سوپاس و پێزانین

- ماموٚستای سەرپەرشتم پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی.
- پ.ی.د. سەباح ڕەشید و پ.ی.د. محەمەد صالح عبدالله، کە لە بەدەستخستنی هەندێ سەرچاوەدا هاوکارییانکردوم.
- سەرپەرشتیار و کارمەندانی کتێبخانەی زانکۆی کۆیە.
- ئەو بەڕێزانەی، کە هەندێ کاری وەرگێڕانیان بۆ کردووم: م.سامان، شیلان، محەمەد.
- تایپیێست حەمید ئەحمەد کە کاری چاپکردنی نامەکەی بە ئەنجامگەیاندووە.

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| $\delta$ | دروستەی قوڵ |
| $\sigma$ | دروستەی ڕووکەش |
| DS | دروستەی قوڵ |
| SS | دروستەی ڕووکەش |
| $\lambda$ | فۆرمی لۆجیکیی |
| $\pi$ | فۆرمی فۆنەتیکیی |
| LF | فۆرمی لۆجیکیی |
| PF | فۆرمی فۆنەتیکیی |
| A-P | درکاوە-هەستپێکراوەکان |
| C-I | چەمکە-مەبەستدارەکان |
| MLC | مەرجی کەمترین پێکەوەبەستن |
| FoL | توانست ( فاکیولتی )ی زمان |
| LI | ئایتمی لێکسیکیی |
| IP | گرێی تاف و کەس |
| TP | گرێی تاف |
| AGRsP | گرێی ڕێککەوتنی بکەریی |
| AGRoP | گرێی ڕێککەوتنی بەرکاریی |
| VP | فرێزی کردار |
| vp | فرێزی کرداری دەرەکیی |
| EPP | ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو |
| GB | تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە |
| P&P | تیۆری ڕێساکان و پارامێتەرەکان |
| MP | مینیماڵ پرۆگرام |
| FI | ڕاڤەکردنی تەواو |
| N | ژماردن |
| spec | سپێسیفایەر |

| | |
|---|---|
| Com/C | تەواوکەر |
| D | دەرخەر |
| DP | فرێزی دەرخەریی |
| NP | فرێزی ناویی |
| i | ئیندێکس |
| H | سەر |
| ERG | ئێرگەتیڤ |
| ABS | ئەبسۆلەتیڤ |
| NOM | نۆمینەتیڤ |
| ACC | ئەکیوزەتیڤ |
| O | یەکە |
| PP | فرێزی پریپۆزیشنیی |
| ΘPC | پارامیێتەری پشکنینی شوێنی ثیتا |
| CHL | سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ |
| LCA | گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو |
| BPS | دروستەی بار فرێز |
| pro | پرۆی بچوك |
| PRO | پرۆی گەورە |
| θ | ثیتا |
| α | ئەلفا |
| / | یان |

# لیستی زاراوەکان

## ئـ

| | |
|---|---|
| ئابوریی | Economy |
| ئارگومێنت | Argument |
| ئەرکیی | Functional |
| ئەنتسیمەتریی | Antisimetry |
| ئیندێکس | Index |

## بـ

| | |
|---|---|
| بەرزکردنەوەی کردار | Verb-rasing |
| بەستنەوە | Binding |
| بەستنەوەی ئارگومێنت | A-binding |
| بنکە | Base |
| بیرۆکەی بار | Bar-Notion |
| بێ نرخ | Cost Free |

## پـ

| | |
|---|---|
| پارامێتەری پشکنینی شوێنی ثیتا | Theta Position Checking |
| پاڵێوەری دۆخ | Case Filter |
| پەیوەندی پشکنین | Checking Relation |
| پەیوەندی دەسەلاَت/زاڵبوون | Dominance Relation |
| پەیوەندیی دروستەیی | Structural Relationship |
| پەیوەندیی ڕێزمانیی | Grammatical Relation |
| پرۆژەی گەورە | Maximal Projection |
| پشکنین | Checking |
| پشکنەر | Checker |
| پشکنراو | Checkee |
| پشکنینی فرەفیچەریی | Multiple Feature Checking |

| | |
|---|---|
| Assignment | پێدان/بەخشین |
| Component | پێکهاتە |
| θ-Criterion | پێوەری ثیتا |

## ت

| | |
|---|---|
| Performance | توانا |
| Competence | توانست |
| Faculty of Language | توانستی زمان |
| VP-Shells | توێکڵەکانی –VP |
| Binding Theory | تیۆری بەستنەوە |
| Bounding Theory | تیۆری بەندێتی |
| Checking Theory | تیۆری پشکنین |
| Theta Theory | تیۆری ثیتا |
| Case Theory | تیۆری دۆخ |
| Government Theory | تیۆری حوکمکردن |
| Standard Theory | تیۆری ستاندارد |
| Extended Standard Theory | تیۆری ستانداردی فراوانکراو |
| Trace Theory | تیۆری شوێنپێ |
| Control Theory | تیۆری کۆنترۆڵ |
| X-bar Theory | تیۆری X-بار |

## ث

| | |
|---|---|
| Thematic Grid | ثیماتیک گراید |
| Theta | ثیتا |
| Theta-Governs | ثیتا-حوکمکردن |

## ج

| | |
|---|---|
| جولانی ئاشکرا | Overt Movement |
| جولانی شاراوە | Covert Movement |

## چ

| | |
|---|---|
| چالاکی | Operation |
| چاوتێرنەبوون | Greed |
| چەمکە مەبەستدارەکان | Conceptual-Intentional |

## ح

| | |
|---|---|
| حاڵەتی بەرجەستە/کۆنکرێت | Concrete Situations |

## خ

| | |
|---|---|
| خوشکایەتی | Sisterhood |

## د

| | |
|---|---|
| داخوازی کورتترین داڕێژراو | Shortest Derivation Requirement |
| داڕێژراو | Derivation |
| دەربڕاوی بۆگەڕاوە/ئاماژەدەر | Referring Expression |
| دەرچوو | Output |
| دەروازەی فەرهەنگیی | Lexical Entry |
| دەسەڵات/ ڕکێف | Dominates |
| دەستەی دوو پەلکیی | Binary Set |
| دەستەی سەرچاوە | Set Reference |
| دەستەی ناونراو | Label Set |
| درکاوە-هەستپێکراوەکان | Articulatory-Perceptual |
| دروست | Legible |
| دروستیی | Legibility |

| | |
|---|---|
| Structural Description | دروسته پەسنكراوەكان |
| Syntactic Structures | دروسته سینتاكسییەكان |
| Structuralism | دروسته كارەكان/ڕۆنانكارەكان |
| Bar Phrase Structure | دروستەی بار فرێز |
| Hierarchical Structure | دروستەی هەرەمیی |
| Tree diagram | درەختی ئەندازیاریی |
| Procrastinate | دواخستن |
| Pairs | دوانە |
| Last Resort | دواین پەناگە |
| Abstract Case | دۆخی ئەبستراكت |
| Structural Case | دۆخی دروستەیی |
| Inherent Case | دۆخی زگماكیی |
| Visible | دیار/بینراو |

ڕ

| | |
|---|---|
| Interpretable | ڕاڤەكراو |
| Un interpretable | ڕاڤەنەكراو |
| Full Interpretable | ڕاڤەكردنی تەواو |
| Attract | ڕاكێشان |
| Checking Domain | ڕكێفی پشكنین |
| Word Order | ڕیزبوونی وشە |
| Linear Ordering | ڕیزبوونی ئاسۆیی |
| Legitimate | ڕێپێدراو/یاسایی |
| Extended Projection Principle | ڕێسای پرۆەسازدانی فراوانكراو |
| Empty Category Principle | ڕێسای كاتیگۆری بەتاڵ |
| Principles and Parameters | ڕێساكان و پارامێتەرەكان |
| Agreement | ڕێككەوتن |

## ز

زانیاریی فەرهەنگیی — Lexical Knowledge

## ژ

ژماردن — Numeration

## س

سەر — Head

سەری ئەرکیی — Functional Head

سەر-سەرەتا — Head -Initial

سەر-کۆتایی — Head-Final

سنور هاوبەش — Interface

سیستێمی زانیاریی (مەعریفیی) — Cognitive system

سیستێمی ناولێنانی کاتیگۆریی — System of Category Label

سێتێکی تەواو — Finite Set

سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ — Computational System of Human Language

## ش

شەقبوون — Spell-out

شوێنپێی فریزی ناویی — NP-Trace

شوێنپێی وشەی پرسیار — Wh-Trace

شوێنی ئارگومێنت — Argument-Position

شوێنی ثیتا — Theta-Position

شوێنی ناثیتا — Non-Theta-Position

شێوە ئەندازەیی — Configuration

## ف

| | |
|---|---|
| Lexicon | فەرهەنگ |
| Non-Finite TP | فرێزی تافی ناتەواو |
| Phrase-Marker | فرێز دیاریکەر |
| Inner VP | فرێزی کرداری ناوەکیی |
| bare-form | فۆرمی ڕەگ |
| Feature | فیچەر |
| Weak feature | فیچەری بێ هێز |
| Strong feature | فیچەری بەهێز |
| Formal feature | فیچەری فەرمیی |
| Erased feature | فیچەری لەناوچوو |

## ك

| | |
|---|---|
| Functional-category | کاتیگۆریی ئەرکیی |
| Governing category | کاتیگۆریی حوکمکەر |
| Agent | کارا |
| Patient | کارتێکراو |
| Terminal category | کاتیگۆری کۆتایی |
| Non-Terminal Category | کاتیگۆری ناکۆتایی |
| Legitimate Object | کەرەسەی ڕێپێدراو/یاسایی |
| Costless | کەمتێچوون |
| Minimal Domain | کەمترین دەسەلاّت/ڕکێف |
| Minimal link Condition | کەمترین مەرجی پێکەوەبەستن |
| Least Effort | کەمترین وزە |
| Predication | کرداربەندیی |
| Inflected Verb | کرداری شکاوە |
| Copy | کۆپی |

## گ

| | |
|---|---|
| Large Domain | گەورەترین ڕکێف/دەسەڵات |
| Node | گرێ |
| Inflectional Node | گرێی ئەرکیی |
| Branching Node | گرێی دووپەلکیی |
| Internal Subject Hypothesis | گریمانەی بکەری ناوەکیی |
| The liner correspondence Axiom | گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو |
| Pronunciation | گۆکردن |

## ل

| | |
|---|---|
| Binary branching | لقە دوانەیی |
| Merge | لێکدان |
| Binary Merger | لێکدانی دوانیی |

## م

| | |
|---|---|
| Legibility Condition | مەرجی دروستیی |
| Inclusiveness Condition | مەرجی گشتگیریی |
| Minimalist Program | مینیماڵ پرۆگرام |

## ن

| | |
|---|---|
| Invisible | نادیار/نەبینراو |
| Label | ناولێنراو |
| Representation | نواندن |
| Case-Marking | نیشانەکردنی دۆخ |

## هـ

| | |
|---|---|
| Cheaper | هەرزانتر |
| Semantic Selection | هەڵبژاردن/ هەڵاوێرکردنی واتایی |

| | |
|---|---|
| Choices Binary | دوانەی هەڵبژێردراو |

**و**

| | |
|---|---|
| Vocabulary | وشە |
| C-Command | وەچەئاڕاستەکردن |
| Asymmetric C-command | وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری |

**ی**

| | |
|---|---|
| Phrase Structure Rules | یاساکانی دروستەی فرێز |
| Word formation Rules | یاساکانی وشە داڕشتن |
| Lexical Insertion Rules | یاساکانی لیستکردنی فەرهەنگیی |
| Syntactic Object | یەکەی سینتاکسیی |

# ناوەرۆک


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | ناونیشان و بواری نامەکە | ١ |
| | ئامانجی نامەکە | ١ |
| | گرنگی نامەکە | ٢ |
| | کەرەستەی نامەکە | ٢ |
| | ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە | ٢ |
| | گرفتی نامەکە | ٢ |
| | بەشەکانی نامەکە | ٣ |
| **١** | **قۆناغەکانی بەرەو پێشچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە** | |
| ١-١ | دروستە سینتاکسییەکان | ٦ |
| ١-٢ | تیۆری ستاندارد | ٧ |
| ١-٣ | تیۆری ستانداردی فراوانکراو | ١٠ |
| ١-٤ | بەسەرداچوونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو | ١٣ |
| ١-٥ | تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە | ١٤ |
| ١-٦ | مینیماڵ پرۆگرام | ١٨ |
| **٢** | **کەموکوڕیەکانی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە و لێکدانەوەی بە پێی مینیماڵ پرۆگرام** | |
| ٢-١ | دروستەی قوڵ | ٢٧ |
| ٢-١-١ | دروستەی قوڵ لە MPدا | ٢٨ |
| ٢-٢ | دروستەی ڕووکەش | ٢٩ |
| ٢-٢-١ | دروستەی ڕووکەش لە MP دا | ٣١ |
| ٢-٣ | تیۆری حوکمکردن | ٣٢ |
| ٢-٣-١ | تیۆری حوکمکردن لە MPدا | ٣٤ |
| ٢-٤ | ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ | ٣٥ |
| ٢-٤-١ | کاتیگۆری بەتاڵ | ٣٥ |
| ٢-٤-٢ | ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ لە MPدا | ٣٩ |
| ٢-٥ | تیۆری دۆخ | ٤٠ |
| ٢-٥-١ | جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانیی | ٤٢ |
| ٢-٥-٢ | پەیوەندی دۆخی ڕێزمانیی بە حوکمکردنەوە | ٤٤ |
| ٢-٥-٣ | کەموکوڕییەکانی تیۆری دۆخ | ٤٥ |
| ٢-٥-٤ | دۆخی ڕێزمانیی لە MPدا | ٤٧ |

٢-٦ تیۆری بەستنەوە ........................................ ٤٩

٢-٦-١ تیۆری بەستنەوە لە MPدا ........................................ ٥١

٢-٧ تیۆری ثیتا ........................................ ٥٣

٢-٧-١ دەروازەی فەرهەنگیی ........................................ ٥٦

٢-٧-٢ تیۆری ثیتا لە MPدا ........................................ ٥٦

٢-٨ تیۆری X-بار ........................................ ٥٩

٢-٨-١ نەمانی X-بار لە MPدا ........................................ ٦٢

٢-٩ تیۆری کۆنترۆڵ ........................................ ٦٥

٢-٩-١ PRO لە MPدا ........................................ ٦٦

## ٣ لایەنە تیۆرییەکانی مینیماڵ پرۆگرام (MP)

٣-١ نەخشەی مینیماڵ پرۆگرام ........................................ ٦٩

٣-٢ سیستێمی کۆمپیوتەریی/ژمێرکاریی زمانی مرۆڤ ........................................ ٧٠

٣-٢-١ فەرهەنگ ........................................ ٧٢

٣-٢-٢ ژماردن ........................................ ٧٣

٣-٢-٣ هەڵبژاردن و لێکدان ........................................ ٧٥

٣-٢-٤ جوڵان ........................................ ٧٧

٣-٢-٥ شەقبوون ........................................ ٨٠

٣-٢-٦ کۆپی ........................................ ٨٢

٣-٢-٧ ئاستی سنورهاوبەشی LF و PF ........................................ ٨٤

٣-٢-٨ نزیکبوونەوە/ خاڵی نزیکبوونەوە ........................................ ٨٥

٣-٢-٨-١ ڕێسای ڕاڤەکردنی تەواو ........................................ ٨٥

٣-٣ تیۆری پشکنین ........................................ ٨٧

٣-٣-١ پشکنینی فیچەر و پارامێتەر لە زمانی کوردیدا ........................................ ٩٢

٣-٣-٢ ئێرگەتیڤیی و تیۆری پشکنین ........................................ ٩٢

٣-٣-٣ تیۆری پشکنینی فرە فیچەریی ........................................ ٩٧

٣-٤ ڕێساکانی ئابوریی ........................................ ٩٨

٣-٤-١ دواخستن ........................................ ٩٩

٣-٤-٢ دواین پەناگە ........................................ ١٠٠

٣-٤-٣ چاوتێرنەبوون ........................................ ١٠١

٣-٤-٤ مەرجی کەمترین پێکەوەبەستن ........................................ ١٠٢

٣-٤-٤-١ ڕاکێشان ........................................ ١٠٣

٣-٤-٥ کەمترین وزە ........................................ ١٠٤

٣-٤-٦ داخوازی کورتترین داڕێژراو ........ ١٠٤

## ٤ دروستەی فرێز لە GBیەوە بۆ MP

٤-١ دروستەی فرێز لە GBدا ........ ١١٠
٤-٢ کردار و مۆرفیمەکانی تاف و ڕێککەوتن ........ ١١٥
٤-٣ کاتیگۆری ئەرکیی ........ ١١٧
٤-٤ گرێی ڕێککەوتن ........ ١١٩
٤-٥ گریمانەی تویێکڵەکانی VP ........ ١٢١
٤-٦ گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو ........ ١٢٣
٤-٧ دروستەی فرێز لە MPدا ........ ١٣١
ئەنجامەکان ........ ١٤٢
سەرچاوەکان ........ ١٤٥
خلاصة الرسالة........ ١٥١
Abstract ........ ١٥٢

# پێشەکی

## ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی نامەکە بریتییە لە (زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام). مینیماڵ پرۆگرام قۆناغێکی نوێیە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، کە لە لایەن چومسکییەوە بانگەشەی بۆ کراوە. مینیماڵ پرۆگرام بەرامبەر (Minimalist Program)ـە، کورتکراوەکەی MPیە. زاراوەی مینیماڵ پرۆگرام هەر لە زاراوە ئینگلیزییەکەوە وەرمانگرتووە، بەڵام زاراوەی (Minimalist)مان بە مینیماڵیست وەرنەگرتووە، بەڵکو بە مینیماڵ، چونکە هەر وشەیەك کە لە زمانێکی بێگانەوە دێتە ناو زمانی کوردی دەکەوێتە ژێر گۆڕانی فۆنەتیکیی و مۆرفۆلۆجیی، لەبەرئەوەی پاشگری یست (ist) لە زمانی کوردیدا نییە، وامان پێ باشبوو کە زاراوەی مینیماڵیست وەك مینیماڵ وەربگرین، ئەمە جگە لەوەی کە زاراوەی مینیماڵ وەك ماکسیماڵ لە زمانی کوردیدا وەك دوو وشەی خوازراو بەکاردێن.

بواری نامەکە چەند لایەنێك لەخۆدەگرێت:

أ- لایەنی تیۆریی، چونکە بە گشتی لە تیۆرەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە دواوین، وە بە تایبەتیش لە مینیماڵ پرۆگرام.

ب- لایەنی ڕەخنەگرتن لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە (GB)، چونکە کەموکوڕییەکانی تیۆری GBمان خستۆتەڕوو.

ج- لایەنی سینتاکسی تیۆریی و سینتاکسی پراکتیکیی، بەڵام زیاتر گرنگیمان بە لایەنی تیۆرییەکە داوە، چونکە بابەتی نامەکە زیاتر پەیوەندی بە لایەنی تیۆرییەوە هەیە.

## ئامانجی نامەکە:

خستنەڕووی قۆناغێکی نوێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیە، کە ئەویش مینیماڵ پرۆگرامە، کە هەوڵماندا هەموو لایەنەکانی بخەینەڕوو، هەروەها جێبەجێکردنی MP لە زمانی کوردیدا.

## گرنگیی نامەکە:

گرنگی نامەکە لەوەدایە، کە بابەتێکی نوێمان خستۆتەڕوو کە ئەویش مینیماڵ پرۆگرامە لە زمانی کوردیدا، هەروەها هەوڵیشمان داوە، کە هەموو لایەنەکانی بخەینە ڕوو. ناساندن و جێبەجێکردنی مینیماڵ پرۆگرام لە زمانی کوردیدا بابەتێکی زۆر گرنگە، چونکە لە ئێستادا MP لە بواری زانستی زمان بە گشتی و بواری سینتاکس بە تایبەتی لە ئەوروپادا زۆر گرنگی پێدەدرێت، هەربۆیە باسنەکردنی ئەم بابەتە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی زمانی کوردیدا کەلێنێکی گەورەی دروستکردبوو، چونکە شیکردنەوەی زمان بەپێی MP هەندێ لەو کێشە و کەموکوڕییانە چارەسەردەکات، کە لە زماندا هەیە، لەبەرئەوەی مینیماڵ پرۆگرام لە ئەنجامی ئەو کەموکوڕییانەوە سەریهەڵداوە، کە لە تیۆری GBدا هەبووە، هەربۆیە گرنگییەکی دیکەی نامەکە لەوەدایە، کە کەموکوڕییەکانی تیۆری GBمان خستۆتەڕوو، کە پێشتر هیچ لە کەموکوڕییەکانی تیۆری GB نەخراوەتەڕوو لە زمانی کوردیدا.

## کەرەستەی نامەکە:

لە نووسینی ئەم نامەیەدا کەرەستەی ئاخاوتن (قسەکردن)ی ئەمڕۆی زمانی کوردیی بەکارهاتووە لە کرمانجی ناوەڕاستدا.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

لەم نامەیەدا ڕێبازی وەسفیی شیکاریی پەیڕەوکراوە، چونکە کارکردن بە پێی بابەتێکی تازەی وەك مینیماڵ پرۆگرام لە زمانی کوردیدا پێویستی بە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی دەبێت.

## گرفتی نامەکە:

کارکردن بەپێی تیۆرێکی زمانیی تازە ئاڵۆز و قورسە، بە تایبەتی ئەگەر بابەتەکەش هیچ زانیارییەکی لەسەر نەبێت بە زمانی کوردیی، واتە کاری لەسەر نەکرابێت لە زمانی کوردیدا. هەروەها نەبوونی سەرچاوە و درەنگ دەستکەوتنی سەرچاوەکان گرفتێکی دیکەی نامەکەم بووە، ئەمە جگە لەوەی کە هەموو سەرچاوەکان بە زمانی

ئینگلیزیی بوون، وەرگێڕانی ئەم سەرچاوانەش بۆ زمانی کوردیی خۆی لە خۆیدا گرفتێکی دیکەی نامەکەم بووە.

## بەشەکانی نامەکە:

نامەکە لە پێشەکییەك و چواربەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم**: بە ناونیشانی قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیە. لەم بەشەدا بە شێوەیەکی گشتی قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەمان خستۆتەڕوو، کە بریتین لەمانە: دروستە سینتاکسییەکان، تیۆری ستاندارد، تیۆری ستانداردی فراوانکراو، بەسەرداچوونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو، تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە، مینیماڵ پرۆگرام.

**بەشی دووەم**: بە ناونیشانی کەموکوڕییەکانی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە و لێکدانەوەی بە پێی مینیماڵ پرۆگرام. لەم بەشەدا لە ئاستی دروستەی ڕووکەش، دروستەی قوڵ، تیۆری حوکمکردن، تیۆری دۆخ، تیۆری بەستنەوە، تیۆری ثیتا، تیۆری X-بار، تیۆری کۆنترۆڵ دواوین. هەروەها کەموکوڕییەکانیان بە پێی مینیماڵ پرۆگرام چارەسەریان بۆ کراوە، چونکە بە لابردنی هەندێ تیۆر و ڕێسا و زاراوە لە GBدا بە تیۆر و ڕێسا و زاراوەی نوێتر شوێنیگیراوەتەوە، کە لە MPدا خراوەتەڕوو.

**بەشی سێیەم**: بە ناونیشانی لایەنە تیۆرییەکانی مینیماڵ پرۆگرام. لەم بەشەدا بە شێوەیەکی گشتی لایەنە تیۆرییەکانی MP خراوەتەڕوو، کە سەرەتا نەخشەی MPمان بە وردی خستۆتەڕوو، دواتر لایەنە تیۆرییەکانی وەك سیستێمی کۆمپیوتەریی/ژمێرکاریی، فەرهەنگ، ژماردن ئاماژەمانپێداوە، پاشان ئەو چالاکییانەی کە لە سیستێمە کۆمپیوتەرییەکەدا هەیە، وەك هەڵبژاردن، لێکدان، جوڵە، کۆپی خستۆتەڕوو، هەروەها تیۆری پشکنین و ڕێساکانی ئابوریی، کە دوو بابەتی گرنگیی MPن لە دوو پاری جیادا ئاماژەمانپێداون.

**بەشی چوارەم**: بە ناونیشانی دروستەی فرێز لە GBیەوە بۆ MP. لەم بەشەدا سەرەتا دروستەی ڕستەمان بەپێی تیۆری X-باری GB خستۆتەڕوو، هەروەها هەموو ئەو گۆڕانکارییانەمان نیشانداوە، کە بەسەریدا هاتووە، دواتر دروستەی فرێز و ڕستەمان بەپێی تیۆری دروستەی بار فرێزی MP شیکردۆتەوە.

## ١ قۆناغەكانی بەرەوپێشچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە:

سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ( Transformation Generative Grammar) دوای بلاَوبوونەوەی كتێبی (دروستە سینتاكسییەكان)ی چومسكی بوو لە ساڵی (١٩٥٧)دا، ئەمەش بە سەرەتایەكی گرنگ دادەنرێت لە لێكۆڵینەوەی زمانەوانیدا. ئەم ڕێزمانە جیاوازییەكی زۆری هەبوو لەگەڵ قوتابخانەكانی تری زمانەوانیدا، چونكە وەرچەرخانێكی گەورەی دروستكرد لە ڕەوشی بەرەوپێشچوونی لێكۆڵینەوەی زماندا، لەبەرئەوەی هەموو قوتابخانەكانی پێش خۆی ڕامالَی و زمانەوانەكان بەپێی ئەم ڕێزمانە لە زمانیان دەكۆڵییەوە. دامەزرێنەری ئەم ڕێزمانەش لە لایەن چۆمسكییەوە بوو (وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٩: ٧٥؛ دیار علی، ٢٠٠٢: ١٢).

پێش سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ڕێبازێكی تر لە ئەوروپادا هەبوو بەناوی ڕێبازی دروستەكار/ ڕۆنانكارەكان. ئەم ڕێبازە بۆ ماوەیەكی زۆر لە زۆربەی لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكاندا جێبەجێدەكرا، لەم ڕێبازەدا زمانەوانەكان لە لێكۆڵینەوەكانیاندا گرنگییان بە لایەنە هەستپێكراوەكانی زمان دەدا، واتە فۆرم[١]. وەسفی حاڵەتی ئێستای زمانی (قسەكردن/ ئاخاوتن)یان دەكرد، بە بۆچوونی ئەوان فۆنۆلۆجیی و مۆرفۆلۆجیی دوو بابەتی بەرجەستەن، بۆیە جێگەی گرنگیپێدانیان بوو، بەلاَم واتایان پشتگوێخستبوو، هەروەها هیچ گرنگیان بە زانیاریی زمان و زانیاریی قسەكەریش نەئەدا (حاتەم ولیا، ٢٠٠٦: ٧؛ سەلام ناوخۆش ،٢٠٠٨: ٤٦-٤٧)

هەروەها یەكێكی تر لە كەموكوڕییەكانی دروستەكارەكان ئەوە بوو، كە لە لێكۆڵینەوەكانیاندا لە تاكەوە دەچوون بۆ گشت، كە بەمەش دەوترێت (induktiv). ئەمەش یەكێك بوو لە كەموكوڕییەكانی دروستەكارەكان، چونكە لە لێكۆڵینەوەكانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا لە گشتەوە دەچوون بۆ تاك ئەمەش بە ڕێبازی (deduktiv) ناسراوە (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١: ١١-١٢).

ئەو كەموكوڕییانەی لە ڕێبازی دروستەكارەكاندا هەبوو، بووە هۆی ئەوەی لە لایەن زمانەوانەكانەوە چەندین ڕەخنەیان ئاڕاستە بكرێت و لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی، كە قوتابخانەیەكی تری زمانەوانیی بەناوی (ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە) سەرهەڵبدات، دوای ئەوەی كە چومسكی كتێبە بەناوبانگەكەی خۆی بەناوی (دروستە سینتاكسییەكان) بلاَوكردەوە. سەرهەڵدانی ئەم ڕێزمانە و دەركردنی ئەم كتێبەش

لەلایەن چومسکییەوە لە ئەنجامی ئەوەوە بوو، کە چومسکی سەرەتا خۆی یەکێك بوو، لەو زمانەوانانەی، کە سەر بەم قوتابخانەیە بوو، واتە نووسینەکانی بەپێی ئەم ڕێبازە بڵاودەکردەوە، ئەمەش بووە هۆی شارەزابوونی لە کەموکوڕییەکانی (حاتەم ولیا، ٢٠٠٦: ٧ و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون).

دروستە سینتاکسییەکانی چومسکی هێرشێکی گەورە بوو بۆ سەر پەیڕەوکەرانی ڕێبازی دروستەکارەکان، چونکە بە بۆچوونی چومسکی ڕێبازەکەی ئەوان ئەو توانایەی تیا نەبوو، کە هەموو پەیوەندییە ناوەکییەکانی ناو ڕستە لێکبداتەوە و ئەو بۆچوونەی دروستکارەکانیشی ڕەتکردەوە، کە ڕێزمان وەك مەکینەیەك سەیربکرێت، کە دروستەی واتادار بەرهەمبهێنێت، بەڵکو ڕێزمانی وەك تیۆری زمان وەسفکرد، کە ڕوونکردنەوەی وردمان دەداتێ سەبارەت بە زمانەکان (Barwari, 2004: 5). ئەم ڕێزمانە لەوەش دەکۆڵێتەوە، کە لەڕێی ژمارەیەك یاساوە دەتوانرێت ژمارەیەکی بێ سنور لە ڕستە بەرهەمبهێنرێت، هەروەها ئەو توانایەیشی تیایە، پێشبینی ئەوە بکات، کە کام ڕستانە ڕێزمان دروستن و کام ڕستانەش ڕێزمان دروستنین (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١، ١٢-١٣)، لە تیۆریەکەی چومسکیدا ئەو یاسایانەی، کە ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمدەهێنن، ڕستەی ناڕێزمانیی بەرهەمناهێنن (سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٨: ٦٩).

ڕێزمانی بەرهەممهێنان و گواستنەوە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە (١٩٥٧) هەتا ئەمڕۆ چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانانەش لە ئەنجامی بەسەرداچوونەوەی بوو بەسەر تیۆرەکاندا بەپێی قۆناغەکان، چونکە لە هەر قۆناغێکدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە چوارچێوەی تیۆرێکی سەربەخۆدا خراوەتەڕوو، قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی ڕێزمانی بەرهەممهێنان و گواستنەوە ئەمانەی خوارەوەن:

١- دروستە سینتاکسییەکان

٢- تیۆری ستاندارد

٣- تیۆری ستانداردی فراوانکراو

٤- بەسەرداچوونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو

٥- تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە یان تیۆری ڕێساکان و پارامێتەرەکان

٦- مینیماڵ پرۆگرام

## ١-١/ دروستە سینتاکسییەکان (Syntactic Structure)

ئــەم قۆناغــە لــە دوای بڵاوبوونــەوەی کتێبــی دروســتە سینتاکســییەکان لەلایــەن چومســکییەوە لــە ســاڵی (١٩٥٧)دا ســەریهەڵدا، ئەمــەش بــە ســەرەتای ســەرهەڵدانی ڕێزمــانی بەرهــەمهێنان و گواســتنەوە دادەنرێــت. ئــەم تیــۆرە ســێ ئاســتی تیــادابوو (Chomsky, 1957: 114).

أ- یاساکانی دروستەی فرێز (phrase structure rules)[٢]

ب- یاساکانی گواستنەوە (transformational structure)

پ- یاساکانی مۆرفۆفۆنیمیی (morphophonemics rules)

چومسکی لەم تیۆرەدا هیچ گرنگیەکی بە لایەنی واتای زمان نەداوە، چونکە پێی وابــووە، کــە چــەمکی ڕێزمــانێتی ڕســتەیەك ناتوانرێــت بــەهۆی پێــوەری واتاییــەوە دیاریبکرێت -پێوەری واتایی ناتوانێت چەمکی ڕێزمانێتی ڕستەیەك دیاریبکات- .

چومسکی لە بری گرنگیدان بە لایەنی واتا زیاتر جەختی لەسەر سیستێمی ڕێزمان کــردووە، هەربۆیــە لــە جیاکردنــەوەی دروســتە ڕێزمانییــەکان لــە ناڕێزمانییــەکان تــەنها سیستێمی ڕێزمانی زمانی قسەکەرانی کردووە بە پێوانـە لـە جیاکردنەوەیانـدا، چونکە قسەکەر بەهۆی ئەو شارەزاییەی، کە هەیەتی سەبارەت بە زمانەکەی، دەتوانێت کۆمەڵـە ڕستەیەکی نوێی بێ سنور بەرهــەمبهێنێت و تێیانبگات (حاتـەم، ٢٠٠٦: ٨-٩ و ئـەو سەرچاوانەی لەوێ دراون).

خاڵی لێکچوونی ئەم تیۆرە لەگەڵ تیۆری دروستەکارەکان لەوەدا بوو، کە هـەر دوو لا واتایــان پشتگوێخســتبوو، ئەمــەش لــە ئــەنجامی ئــەوەوە دێــت، کــە چومســکی لــە ســەرەتای ڕێزمــانی بەرهــەمهێنان و گواســتنەوەدا کاریگــەریی بۆچــوونەکانی ڕێبــازی دروســتەکارەکانی لەســەر بــوو، بــەلاَم لەگــەڵ ئەوەشــدا چومســکی زۆر ڕەخنــە لــە دروســتەکارەکان دەگرێــت، چــونکە ئــەوان زۆر گرنگییــان بــە قســەوەرگرتنی قســەکەران دەدا ئەمەش خاڵی لاوازی دروستەکارەکان بوو، چونکە چومسکی باوەڕی وابوو، کە ڕســتەی ڕێزمــانیی بــەهۆی ئاخــاوتنی قســەکەران دیارینــاکرێ، هــەروەها چومســکی بانگەشەی ئەوەشی دەکرد، کە ڕستەسازی دەبێت، سەربەخۆبێت لە واتاسازی (سـەلام نـاوخۆش،٢٠٠٨: ٧٢). ئـەم تیـۆرە لـە سـەر ئـەو بناغەیـە بنیـاتنراوە، کـە لـە هـەموو زمانێکدا ژمارەیـەکی بێ سنور لـە ڕستە هەیـە، کـە لـە ژمارەیـەك ئەلـەمێنتی سنوردار پێکهاتووە، بەپێی ژمارەیەکی سنوردار لە یاسا بەرهەمهاتوون.

مۆدیلی دروستە سینتاکسییەکان لەم نەخشەیەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو (ڤیان سلیمان حاجی، ٢٠٠٩: ١٥-١٦ و ئەو سەرچاوانەی لەویٚ دراون).




**وێنەی (١)**

لە ئاستی یاساکانی دروستەی فرێزدا چومسکی پشتی بە بیردۆزی بیرکاری بەستووە وەك دانانی کەوانی بیرکاری و هێما، لەڕێی یاساکانی دروستەی فرێزەوە دروستەی قوڵی ڕستە پێکدێت، کە دەشێت بەهۆی یاساکانی گواستنەوە چەندین ڕستەی تری لیٚ بەرهەمبهێنرێت وەك ڕستەی بکەر نادیار، پرسیار، ........ لە کۆتایشدا بەهۆی یاسای مۆرفۆفۆنیمییەوە ڕستەکان گۆدەکرێن.

### ١-٢/ **تیۆری ستاندارد** (Standard Theory):

تیۆری ستاندارد لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە چومسکی کتێبی دووەمی بە ناونیشانی (هەندیٚ لایەنی تیۆری سینتاکس) لە ساڵی (١٩٦٥) بڵاوکردەوە. سەرهەڵدانی ئەم تیۆرەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە دروستە سینتاکسییەکانی چومسکی پێویستی بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری هەبوو، کە تیایدا بکرێت، ئەو گۆڕانکارییانەش لەم تیۆرەدا خرایەڕوو (حاتەم ولیا، ٢٠٠٦: ١٠؛ Barwari, 2004:8)

ئەو مۆدیلەی لەم تیۆرەدا خرایەڕوو بە مۆدێلێکی تەواو دادەنرێت، چونکە هەموو پێکهاتەکانی زمانی گرتەخۆی وەك: دروستەی قوڵ، دروستەی ڕووکەش، فۆرمی لۆجیکیی، فۆرمی فۆنەتیکیی، توانست (Competence)، توانا (performance) لەگەڵ فەرهەنگ.

لە فەرهەنگدا زانیاری دەربارەی گۆکردن (pronunciation)، دەروازەی فەرهەنگیی (lexical entries)، کاتیگۆرییە ڕێزمانییەکان، لقە کاتیگۆرییەکان (sub categorization)، لەگەڵ واتادا هەن. هەروەها جگە لەمانە: یاساکانی وشە داڕشتن (word formation rules)، یاساکانی لیستکردنی فەرهەنگیی (lexical insertion rules) لەگەڵ لقە کاتیگۆرییانەی توند (strict sub categorization frame)، کە ژمارە و جۆری تەواوکەری کردار دیاریدەکات، هەن.

مۆدیل تیۆری ستاندارد لەم نەخشەیەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو (Razmjoo, 2004: 24-25)




وێنەی (٢)

لە تیۆری ستانداردا بنکە (base) یاساکانی دروستەی فرێزی تیادایە بۆ پێکهێنانی دروستەی قوڵ، هەروەها لەگەڵ فەرهەنگ، کە وشەکان لە فەرهەنگەوە

دەردەهێنرێت، بەپێی یاساکانی دروستەی فرێز، دروستەکان بەرهەمدەهێنرێت (Aitchison, 1999:190).

ئەم تیۆرە لە ئەنجامی ئەوەوە سەریهەڵدا، تیۆری دروستە سینتاکسییەکان پێویستی بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری هەبوو، کە تیایدا بکرێت، ئەو گۆڕانکارییانەش لەگەڵ تێڕوانینەکانی (١٩٦٥)ی چومسکی (هەندێ لایەنی تیۆری سینتاکس) یەکبگرێت. لەم تیۆرەدا چومسکی توانست (زانیاری قسەکەر/ گوێگر دەربارەی زمانەکەی)ی لە توانا (بەکارهێنانی زمان لە حاڵەتی بەرجەستە/ کۆنکرێت (Concrete situations))دا جیاکردەوە. زانیاری زمان توانای قسەکەری دایك دەگرێتەوە لە دروستکردن و لێکدانەوەی وشە و فرێز و ڕستەکان، هەروەها چومسکی لە تیۆری ستانداردا مشتومڕی ئەوە دەکات (argued that)، کە تیۆری زمانەوانی پێویستە هەموو پەیوەندییە زمانەوانییەکانی نێوان سیستێمی دەنگ و سیستێمی واتای زمان ڕوونبکاتەوە، بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش پێویستە ڕێزمان ئەم سێ بەشەی تیابێت (Barwari,2004: 8-9 و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون): پێکهاتەی سینتاکسیی، پێکهاتەی سیمانتیکیی، پێکهاتەی فۆنۆلۆجیی.

پێکهاتەی سینتاکسیی ژمارەیەکی بێ سنور لە ڕستە بەرهەمدەهێنێت و پەسنیدەکات. پێکهاتەی فۆنۆلۆجیی دروستەی دەنگی لە ڕستەدا پەسندەکات. پێکهاتەی سیمانتیکیی دروستەی واتایی لە ڕستەدا پەسندەکات. لەم تیۆرەدا پێکهاتەی سیمانتیکیی تەنها بە دروستەی قوڵەوە بەستراوە.[٤]

هەروەك لە وێنەی (٢) دا دەردەکەوێت، پێکهاتەی سینتاکسیی لە دوو بەش پێکدێت:

أ. یاساکانی بنکە، یاساکانی دروستەی فرێزی تیادایە+یاسا فەرهەنگییەکان.

ب. یاساکانی گواستنەوە

دروستەی قوڵ و ڕووکەشیش بەهۆی یاساکانی گواستنەوە بە یەکەوە دەبەسترێنەوە.

## ١-٣/ تیۆری ستانداردی فراوانکراو (Extended Standard Theory)

کورتکراوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو (EST)یە ئەم مۆدیلەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لە ناوەڕاستی سالأنی ١٩٧٠ کاندا بلأوبۆیەوە. سەرهەڵدانی ئەم تیۆریەش لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەوە بوو، کە لە تیۆری ستاندارد دەگیرا، هەربۆیە لەم تیۆرەدا هەوڵدرا کەموکوڕییەکانی تیۆری پێشتر چارەسەربکات.

یەکێك لە جیاوازییەکانی ئەم تیۆرە لەگەڵ تیۆری پێشتر لەوەدایە کە، دروستە سینتاکسییەکان لێکدانەوەی واتایی لەخۆدەگرن، واتە لەسەر ئەو بناغەیە بنیاتنراوە، کە هەر دوو دروستەی قوڵ و ڕووکەش واتای ڕستە دیاریدەکەن (Razmjoo, 2004: 26; Trask, 1993: 130) (حاتەم، ٢٠٠٦: ١١).




وێنەی (٣)

ئەو بەڵگەیەی، کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، کە هەر دوو دروستەی قوڵ و ڕووکەش واتای ڕستە دیاریدەکەن، ئاواز (intonation)ە، کە پەیوەندی بە دروستەی ڕووکەشەوە هەیە و بڕیار لەسەر دیاریکردنی واتا دەدات.

هەروەها لە تیۆری ستانداردا بەربەست لە سەر یاساکانی گواستنەوە دادەنرا، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، هەربۆیە ئەگەر ڕستەیەك زیاتر لە واتایەکی هەبوو

ئـەوە مانـای ئەوەیـە، زیـاتر لـە یـەك دروسـتـەی قـوڵی هەیـە، واتـە گـۆڕینی واتایـان نەبەستۆتەوە بە یاساکانی گواستنەوە، بەڵکو بە دروستەی قوڵەوە، بۆ نمونە:

(١) أ. من بۆ بازاڕ چووم.

ب. من چووم بۆ بازاڕ.

(٢) أ. من کتێبەکەی تۆم برد.

ب. کتێبەکەی تۆ، من ......... بردم.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا گواستنەوەکان نەبوونەتە هۆی گۆڕینی واتا.

لەبەرئەوەی چومسکی سەرەتا سەر بە دروستەکارەکان بوو، هەربۆیە بەردەوامبوو لـە سـەر ئـەو بـاوەڕە بـەهێزەی، کـە سـینتاکس پێویسـتە سـەربەخۆ لـە سـیمانتیك لێـی بکۆڵرێتەوە. ئەمە وایکرد، کە بۆچوونی چومسکی بۆ زمان بەو شێوەیە بێت، کـە تـەنها لە لایەن دروستەی سینتاکسییەوە دیاریدەکرێت، نەك لە لایەن بەکارهێنانی دروستەوە لە پەیوەندیکردن (communication)دا، هەروەها دروستەی سینتاکسیش لـە لایـەن تایبەتمەندییە زگماکییەکانی مێشکی مرۆڤەوە دیاریدەکرێت.

ڕێسـای سـەربەخۆی سـینتاکس بـوو بـە سەرچـاوەی مشـتومڕێکی قـوڵ لـە نێـوان زمانەوانەکاندا بە تایبـەتی ئەوانـەی، کـە لـە نـاو ڕێزمـانی بەرهـەمهێنان و گواستنـەوەدا کاریانـدەکرد. لـەدوای ١٩٧٠ کۆمـەڵێکی تـر لـە زمانەوانـەکان وەك ( Mc Cawley & Lakeoff) لە چوارچێوەیەکی تردا شاکارێکی نوێیان گەشەپێسـەند لـەناو لێکۆڵینـەوە زمانەوانییەکاندا، کە بە سیمانتیکی بەرهەمهێنان (generative semantics) ناسـرا، لایـەنگرانی سـیمانتیکی بەرهـەمهێنان بڕوایـان وابـوو، کـە پێکهاتـەی بەرهـەمهێنان لـە تیـۆری زمانەوانیـدا پێویسـتە سـیمانتیك بێـت نـەك سـینتاکس، چـونکە ڕێزمـان لـە پەسـنکردنی واتـای ڕسـتەوە دەسـتپێدەکات، دواتـر دروسـتەی سینتاکسـی بەرهەمدەهێنێت.

مۆدیلی سیمانتیکی بەرهەمهێنان لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:

**نواندنی سیمانتیکیی**

↓

**یاساکانی گواستنەوە + فەرهەنگ**

↓

**دروستەی ڕووکەش**

↓

**یاساکانی فۆنۆلۆجیی**

↓

**نواندنی فۆنەتیکیی**

**وێنەی (٤)**

لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا یاساکانی بنکە دروستەی قوڵ بەرهەمدەهێنێت، کە ئایتمە لێکسیکییەکانی تیادا لیستدەکرێت (inserted)، پەیوەندی ثیماتیکی نێوان کردار و فرێزە ناوییەکان لەم ئاستەدا دیاریدەکرێت.[٥] تایبەتمەندییە سیمانتیکییەکانی تر لە دروستەی ڕووکەشدا دیاریدەکرێت، هەروەك لە وێنەی (٣) دا دەردەکەوێت، بنکە یاساکانی دروستەی فرێزی تیادایە لەگەڵ فەرهەنگ، کە تیایدا وشەکان یەکدەگرن، دواتر گواستنەوەکان دروستدەکەن. بنکە دروستەی قوڵ بەهەمدەهێنێت، یاساکانی گواستنەوەش دروستەی قوڵ بە دروستەی ڕووکەشەوە دەبەستێتەوە، پێکهاتەی فۆنۆلۆجیش بە دروستەی ڕووکەشەوە بەستراوە، دواتر بەرەو نواندنی فۆنەتیکیی دەڕوات (Barwari, 2004: 12-13).

بە بەراوردکردنی تیۆری ستاندارد لەگەڵ تیۆری ستانداردی فراوانکراودا ڕۆڵی دروستەی قوڵ لە دیاریکردنی واتادا کەمکرایەوە، چونکە گرنگی بە دروستەی ڕووکەش زیاتر درا، لەبەرئەوەی دیاریکردنی هەندێك لە واتا لە لایەن دروستەی ڕووکەشەوە دیاریدەکرا، بۆ نمونە:

(٣) أ. ئەوان هاتن.

ب. ئەوان هاتن؟

هەردوو نمونەی (٣ أ ب) واتاکانیان جیاوازە، ئەم جیاوازییەش بە هۆی ئاوازی ڕستەکەوەیە، ئەمەش بە دروستەی ڕووکەشەوە بەستراوە، نەك دروستەی قوڵ.

لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا ئەوەش سەلمێنراوە، کە هەندێ جار گواستنەوەکان واتا دەگۆڕن، بۆ نمونە لەو ڕستانەی، کە وشەی ڕادەیان تیادایە، کاتێ یاساکانی گواستنەوە، کە قرتاندنیش بەشێکە لە یاساکانی گواستنەوە، بە سەریدا جێبەجێدەکرێت،[٦] هەندێ جار واتاکانیان دەگۆڕێت (Aitchson, 1999: 198؛ حاتەم، ٢٠٠٦: ١١-١٢)، بۆ نمونە:

(٤) أ. هەندێك لە ژنەکان دەوڵەمەندن و هەندێك ژنی تریش بەناوبانگن.
ب. هەندێك لە ژنەکان دەوڵەمەند و بەناوبانگن.

(٤ب) هەمان واتای (٤أ)ی نییە، چونکە (٤ب) جۆرێك لە لێڵی تیایە، دوو واتا دەبەخشێت:

(٥) أ. هەندێك لە ژنەکان یان دەوڵەمەندن یان بەناوبانگن.
ب. هەندێك لە ژنەکان دەوڵەمەندن و بەناوبانگیشن.

## ١-٤/ بەسەرداچوونەوەی تیۆری ستانداری فراوانکراو

## (Revised Extended Standard Theory) / REST:

ئەم تیۆرە لە ناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکان لە لایەن چومسکییەوە خرایەڕوو، لەم تیۆرەدا چومسکی بەسەر تیۆری ستانداری فراوانکراودا چۆتەوە، ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان دروستەی قوڵ و پێکهاتەی سیمانتیکدا هەبوو، هەڵیوەشاندەوە، هەر وەك لە وێنەی (٥)دا دەردەکەوێت:




وێنەی (٥)

لەم تیۆرەدا لە جیاتی دروستەی قوڵ، دروستەی ڕووکەش واتای ڕستەی دیاریدەکرد، واتە هەموو زانیارییە سیمانتیکییەکان لە لایەن دروستەی ڕووکەشەوە دیاریدەکرا (Aitchson, 1999: 202; Razmjoo, 2004: 26-27).

هەروەها لەم تیۆرەدا، تیۆری شوێنپێ (Trace theory) لە لایەن یاساکانی گواستنەوەوە ئاماژەپێپێدراوە و ژمارەی یاساکانی گواستنەوەش کەمکرانەوە تا لە ئەنجامدا تەنیا یەك یاسای سەرەکیی مایەوە (Barwari, 2004: 14).

### ١-٥/ تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە (Government and Binding Theory):

شێوازێکی تازە (New-look)ی ڕێزمان بوو، لە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن چومسکییەوە خرایەڕوو، سەرەتا لە چەند زنجیرەیەکی وانە پێکهاتبوو، دواتر لە ساڵی (١٩٨١)دا لە ژێر ناونیشانی وانەکانی حوکمکردن و بەستنەوە ( Lectures on government and binding) لە چاپدرا، کە بە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە یان GB ناسرا. هەروەها جگە لەو دوو کتێبە چومسکی بۆچوونەکانی خۆی لە دوو کتێبی تر لە ساڵی ١٩٨٦a، ١٩٨٦bدا بڵاوکردەوە.

جیاوازی ئەم تیۆرە لەگەڵ تیۆری بەسەرداچوونەوەی ستانداردی فراوانکراودا ئەوە بوو، کە لەم تیۆرەدا دوو لایەن لە ڕێزمان، کە پێشتر فەرامۆشکرابوون، تیشکی خرایەسەر (Aitchison, 1999: 212)، کە ئەوانیش:

أ- حوکمکردن (government).[٧]

ب- بەستنەوە (binding)

حوکمکردن ئەو بیرۆکەیە دەگرێتەوە، کە وەچەپێکهاتەیەك دەسەڵاتی هەیە بەسەر وەچەپێکهاتەکانی تردا. هەر لەناو بیرۆکەیەکی حوکمکردندا بیرۆکەیەکی تریش سەریهەڵدا، کە بە وەچەپێکهاتەی ئاڕاستەکردن (C-Command) ناسراوە.[٨]

بیرۆکەی بەستنەوەش لە بەستنەوەی ئایتمەکان لەگەڵ یەکتردا دەکۆڵێتەوە.

پێش ئەوەی مۆدێل و وەچەتیۆرییەکانی حوکمکردن و بەستنەوە بخەینەڕوو، پێویستە لێرەدا ئاماژەبدەین بەوەی، کە چومسکی لە ساڵی ١٩٩١دا وای پێ باشبوو، لە جیاتی تیۆری GB تیۆری ڕێساکان و پارامێتەرەکان (p&p) بەکاربێت، چونکە ئەمەی دووەمیان تیۆرێکی ڕێزمانی جیهانییە، هەموو تیۆرەکانی GB دەگرێتەخۆی، بە پێی ڕێساکان و پارامێتەرەکان هەموو زمانێك یەك ڕێزمانی جیهانیی هەیە، کە لەسەر چەند ڕێسایەك بنیاتنراوە. لەناو ئەم ڕێسایانەدا چەندین پارامێتەری جیاواز هەن، لە ئەنجامی کارلێکی نێوانیان سیماکانی زمانێکی تایبەت دیاریدەکرێن (Barwari, 2004: 15) و (ڤیان سلیمان، ٢٠٠٩: ٣٢). بۆ نمونە لە هەموو زمانێکدا فرێز دەبێت سەرێکی هەبێت لەگەڵ تەواوکەرێك ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕێسایەکە، بەڵام چۆنێتی ڕیزبوونی سەر لە دروستەی فرێز پارامێتەرەکەیە. ئەم پارامێتەرانەش لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت، یان سەر سەرەتا وەك لە زمانی ئینگلیزیدا، کە لە دروستەی فرێزی کردار، ئاوەڵناو، پریپۆزیشن، ناودا سەر پێش تەواوکەر دەکەوێت، بەڵام لە هەندێك زمانی وەك زمانی تورکیی، یابانیی، ..... لە دروستەی فرێزیاندا سەر دەکەوێتە کۆتایی، واتە لە ڕێزمانی هەر زمانێکدا یەکێك لەم دوو پارامێتەرە هەڵدەبژێردرێت (Fromkin et al, 2000: 178).

تیۆری GB وایدادەنێت، کە بەشێکی گەورەی ڕێزمان لە هەموو زمانێکدا هاوبەشە، کە ئەمەش دەبێتە بەشێك لە ڕێزمانی جیهانیی، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین، ڕێزمانی جیهانیی ئەو هاوبەشییەیە، کە لە نێوان زمانەکانی جیهاندا هەیە، جیاوازی زمانەکانیش لە لایەن پارامێتەرەکانەوە نیشاندەدرێت.

لـە تیـۆری GBدا ڕێزمـانی جیهـانیی بـۆ دوو پێکهاتـەی سـەرەکی دابەشـدەبێت:
ئاستەکانی نواندن لەگەڵ سیستێمی سنوردارکردن (System of constraint).

بەپێی تیۆری GB مۆدێلی هەر داڕێژراوێك لە چوار ئاستی نواندن پێکدێت. هـەر وەك لە وێنەی (٥)دا خراوەتەڕوو، سەرەتا لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، کە بریتیـە لـە لیسـتکردنی تایبەتمەندییـە ناوازەییـەکانی ئایتمـە فەرهەنگییـەکان، کـە یەکـەی سینتاکسـیی دروسـتدەکەن.[٩] لـە ئـەنجامی یـەکگرتنی ئایتمـە لێکسـیکییەکان بـەپێی یاساکانی تیۆری X-بار، دروستەی قوڵ بە بەرهەمدێت، تیـۆری X-بار بە یـەکێك لـە وەچە تیۆر یاخود مۆدیولێکی تیۆری GB دادەنرێت.

لــە دروســـتەی قوڵـــەوە لـــە ئـەنـجـامـــی α بجولێنــە دروســـتەی ڕووکـــەش بەرهەمـدێت.[١٠] α بجولێنـە لـە تیـۆری GBدا ڕێدانـە بـە جـولانی هـەر شـتێك بـۆ هـەر شـوێنێك، لـە کاتێکـدا سیسـتێمی سـنوردارکردن بەرپرسـیارە لـە سـنوردانان لەسـەر جولانەکان.

دروستەی ڕووکەشیش ئاستێکی ئەبستراکتە، ڕاستەوخۆ ڕاڤەناکرێت، بەڵکو بـۆ فۆرمی لۆجیکیی و فۆنەتیکیی دابەشدەبێت:

- فۆرمی فۆنەتیکیی سنوری هاوبەش (interface)ی لەگەڵ فۆنەتیکدا هەیە لە شـێوەی دەنـگ، ئایتمـەکان ڕاسـتەوخۆ دەنوێنرێن، واتـە دروسـتەکە ڕاڤـەکردنی فۆنەتیکیی وەردەگرێت.
- فـۆرمی لـۆجیکیی سـنوری هاوبەشـی لەگـەڵ واتـادا هەیـە، واتـە دروسـتەکە لـەم ئاسـتەدا ڕاڤـەکردنی سـیمانتیکیی وەردەگرێـت.[١١] لـە فـۆرمی لۆجیـك (LF)دا پەیوەنـدی کردارەبەنـدیی (predication) لەگــەڵ مــەودای ڕادە و ئۆپــەراتۆرە جۆراوجۆرەکان[١٢] دەنوێنرێن لە LFدا (Chomsky, 1986: 17-18; Black, 1992: 2; Van Valin, 2004: 193).

مۆدیلی تیۆری (GB) لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:




**وێنەی (٦)**

تیۆری GB لە چەند وەچە تیۆرێکی جۆراوجۆر پێکدێت، کە تێکەڵدەبن بۆ ئەوەی ڕێ بە بەرهەمهێنانی دروستەی ڕێزمانیی بدرێت، بەهۆی کارلێکردنی وەچە تیۆرەکان لەگەڵ یەکتردا تیۆری GB وەك تیۆرێکی مۆدیولەر (Modular) وەسفدەکرێت (Crystal, 2003: 206).

تیۆرەکانی GB بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- تیۆری حوکمکردن (government theory)

٢- تیۆری بەستنەوە (binding theory)

٣- تیۆری دۆخ (case theory)

٤- تیۆری ثیتا (theta theory)

٥- تیۆری x-بار (x-bar theory)

٦- تیۆری کۆنترۆڵ (control theory)

٧- تیۆری بەندێتی (bounding theory).[١٣]

## ١-٦/ مینیماڵ پرۆگرام (Minimalist program)

قۆنـاغێکی تـری ڕێزمـانی بەرهـەمهێنان و گواسـتنەوەیە، لـە سـەرەتای سـاڵانی (١٩٩٠)ەکـان بـە تایبـەتی لـە سـاڵانی ١٩٩٢، ١٩٩٣، ١٩٩٥دا لـە لایـەن چومسـکییەوە بانگەشـەی بـۆ کـراوە. چومسـکی لـە MPدا هەوڵیـداوە بـۆ کەمکردنـەوەی سـنوری جیـاوازی نێـوان زمانـەکانی جیهـان، بـە واتایـەکی تـر گونجانـدنی زمانـەکان لەگـەڵ ڕێسـاکانی ڕێزمـانی جیهـانیی (UG) ئەمـەش لـە ڕێگـەی کەمکردنـەوەی ژمـارەی پارامێتەرەکان و زیادکردنی ژمارەی ڕێساکان، بەمەش زۆربەی تایبەتمەندی زمانـەکان لـەکاردەخات و ڕووەو گشـتگیریکردنی ڕێسـا ڕێزمانییـەکان دەچێت، یـەکێك لـە ڕێسـا گرنگـەکانی ئـەم تیـۆرە ڕێسـای ئابوریکردنـە. هـەروەها چومسکی لـە MPدا بـەجۆرێك دەڕوانێتە زمان، کە سیسـتێم/پێڕەوێکی تـەواو (پڕاوپڕ)ـە، لـەو لایەنـەی کـەوا ڕێزمـانی زمان لەگەڵ پێکهاتەکانی مێشکدا پێکهاتەیەکی هاوبەش دروستدەکات، واتە تێکەڵ بە سیستێمی ئاخاوتن و بیرکردنەوە دەبێت (سەباح ڕەشید، ٢٠١٠: ١٠٠، ١٠٢).

مینیماڵ پرۆگرام (MP) هەر وەك لە ناونیشانەکەیەوە دیـارە، ئـەوە دەردەکـەوێت، کـە پرۆگرامێکـە هـەتا ئـەوەی، کـە تیۆرییـەکی تـەواوبێت، واتـە MP وەك سیسـتێمێکی سـەرەتایی یـان پێنەگەیشـتوو وایـە، بـەڵام لێـرەدا پرسـیارێك دروسـتدەبێت، ئـەوەیش ئەوەیـە، ئایـا MP هـەر بـە پرۆگرامـی دەمێنێتـەوە، یـان دەبێـت بـە تیـۆرێکی تـەواو و کامڵ؟

وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەبێـت لـە لێکۆڵینـەوەکانی داهـاتووی چومسـکی و چـەند زمانەوانێکی تر، کە لە MPدا کاردەکەن، دەربکەوێت.

سەرهەڵدانی مینیماڵ پرۆگرام (MP) لە ئەنجامی ئەو کەموکوڕییانـەوە بـوو، کـە لـە تیـۆری GBدا هـەبوو.[١٤] هـەروەها ئـەو هـەموو ئاسـت و مۆدیولانـەی، کـە تیۆرەکـەی لێ پێکهاتبوو، تیۆری GBی زۆر ئاڵۆزکردبوو.

مینیماڵ پرۆگرام لەگەڵ ئەوەی لە ساڵانی (٩٠)ەکانـدا بڵاوبۆیـەوە، بـەڵام لـە کۆتـایی (٨٠)کانـــەوە بیرۆکـــەکانی مینیمـــاڵیزم (Minimalism) لـــە لای چومســـکییەوە سـەریهەڵداوە، بـۆ نمونـە وەك بیرۆکـەی ڕاڤـەکردنی تـەواو (Full Interpretation)، ئابوریی لە داڕشتن و نواندندا، ڕێساکانی ئابوریی لەگەڵ مەرجی کەمترین وزە (Least Effort).

ڕێسای ڕاڤەکردنی تەواو لە ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن چومسکییەوە ئاماژەپێدراوە. بەپێی ئەم ڕێسایە **نابێت هیچ ئەلەمێنتێکی زیادە لە دروستەی ڕستەدا هەبێت**. هەروەها ڕێسای ئابوریش بە مەرجێکی زۆر گشتی دادەنێت بۆ نواندنەکان و داڕێژراوەکان، کە هەتا دەکرێت ئابوورییانە بێت، واتە نواندنی دروستە سینتاکسییەکان لە ئەلەمێنتە پێویستییەکان زیاتر نەگرێتەخۆی.[١٥]

مەبەستی گشتی چومسکی لە مینیماڵ پرۆگرام بریتییە لە دروستکردنی تیۆرێکی ڕێزمانیی بۆ زمانی مرۆڤ، کە داوای ئەوە دەکات ئەو بابەتانەی دەربارەی زمانی مرۆڤن، هەتا دەتوانرێت سادە و گشتی بن. بۆ نمونە هەر لە سەرەتای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، بە تایبەتی لە دوای تیۆری ستاندارد لە ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٩٣ دروستەی قوڵ و ڕووکەش زۆر پشتی پێدەبەسترا لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا. لە تیۆری GBدا هەر وەك لە (١–٥)دا خراوەتەڕوو، ڕێزمان لە دوو ئاستی سنورهاوبەش (interface) پێکهاتووە، کە بریتین لە فۆرمی لۆجیکیی $\lambda$ لەگەڵ فۆرمی فۆنەتیکیی $\pi$، هەروەها لەگەڵ ئاستێکی ناوەکیی، کە زانیاری فەرهەنگی بنچینەیی دەنوێنێت، کە ئەویش دروستەی قوڵە $\delta$. ئەم سێ ئاستە بە ئاستێکی تر دەبەسترایەوە، کە دروستەی ڕووکەشە $\sigma$.

مینیماڵ پرۆگرام پرسیاری ئەوە دەکات، ئایا ئەم هەموو ئاستانە واتە دروستەی قوڵ، دروستەی ڕووکەش، فۆرمی لۆجیکیی، فۆرمی فۆنەتیکیی بۆ نواندن پێویستن؟

چومسکی لە لێکۆڵینەوەکانیدا بە پێی مینیماڵ پرۆگرام ئاماژەدەدات بەوەی، کە زمان نەخشەیەکە لە نێوان دەنگ و واتادا، واتە پێکهاتەی دەنگ و واتا تاکە نواندنی پێویستن، بەڵام دروستەی قوڵ و ڕووکەش لادەبات، چونکە تەنها هەر دوو ئاستی PF($\pi$)، LF($\lambda$) بە دوو ئاستی زۆر پێویست دادەنێت و بێ ئەم دوو ئاستە زمان دروستنابێت، هەروەها لەگەڵ ئەم دوو ئاستەدا دەبێت فەرهەنگ (Lexican) و سیستێمێکی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ (Computational Human Language) کورتکراوەکەی (CHL)ـە هەبێت (Cook and Newson, 1997: 312-14).

بە بۆچوونی چومسکی زمان لە دوو پێکهاتە (component) پێکهاتووە:

أ. فەرهەنگ: ئایتمە فەرهەنگییەکان لەخۆدەگرێت.

ب. سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ (CHL): ئایتمەکان بەکاردێنێت بۆ بەرهەمهێنانی دروستە و داڕێژراوەکان (Chomsky, 1995: 168-169).

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە سەر ئەم بۆچوونەی چومسکی. هەر زمانێکی دیاریکراو بە سیستێمێکی زانیاریی (cognitive)، کە بەشێکە لە توانستی زمان ( Faculty of Language) کورتکراوەکەی (FoL)ە دادەنرێت. توانستی زمان ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە هەر زمانێك لە فەرهەنگ پێکهاتووە، کە ئایتمە فەرهەنگییەکان لەخۆدەگرێت بە هەموو فیچەرە واتایی و ڕێزمانیی و فۆنۆلۆجییەکانەوە. فیچەرە ڕێزمانییەکان بەشێکیان کاتیگۆری (categorical)ن وە بەشێکی تریان مۆرفۆلۆجین، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دۆخ و توخم و ژمارە و کەس و تاف دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ (CHL) کە نەگۆڕە بۆ هەموو زمانەکان و لە ئایتمە فەرهەنگییەکان دەکۆڵێتەوە.

واتە فیچەری کاتیگۆریی و مۆرفۆلۆجیی ئەو پارامێتەرانەی، کە بواری جۆراوجۆرێتی دەدەن لە نێو زمانەکاندا دەکەونە فەرهەنگەوە. CHLیش ئایتمە فەرهەنگییەکان هەڵدەبژێرێت، دواتر ئایتمەکان بەرەو دوانەی $\lambda$ ، $\pi$ نەخشە دەکێشرێت. $\pi$ بریتیە لە نواندنی فۆرمی فۆنەتیکیی (PF)، $\lambda$ یش بریتییە لە نواندنی فۆرمی لۆجیکیی (LF). هەریەك لە $\pi$، $\lambda$ دەبێت کەرەسەی ڕێپێدراو/یاسایی (Legitimate Object) لەخۆبگرن، کە ڕاڤەکردنیان بۆ دەکرێت ( Ura, 2002: 15; Seuren, 2004: 32-33).

فۆرمی فۆنەتیکیی $\pi$ لە درکاوە–هەستپێکراوەکاندا (External Motor-perceptual) لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، فۆرمی لۆجیکیش لە چەمکە مەبەستدارەکان (conceptual- Intentional)دا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. ئەگەر هەر یەك لە سیستێمەکانی درکاوە–هەستپێکراوەکان و چەمکە مەبەستدارەکاندا وەك سیستێمێکی کۆمپیوتەریی/ژمێرکاریی وابن، ئەوا هەر یەکەیان مەرجی دروستیی (Legibility Condition) دادەنێن بۆ ئەو ئایتمانەی، کە وەردەگیرێن (inputs)، لەو کاتەدا PF و LF پێویستە ئەو مەرجەیان تیادا بێت، هەروەها کەرەسە ڕێپێدراو (یاسایی)ەکانیش لە خۆبگرن، بۆ ئەوەی ڕاڤەکردنیان بۆ بکرێت لە ئاستی PF و LFدا. ئەگەر کەرەسەکان ئەو مەرجەیان تێدابوو، ئەوا مەرجی دروستیی دێتەدی و بەم حاڵەتەش دەڵێن ڕاڤەکردنی تەواو (FI)، واتە هەر دەربڕینێکی زمانەوانی یان

ڕستەیەك دەبێت بە لایەنی کەمەوە دوانەیەك (pairs)ی PF و LFی هەبێت و ئەو مەرجانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمانپێدا، دەبێت تیایدابێت (Seuren, 2004: 33).

مۆدێلی MP لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:




وێنەی (٧)

بەپێی وێنەی (٧).[١٦] سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ (CHL) بە هەڵبژاردنی دەستە یان کۆمەڵە ئایتمێك لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، بەو دەستە یاخود کۆمەڵە ئایتمە دەوترێت ژماردن (Numeration) کورتکراوەکەی (N)ـە. دەبێت هەموو ئایتمەکانی ناو ژماردنەکە بەکاربێت و هیچی تیانەمێنێت، واتە ئیندێکس (index)ی ژماردنەکە ببێتە سفر. دواتر ئەو کۆمەڵە ئایتمەی، کە لە لایەن (CHL)ەوە هەڵبژێردراوە بەرەو (λ ، π) نەخشەدەکێشرێت. بە λی دەوترێت فۆرمی لۆجیکیی، کە پێکهاتەی شاراوە (covert)یشی پێدەوترێت، π پێکهاتەی فۆنۆلۆجییە و لەم سیستێمەدا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان λ ، π دا نییە (Ura, 2002: 15).

لە سیستێمی کۆمپیوتەریی (computational system)دا چالاکییەك هەیە، کە پێیدەوترێت شەقبوون (spell-out). لە شەقبووندا بەشێکی داڕێژراوەکە بەرەو λ دەڕوات و بەشەکەی تریش بەرەو π.

داڕێژراوەکە دەبێت لە ئاستی سنورهاوبەشییەکەدا واتە PF و LFدا بگاتە لێکنزیکبوونەوە (convergence). ئەمەش بە مەرجێك ڕوودەدات، ئەگەر داڕێژراو یاخود دەربراوەکە لە هەر دوو ئاستەکەدا دروست (Legible) بێت، ئەگەر نا

داڕێژراوەکـــە تێکدەشـــکێت. ئـــەم دروســـتییەش کاتێـــك ڕوودەدات، داڕێژراوەکـــە (derivation) لـە ئاسـتەکانی PF و LFدا ڕاڤـەکردنی تـەواوی بـۆ بکرێـت، چـونکە ڕاڤـەکردنی تـەواو مەرجێکـە لـە ئاسـتەکانی PF و LFدا داوادەکرێـت، بـۆ ئـەوەی کەرەســەکان ڕاڤــەکردنیان بــۆ بکرێــت. ئەگــەر داڕێــژراوێك لــە هــەر دوو ئاســتی سنورهاوبەشی (PF و LF)دا دروستبێت، پێیدەوترێت ڕاڤەکراو (interpretable) و ڕێزمــانیی، بــەڵام ئەگــەر دروســتنەبێت، ئــەوا ڕاڤەنــەکراو (Uninterpretable) و ناڕێزمـــانی دەبێـــت و داڕێژراوەکـــە ناگاتـــە لێکنزیکبوونـــەوە (convergence)، لەبەرئەوەی داڕێژراوەکە تێکدەشکێت (Ura, 2002: 15; Muhammad, 2006: 8).

مینیماڵ پرۆگرام لە چەند چالاکی (operation) یەك پێکدێت، وەك: هەڵبـژاردن، لێکـدان، جوڵـە، لەگـەڵ کـۆپی.[١٧] ئـەم چـالاکییانەش نـاوەکین چـونکە لـە سیسـتێمی کۆمپیوتەریی (CHL)ـەکەدا ڕوودەدات.

**چالاکی هەڵبژاردن**: بریتییە لە هەڵبژاردنی ئایتمە فەرهەنگییەکان لە ژماردن (N)ەوە.

**چالاکی لێکدان**: بریتییە لە لێکدانی ئەلەمێنت/ئایتمەکانی ناو ژماردنەکە، لێکدانیش بە پێی فیچەرە مۆرفۆلۆجییەکان دەبێت، بۆ نمونـە لـە ئەنجامی لێکدانی دوو کەرەسەی سینتاکسـیی، کەرەسـەیەکی نـوێی سینتاکسـی لێکـدراو دروسـتدەبێت. چومسـکی بەرهــەمهێنانی داڕێــژراو بــە چــالاکی لێکدانــەوە دەبەســتێتەوە، هــەروەها پشــکنینی فیچەرەکانیش لەڕێی لێکدانەوە دەبێت، پێش ئەوەی بگاتە LF.

(٦) کوڕ + ەکە ← کوڕەکە




لە نمونەی (٦)دا هەر دوو ئەلەمێنتی (کوڕ، ەکە) لێکدراون، فرێزی (کوڕەکە) یـان پێکهێنـاوە، وەك لـە نمونەکـەدا دەردەکـەوێت، لـە ئـەنجامی لێکـدان لقـە دوو پـەلکی (binary branching) دروستدەبێت.

**چـالاکی جووڵــە**: بریتییـە لـە جـوڵانی ئەلەمێنتـەکان، ئـەم چـالاکییەش ڕۆڵێکـی گـرنگ دەبینێـت لـە پێکهێنـانی داڕێژراوەکـەدا، واتـە جـوڵانی ئەلەمێنتـەکان لـە داڕێژراوەکـەدا بەشێکە لە پرۆسەی پێکهێنانی داڕێژراو.[١٨]

**چالاکی کۆپی**: لە ئەنجامی جوڵانی فریز دروستدەبێت، کۆپییەکی فرێزە جوڵاوەکە لەو شوێنەی، کە بۆی دەچێت، دادەنرێت و لە شوێنی بنەڕەتی خۆیدا دەسڕدرێتەوە. چالاکی کۆپی بە پێچەوانەوەی لێکدانەوە زۆری تێدەچێت، چونکە کۆپییەکی داڕێژراوەکە بۆ هەر دوو ئاستی PF و LF دەپەڕێتەوە بە مەبەستی پشکنین (Chomsky, 1995: 225-226; Muhammad, 2006: 10-11; Cook and Newson, 1997: 320; AbdulRahman, 2007: 20).

چالاکی لێکدان لە مینیماڵ پرۆگرامدا بە بێ سنوردانان نابێت، بەڵکو دەبێت، سنورێك هەبێت، لەوەی کە کام لە ئەلەمێنتەکان دەتوانن یەکبگرن، ئەمەش لە MPدا وەك سنوردانانێك لە یەکگرتنی ئەلەمێنتەکان بە پێی فیچەرەکانیان دەبێت، هەموو فیچەرەکان دەبێت پشکنینیان بۆ بکرێت. بۆ ئەمە چومسکی تیۆری پشکنینی دۆخی داناوە، کە یەکێکە لە داهێنانەکانی چومسکی لە (MP)دا. پشکنین ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بۆ دڵنیاکردنەوەیە لەوەی، کە ئەلەمێنتەکان لە شوێنی نەشیاودا نایەن.[١٩]

پشکنینی فیچەرەکان لە داڕێژراوەکەدا دەبێت، بۆ نمونە ئەلەمێنتێك، کە فیچەری دۆخی نۆمینەتیڤی هەیە لە ڕستەدا، تەنیا لە شوێنێکدا دێت، کە ئەم دۆخە ڕێگە پێدراوبێت. فیچەری ڕاڤەنەکراو لە کاتی پشکنیندا لەناودەچن، هەربۆیە پێش ئەوەی بگاتە LF دەبێت، بسڕدرێتەوە، ئەگەر نا داڕێژراوەکە هەڵدەوەشێتەوە. فیچەری ڕاڤەکراویش پێویستی بە پشکنین هەیە، بەڵام لە کاتی پشکنینەکەدا ناسڕدرێتەوە، چونکە لە LFدا دەبێت، هەبن. فیچەرەکانیش بۆ فیچەری بەهێز و لاواز دابەشدەبن (بڕوانە: ٣-٣).

یەکێك لە جیاوازییە ئاشکراکان، کە لە نێوان مینیماڵ پرۆگرام (MP) و مۆدیلەکانی پێش خۆیدا هەیە، ئەوەیە، کە لە MPدا هەر دوو نواندنی دروستەی قوڵ و ڕووکەش لابراوە، چونکە مۆدیلی MP وەك مۆدیلەکانی تر نییە، نواندنێك لە نواندنێکی ترەوە دابڕێژێت، بەڵکو ئەلەمێنتەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن و هەنگاو بە هەنگاو بەکاردەهێنرێن، هەتاوەکو نواندنی کۆتایی، کە (LF)ـە، پێکەوەدەنرێن، ئەمەش پرۆسەیەکی بەردەوامە، واتە لە (MP)دا دروستەکان وردە وردە دروستدەکرێن. بەڵام لە مۆدیل و تیۆرەکانی پێشتردا دروستەی قوڵ وەك دروستەیەکی تەواو دەخرێتەڕوو، هەروەها لێکدانەوەی زۆریش دەربارەی پرۆسە ناوەکییەکان نەوتراوە، کە چۆن دروستبوون، واتە دروستبوونی دروستەی قوڵ چالاکییەکە، لەپڕ

**دروستبووە، هەربۆیە MP جەختدەکاتە سەر وازهێنان لە دروستەی قوڵ و ڕووکەش، لەبریان گرنگیدەداتە چالاکییە ناوەکییەکان لە پرۆسەی دروستکردنی ڕستەدا** (Cook and Newson, 1997: 323; Davies and Dubinsky, 2004: 287).

## تێبینییەکانی بەشی یەکەم:

١ دروستەکارەکان/ ڕۆنانکارەکان باوەڕیان وابوو، کە هیچ پێکهاتەیەکی زمانی لە عەقڵی مرۆڤدا خۆرسك نییە، بەڵکو دەبێت لەڕێگای کۆمەڵ و دەوروبەرەوە فێر بکرێت، (بڕوانە: سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٨: ٦٠-٦١).

٢ بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە یاساکانی دروستەی فریز و کەموکوڕییەکانی (بڕوانە: سەباح رشید قادر، ٢٠٠٧: ٥-١٢)

٣ یاساکانی دروستەی فریز جگە لەوەی توانای بەرهەمهێنانی دروستەی هەبوو، هەروەها توانای شیکردنەوەی دروستەکانیشی هەبوو (Crystal, 2003: 353).

٤ بەستنەوەی پێکهاتەی سیمانتیکیی تەنها بە دروستەی قوڵەوە یەکێك بوو لە کەموکوڕییەکانی تیۆری ستاندارد، چونکە لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا پێکهاتەی سیمانتیکیی بە هەر دوو دروستەی قوڵ و ڕووکەشەوە دەبەسترایەوە.

٥ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پەیوەندی یاخود ڕۆڵی ثیماتیکی، کە لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا بە ڕێزمانی دۆخ ئاماژەپێدراوە (بڕوانە: یوسف شەریف سەعید، ٢٠٠٩: ١٢)، (curtis , Ornstein & Gage, 1977: 98-102)

٦ بۆ زانیاری دەربارەی قرتاندن لە زمانی کوردیدا (بڕوانە: بەکر عومەر، ١٩٩٢: ٤٦-٥٧؛ کاروان عومەر، ٢٠٠٨: ٣٧-٤٢)

٧ بیرۆکەی حوکمکردن، بیرۆکەیەکی کۆنە، لە ڕێزمانی کلاسیکدا ئاماژەپێدراوە، بۆ نمونە هەندێ کەرەسەی وەك پریپۆزشنەکان حوکمی ناو دەکەن، بەڵام چومسکی ئەم بیرۆکەیەی بە شێوازێکی نوێ بەکارهێنایەوە لە GBدا، کە بیرۆکەی حوکمکردن بە سەر (Head)ەوە بەستەوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٢-٣).

٨ (c-command) لە (Constituent-Command)ەوە وەرگیراوە، لە زمانی کوردیدا لە لایەن (محەمەدی مەحویی)ەوە زاراوەی وەچە ئاڕاستەکردنی بۆ بەکارهاتووە.

٩ تایبەتمەندییە ناوازەییەکان وەك لقە کاتیگۆریانە، ڕۆڵی ثیماتیکیی، کاتیگۆری لێکسیکیی و ڕێزمانیی ...... هتد.

١٠ α بجوڵێنە لەگەڵ تیۆری شوێنپێی جوڵان یەکدەگرێت، لە دوای جوڵانی هەر کەرەسەیەك هەمیشە شوێنپێیەك لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، لەو شوێنەی کە جوڵاوە.

١١ هەمان زانیاری لە سەرچاوەی (Black) لە لایەن (حاتەم ولیا، ٢٠٠٦: ١٥، ڤیان سلێمان، ٢٠٠٩: ٤١-٤٢) ئاماژەپێدراوە.

١٢ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو پەیوەندییانەی لە LF ڕوودەدات، بڕوانە: (Haegeman, 1998: 488-539)

١٣ بەرانبەر زاراوەی (bounding theory) لە نامەی ماستەرەکەم (٢٠٠٤)دا، بە (تیۆری سنوردانان) ئاماژەمپێداوە، بەڵام لێرەدا تیۆری بەندێتی بە شیاوتر دادەنێم لە بەرامبەریدا.

١٤ بۆ زانیاری دەربارەی کەموکوڕییەکان تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە بڕوانە: بەشی دووەمی نامەکە.

١٥ بۆ زانیاری دەربارەی (ئابوری لە داڕشتن و نواندن)دا بڕوانە: (Chomsky, 1991: 417-448)

١٦ مۆدیلی مینیماڵ پرۆگرام زۆر بە سادەیی لە وێنەی (٧)دا خراوەتەڕوو چونکە لە بەشی سێیەمی نامەکەدا، کە تایبەتە بە تیۆری مینیماڵ پرۆگرام، زۆر بە وردی وێنەی مۆدیلی تیۆری ناوبراو خراوەتەڕوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٣-١).

١٧ بۆ زانیاری دەربارەی کۆپی بڕوانە (٣-٢-٦).

١٨ بۆ زانیاری دەربارەی جوڵە و جۆرەکانی بڕوانە (٣-٢-٤).

١٩ سەباح ڕەشید (٢٠١٠) لە بەرامبەر زاراوەی تیۆری پشکنین زاراوەی (تیۆری پاساودان)ی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی کەسمان ئاگاداری کاری یەکتر نەبووین، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە دوو زاراوەی جیاوازی بۆ بەکاربێت.

## ٢ کەموکوڕییەکانی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە و لێکدانەوەی بەپێی مینیمالٚ پرۆگرام:

تیۆری GB لە سەر بناغەی چەمکی ڕێزمانی جیهانیی گەشەیکردووە، دەکرێت تیۆری GB وەك تۆڕێکی هێڵ (Network) ببینرێت، کە لە چەند وەچە تیۆرێکی جیاواز پێکهاتووە، هەروەها لە چەند ڕێسا و پارامێتەرێکی دیاریکراویش ( Richards and Platt, 1992: 117). بەڵام ئەم تیۆرە لەبەرئەوەی لە چەندین ئاست و تیۆری جیاواز پێکهاتبوو ، تیۆری GBی زۆر ئاڵۆزکردبوو، هەروەها بوو بە هۆی ئەوەی، کە تیۆرەکە چەندین کەموکوڕی تیابێت (بڕوانە ١–٥). لە پارەکانی خوارەوەدا ئەو کەموکوڕی و گرفتانەی، کە لە هەر دوو ئاستی دروستەی قوڵ و ڕووکەش و هەروەها لە تیۆرەکانیدا هەیە دەخەینەڕوو:

### ٢-١/ دروستەی قوڵ (Deep Structure):

ئاستی دروستەی قوڵ هەر لە سەرەتای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا گرنگیپێدراوە بە تایبەتی لە تیۆری ستاندارد و تیۆرەکانی دواتردا زۆر جەختی دەکرایە سەر. ئەم ئاستە بە ئاستێکی ئەبستراکتی ڕستە دادەنرێت.

لە GBدا ئەم پەیوەندییەی خوارەوە لە دروستەی قوڵدا هەیە:

پەیوەندی پریدیکات و ئارگومێنت، ئەمەش بەستراوە بە پێدانی ڕۆڵی ثیماتیك بە ئارگومێنتەکانی، بە هەڵوێرکردنی واتایی (Semantic Selection) ئاماژەی پێدەدرێت.[١] مەبەست لە ڕۆڵی ثیماتیك ڕۆڵی سیمانتیکی ئارگومێنتەکانە، کە وەریانگرتووە، لەڕێی ئەو پەیوەندییەی، کە لەگەڵ پریدیکاتدا هەیانە.

لەم ڕوونکردنەوانەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە دروستەی قوڵ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تیۆری GBدا. ڕاستە، ئاماژەمان دا بە چەند پەیوەندییەکی وەك پریدیکات و ئارگومێنت و پێدانی ڕۆڵی ثیماتیك لە لایەن کردارەوە بە ئارگومێنتەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم ئاستەدا گرنگینادرێت بەو پرۆسانەی، کە لە ناو دروستەی قوڵدا ڕوودەدات، واتە چۆن دروستەی ڕێزمانیی لە دروستەی قوڵدا پێکدەهێنرێت (Cook & Newson, 1997: 323; Muhammad, 2006: 7).

## ٢-١-١/ دروستەی قوڵ لە MPدا:

چومسکی لە MPدا کۆمەڵێك بەڵگە دەخاتەڕوو لە پێناوی دەستبەرداربوون لە دروستەی قوڵ، بۆ نمونە لەم ڕستەیەی خوارەوەدا:

(1) a. John is easy to please.
b. It is easy to please John.

لە (1a)دا (John) لە بنکە (base)دا لە شوێنی ثیتا (theata-position)، بەرهەمنەهاتووە واتە John بە بێ ڕۆڵی ثیتا ئاخنراوەتە شوێنی بکەر لە ڕستە سەرەکییەکەدا. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، کە چۆن (John) ئاخنراوەتە ناو داڕێژراوەکە؟ لە کاتێکدا لە دروستەی قوڵدا دەبێت، هەموو ئارگومێنتەکان لە شوێنی ثیتادا بن، واتە چوونە نێوی (لیستکردنی) ئایتمە فەرهەنگییەکان (Lexical insertion) دەبێت، لە DS دا بێت، واتە پێش پرۆسەی جوڵان بکەوێت.

لە (1b)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە (John) بەبێ ڕۆڵی ثیتا ئاخنراوەتە ناو ڕستەکە، لە دوای پرۆسەی جوڵان لە ئاستی (LF)دا ڕۆڵی ثیتاکەی وەردەگرێت لە ڕێی کرداربەندییەوە (predication). ئەمەش ئەو بۆچوونە پێچەوانە دەکاتەوە، کە ڕۆڵی ثیتا لە پێش جوڵان لە (DS)دا بدرێت، هەروەها بواریش دەدات بە دەروازەی فەرهەنگیی، کە پێش یاساکانی گواستنەوە بکەوێت، ئەمەش بیرۆکەی دروستەی قوڵ لە GBدا بەرەو لاوازی دەبات.

هەروەها یەکێکی تر لەو بەڵگانەی، کە ئاستی DS لاواز دەکات، کرداربەندییە، چونکە کرداربەندیی ئەو کەلێنەی، کە ڕۆڵی ثیماتیك دروستیکردوە، پڕدەکاتەوە، بەڵام چۆن؟

بۆ نمونە لە هەندێ ڕستەدا، ئەگەر فرێز یاخود دەربڕینێك لە شوێنی ناثیتادا بێت هەروەها نەتوانێت هیچ ڕۆڵێك وەربگرێت، ئەوا دەخرێتە پاڵ کرداربەندیی، بۆ نمونە:

(٢) شیلان خوێندکارە

لە (٢)دا فرێزی ناویی (خوێندکار)، لەبەرئەوەی لە شوێنی ثیتادا نییە، هیچ ڕۆڵێکی بابەتانەی وەرنەگرتوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەلێنە دەخرێتەپاڵ کرداربەندیی، دەوترێت، کە فرێزی (خوێندکار) ئارگومێنتێك نییە، کە لە لایەن کردارەوە داواکرابێت، بەڵام لە لایەن کرداربەندییەوە ڕێی دەستوری پێدەدرێت.

خاڵێکی تر، کە پێویستە ئاماژەیپێبدرێت، سەبارەت بە دروستەی قوڵ ئەوەیە، لە GBدا پرۆسەی جوڵان دەبەسترایەوە بە پەیوەندییە ثیماتیکییەکانەوە بۆ نمونە لە GBدا ڕێگەدەدرا بە جولان لە شوێنی ثیتاوە بۆ شوێنی ناثیتا ( non-theta position)، هەروەها لە ناثیتاوە بۆ شوێنەکانی ناثیتا، سەرەڕای ئەوەش ڕێگا نەدەدرا بە جوڵان لە شوێنی ثیتاوە بۆ شوێنی ثیتایەکی تر یان لە شوێنی ناثیتاوە بۆ شوێنی ثیتایەك. ئەم سنوردارکردنانەش دەرئەنجامی ئەو ڕۆڵەیە، کە دروستەی قوڵ هەیەتی لە تیۆری GBدا، بەلاّم لە MPدا ئەم سنوردارکردنانە نەخوازراون، چونکە هەموو شتێك توانای جولانی هەیە، لە هەر شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بە بێ بەستنەوەی جوڵان بە پەیوەندییە ثیماتیکییەکانەوە (Hornstein, 2001: 9-12).

لە ئەنجامی ئەو کەموکوڕییانەی، کە دروستەی قوڵ هەیبوو لە GBدا، مینیماڵ پرۆگرام (MP) واز لە دروستەی قوڵ دەهێنێت، بەلاّم تیۆری ڕۆڵی ثیتا لەگەڵ ئەوەی لە GBدا دەبەسترایەوە بە دروستەی قوڵ، لە (MP)دا بە وازهێنان لە دروستەی قوڵ، نەبووە هۆی وازهێنانیش لە ڕۆڵی ثیتا، بەڵکو ڕۆڵی ثیتا لە ئەنجامی پرۆسەیەکی ترەوە دیاریدەکرا (بڕوانە ٢-٧-٢).

## ٢-٢/ دروستەی ڕووکەش (Surface Structure):

دروستەی ڕووکەش یەکێکە لەو ئاستانەی، کە لە تیۆری GBدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دیاریکردنی واتای ڕستەدا. ئەم ئاستە بە هۆی چالاکی α بجوڵێنە دەبەسترایەوە بە دروستەی قوڵەوە، هەروەها لەم ئاستەوە هەر دوو ئاستی فۆرمی لۆجیك و فۆرمی فۆنەتیك جیادەکرایەوە.

ئەوەی کە گرنگە سەبارەت بەم ئاستە لە تیۆری GBدا ئەوە بوو کە:

١. دۆخی ڕێزمانیی دەبەسترایەوە بەم ئاستە، واتە لە ئاستی ڕووکەشدا دۆخی ڕێزمانیی دەدرا بە فریزە ناوییەکان. بۆیە تیۆری دۆخ دەبەسترایەوە بەم ئاستە، چونکە هەندێك لە فریزەکان لە شوێنی بەرهەمهێنانی بنکە ( base generation)یاندا، مەبەست لە دروستەی قوڵە، دۆخی ڕێزمانییان وەرنەدەگرت، بە هۆی پرۆسەی α بجوڵێنە بە زۆر دەگوێزرانەوە بۆ ئەو شوێنانەی، کە تیایدا دۆخی ڕێزمانییان وەردەگرت، بۆ نمونە:

(٣) ئەو كتێبەكە دەخوێنێتەوە.

(٤)




لــە (٤)دا DP/NPی (ئــەو) لــە specی (VP)یــەوە بــۆ specی (IP) گواستراوەتەوە، بۆئەوەی دۆخی ڕێزمانی نۆمینەتیڤ لە لایەن سەری (I)یەوە وەربگرێت. درەختی (٤) ئەوە دەردەخات، كە پرۆسەی پێدانی دۆخی ڕێزمانی نۆمینەتیڤ لە دروستەی ڕووكەشدا دەدرێت لەدوای α بجوڵێنە.

خاڵێكی تری گرنگ هەر سەبارەت بە دروستەی ڕووكەش ئەوەیە، كە دروستەی ڕووكەش هەر وەك دروستەی قوڵ بە ئاستێكی ئەبستراكت دادەنرێت، چونكە هێشتا دەرنەبڕاوە، بەلاَم جیاوازی ئەم ئاستە لەگەڵ ئاستی دروستەی قوڵدا، جگە لە لایەنە تیۆرییەكان بەستراوە بەوەی، كە ئەو ڕستانەی ئێمە دەریدەبڕین (گۆیدەكەین) یان گوێمانلێدەبێت، یەكسانە بە دروستەی ڕووكەش، نەك دروستەی قوڵ، بە واتایەكی تر فۆرمی فۆنەتیكیی یاخود ئاستی دەربڕینی ڕستە كۆپییەكی دروستەی ڕووكەشە.[٣]

٢. دروستەی ڕووكەش (SS) لە GBدا كراوەتە هەلێك بۆ جیاكردنەوەی جوڵانی كردار، بۆ نمونە وەك لە نێوان ئەو زمانانەی، كە وەك زمانی ئینگلیزی بە شاراوەیی دەجوڵێن، لەگەڵ ئەو زمانانەی، كە وەك زمانی فەرەنسین، بە ئاشكرایی دەجوڵێن، هەروەها لەگەڵ جیاكردنەوەی جوڵانی وشەی پرس.[٤] بۆ نمونە وشەی پرس لە زمانی ئینگلیزیدا بە ئاشكرایی دەجوڵێن، بەلاَم لە زمانی چینیدا بە شاراوەیی دەجوڵێن. واتە لە ڕێی دروستەی ڕووكەشەوە ئاماژەدەدرا بە ڕستەسازی ئاشكرا و شاراوە (Hornstein, 2001: 8)

## ٢-٢-١/ دروستەی ڕووکەش لە MPدا:

ئاستی دروستەی ڕووکەش لە مینیماڵ پرۆگرامدا، هەر وەك ئاستی دروستەی قوڵ لادەبرێت، چونکە:

دروستەی ڕووکەش بەهۆی ئەلفا (α) بجوڵێنە بە دروستەی قوڵەوە دەبەستراپەوە.[٥] واتە بوونی دروستەی ڕووکەش بەستراوە بە بوونی دروستەی قوڵەوە، بە نەمانی دروستەی قوڵ دروستەی ڕووکەشیش لە ناودەچێت.

بەڵام لێرەدا پرسیارێك دروستدەبێت، ئایا ئەو بابەتانەی وەك: دۆخی ڕێزمانیی، تیۆری بەستنەوە، جوڵان، چۆن ڕوودەدەن، ئەگەر دروستەی ڕووکەش لابرێت؟

سەبارەت بە دۆخی ڕێزمانیی و بەستنەوە، دەکرێت بە بێ پێشنیارکردنی ئاستی دروستەی ڕووکەش ڕوبدات (بڕوانە ٢-٥-٤، ٢-٦-١). بەڵام بۆ جولان، دەکرێت بەپێی داواکارییەکان (requirement)ی پشکنینی فیچەر جێبەجێبکرێت.

فیچەرەکان دوو جۆرن: بەهێز، لا واز. فیچەری بەهێز دەبێت پێشئەوەی داڕێژراوەکە بۆ هەر دوو ئاستی LF و PF جیابێتەوە/ شەقببات، بپشکنرێت، واتە پێش شەقبوون. فیچەرە لاوازەکانیش بە پێچەوانەوە، دەتوانرێت لە LFدا بە شاراوەیی بپشکنرێن، واتە دوای شەقبوون. هەربۆیە کردارەکانی زمانی ئینگلیزی دەتوانرێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، وەك هەڵگری فیچەری لاوازی نەپشکنراو لە LFدا لە کاتێکدا کردارە فەرەنسییەکان هەڵگری فیچەری بەهێزن، کەوا دەخوازێت لە سینتاکسی ئاشکرادا بپشکنرێن. جولانی وشەکانی پرسیش دەتوانرێت بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت (بڕوانە ٣-٣).

لە مینیماڵ پرۆگرام (MP)دا ئاستێکی دیاریکراوی دروستەی ڕووکەش نییە، بەڵکو شوێنێك یان خاڵێك لە سیستێمی کۆمپیوتەر (CHL)ییەکەدا هەیە، لەو شوێنەی داڕێژراوەکە بەرەو هەر دوو ئاستی سنورهاوبەش (interface)ی PF و LFدا شەقدەبات، بەو خاڵە یان شوێنە دەوترێت خاڵی شەقبوون/ قڵیشان. کەواتە ئاستێکی سەربەخۆ بۆ دروستەی ڕووکەش نییە، بەڵکو خاڵێکە لە داڕێژراوەکە، کە پێیدەوترێت شەقبوون (Marantz, 1995: 352; Culicover, 1997: 350).

## ٢-٣/ تیۆری حوکمکردن (Government theory)

تیۆری حوکمکردن لە GBدا یەکێکە لە تیۆرە سەرەکییەکان، کە چومسکی زۆر گرنگیپێداوە، تەنانەت بۆتە بەشێك لە ناونیشانی تیۆری GB، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەی، کە حوکمکردن هەیبوو لە GBدا.

بیرۆکەی حوکمکردن ڕەگێکی کۆنی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێزمانی کلاسیکیی (Traditional Grammar)، کە تیایدا ئاماژەدراوە بەوەی ناو لە لایەن پریپۆزشن و کردارەوە حوکمدەکرێت (governed)، هەروەها پێویستە ڕێککەوتن (agreement) لە نێوان ناو و وشەکانی تردا هەبێت (Bloomfield; 1933: 192-197). بەلاّم چومسکی لە GBدا بیرۆکەی حوکمکردنی بە شێوازێکی نوێ بەکارهێناوە، بیرۆکەی حوکمکردنی بەسەر (Head)ەوە بەستەوە، واتە تەنها سەرەکان دەتوانن حوکمبکەن، ئەمەش بەپێی بیچمی دروستە (structural configuration) دەبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(٥)




گرێ (Node)ی VP زاڵە (dominates) بە سەر هەر دوو کرداری گریا و DPی منالّەکە. V لەگەڵ DP دەبنە خوشکی یەکتر، V (گریا) سەری فرێزەکەیە، DP (منالّەکە) تەواوکەر (complement)ە. بیرۆکە یاخود چەمکی حوکمکردن دەبێت لە سەر ئەم بناغەی خوشکایەتی (sisterhood)یە، پێناسبکرێت:

حوکمکردن بەپێی پەیوەندی خوشکایەتی:

A حوکمی B دەکات ئەگەر:

أ. A حوکمکەر (سەر) بێت.

ب. A لەگەڵ B خوشکبن.

لە (٥)دا کرداری (گریا) حوکمی DPی (منالّەکە) دەکات، هەروەها پێش ئەم حوکمکرنەش کرداری (گریا) ڕۆڵی ثیتای ناوەکی (internal)ی داوەتە فرێزی

منالەکە. بەم دوو پرۆسەیەش واتە پێدانی ڕۆڵی ثیتا و حوکمکردن لە لایەن سەرەوە بە ئەلەمێنتێکی تر دەوترێت ثیتا–حوکمکردن (theta-governs).

جگـە لـە پەیوەنـدیی خوشـکایەتی پەیوەندییـەکی دیکـەی دروسـتەیش هەیـە (structural relationships)، کـە تیایـدا حـوکمکردن لـە سـەر بناغـەی وەچـە–ئاڕاستەکردن (c-command) بنیاتدەنرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

حوکمکردن بەپێی وەچە–ئاڕاستەکردن.[٦]

**A حوکمی B دەکات ئەگەر وە تەنها ئەگەر:**

**أ. A حوکمکەر (سەر) بێت.**

**ب. A وەچە–ئاڕاستەی B بکات و Bیش وەچە–ئاڕاستەی A بکات.**

(٦) من تۆ دەبینم.

(٧)




لـە (٧)دا V (دەبیـنم) حـوکمی DP (تۆ) دەکـات، واتـە V حوکمکـەرە، DP (تـۆ) حوکمکراوە. هەروەها V لەگەڵ DPدا خوشکن، V وەچە–ئاڕاستەی DP (تۆ) دەکات وە DP (تـۆ)یش وەچە–ئاڕاسـتەی V دەکـات، هـەروەها گرێـی V́ بەسـەر Vدا زاڵـە و بەسەر DP (تۆ)یشدا زاڵە.

پێناسەی وەچە–ئاڕاستەکردن (c-command) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**گرێی A وەچە–ئاڕاستەی گرێی B دەکات ئەگەر وە تەنها ئەگەر:**

**أ. گرێی A زاڵنەبێت بە سەر Bدا و گرێی Bیش زاڵنەبێت بە سەر Aدا.**

**ب. یەکەم گرێی دوو پەلکیی (branching node)، کە زاڵە بە سەر A هەروەها زاڵیشە بە سەر Bدا** (محەمەدی مەحوی، ٢٠٠١: ٣٠-٣٣) و (Haegeman, 1998: 132-137; Farrokhpey, 1999: 197-202).

واتە لە نموونەی (٧)دا DP (تۆ) لەگەڵ V (دەبینم) وەچە-ئاڕاستەی یەکتری دەکەن، نە DP (تۆ) بەسەر Vدا زاڵە. نە Vیش بەسەر DPدا زاڵە، بەڵام V́ بەسەر DP (تۆ)دا زاڵە، هەروەها بە سەر Vیشدا زاڵە.

ئەم ڕوونکردنەوانەی، کە لە سەرەوەدا خستمانەڕوو بە شێوەیەکی گشتی بوو سەبارەت بە تیۆری حوکمکردن، بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە لێرەدا، کە پێویستە ئاماژەیپێبدەم، ئەویش ئەوەیە، کە تیۆری حوکمکردن ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ و تیۆری دۆخ و تیۆری بەستنەوە و تیۆری ثیتا و تیۆری کۆنترۆڵدا (بڕوانە ٢-٤، ٢-٥، ٢-٦، ٢-٧، ٢-٩). بۆ نموونە:

- ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ پەیوەستبوو بە حوکمکردنەوە، بۆ نموونە شوێنپێی فرێزی ناویی دەبێت بە توندی حوکمکرابێت.
- لە تیۆری دۆخیشدا پێدانی دۆخ بە ئارگومێنتێك لە لایەن سەرێکەوە دەبوو، کە حوکمی بکات.
- تیۆری ثیتاش لە لایەن سەرێکەوە دەدرا بە ئارگومێنتێك، کە حوکمی بکات.
- تیۆری بەستنەوەش دەبووایە لە ناو ڕکێف/دەسەڵاتی کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا بێت.
- لە تیۆری کۆنترۆڵیشدا (PRO) نابێت، حوکمبکرێت.

## ٢-٣-١/ تیۆری حوکمکردن لە MPدا:

هەر وەك لە (٢-٣)دا خرایەڕوو، تیۆری حوکمکردن لە GBدا وەك ئەخطەبوتێك وابوو، کە پەلی بۆ زۆربەی مۆدیولەکانی GBی کێشابوو، هەربۆیە تیۆری حوکمکردن بە یەکێك لەو مۆدیولانە دادەنرا، کە ڕێزمانەکەی ئاڵۆزکردبوو.

چومسکی لە مینیماڵ پرۆگرامدا پەیوەندی حوکمکردن بە پەیوەندییەك یاخود تیۆرێکی زیادەی دادەنا. وای بە باشتر دەزانی، ئەگەر لە ڕێزمانی جیهانیدا حوکمکردن پەیوەندییەکی سەرەکیی و بنچینەیی نەبێت. لە جیاتی زاراوەی حوکمکردن زاراوەی

پەیوەنــدی (relation)ی بــەکاردەهێنا (Hornstein, 2001:13). دوو جــۆر لــە پەیوەندی جیاکردەوە:

أ. پەیوەندی spec و سەر

ب. پەیوەندی سەر و تەواوکەر

بـۆ نمونــە دۆخ لــە ئــەنجامی پەیوەنــدی spec و ســەرە ئەرکییــەکان دیاریــدەکرا، هــەروەها ڕۆڵــی ثیتــاش لــە ئــەنجامی پەیوەنــدی نێــوان spec و ســەرە لێکســیکییەکان دیاریدەکرا.

کەواتــە مەبەســتی مینیمــاڵ پرۆگــرام ئاســانکردنی ڕێزمانــە، نــەك ئــاڵۆزکردنی، هــەر وەك لــە تیــۆری حوکمکردنــدا خرایەپێشچــاو، کــە ڕێزمــانی زۆر ئــاڵۆزکردبوو، تــا ئــەو ڕادەیەی، کــە هــەموو مۆدیولــەکان تێکچــڕژابوونە نــاو یــەك، هەربۆیــە چومســکی هەســتی بەو هەموو ئاڵۆزی و کەموکوڕییانە کردبوو، کە لە تیۆرەکەدا هەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کــە واز لــە تیــۆری حــوکمکردن و بەســتنەوە بــە گشــتی و تیــۆری حــوکمکردن بــە تایبەتی هێنا، بەرەو تیۆرێکی تر هەنگاوی نا، کە لەسەر بنەمای ئابوریی بنیاتنرابوو.

## ٢-٤/ ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ (Empty Category principles):

ڕێسایەکی تیــۆری حوکمکردنــە، ئــەم ڕێســایە داوای شــوێنپێیەك دەکــات، کــە بــە تونــدی حوکمکرابێــت، حوکمکردنەکــە یــان لــە لایــەن کاتیگۆرییــەکی لێکســیکیی یــان لــە لایــەن کاتیگۆرییەکی هاونیشانەوەیە (Crystal, 2003: 160).

A بە توندی حوکمی B دەکات ئەگەر A حوکمکەری B بێت.

ڕێسای حوکمکردنی توند:

**کاتیگۆری لێکسیکیی حوکمی توند دەکات، نالێکسیکیی حوکمی توند ناکات.**

### ٢-٤-١/ کاتیگۆری بەتاڵ:

لە تیۆری GBدا کاتیگۆری بەتاڵ بریتین لە چەند ئەلەمێنتێکی ئەبستراکت کە هیچ فــۆرمێکی فۆنــەتیکیی دیاریــان نییــە، بــەڵام شــوێنی فرێزێکــی نــاویی پڕدەکەنــەوە لــە ڕستەدا (تارا موحسن، ٢٠٠٤: ١٩–٢٠ و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون).

کاتیگۆری بەتاڵ دەکرێت بە چوار جۆرەوە:

أ. شوێنپێی فرێزی ناویی (NP-trace)

ب. شوێنپێی وشەی پرس (Wh -trace)

پ. pro

ت. PRO

**أ. شوێنپێی فرێزی ناویی:**

شوێنپێی فرێزی ناویی NP دەبێت حوکمبکرێت. شوێنپێی NP وەك هەموو فرێزە ناوییەکانی تر دەکەوێتە ژێر تیۆری بەستنەوە، بە پێی ئەم تیۆرەش شوێنپێی فرێزی ناویی بە ئەنافەر دادەنرێت و دەبێت، بەستراوە بێت بە فرێزێکەوە، کە لە شوێنی A– (A- position)دا بێت،[٨] بەستنەوەکەش لە جۆری بەستنەوەی A– (A-binding)دا بێت، واتە شوێنپێی فرێزی ناویی دەبەسترێتەوە بە کەرەسەیەك، کە لە شوێنی ئارگومێنتدایە (Jaeggli and Safir, 1989: 13).

(٨) ئەوان بە پێ هاتن

(٩) أ.




لە (٩أ) دا فرێزی ناویی (ئەوان) لە ناو (VP)یەکەوە بۆ specی (IP) جوڵاوە، بۆ ئەوەی دۆخ وەربگرێت و لە شوێنی بنەڕەتی خۆی شوێنپێیەکی بەجێهێشتووە.

نمونەی (٨) ئەگەر بە پێی کەوانە ناونراوەکە بخەینەڕوو، بەم شێوەیە دەبێت:

(٩) ب. {IP من {t VP} {V́ بەپێ هاتن}}}.[٩]

**ب. شوێنپێی وشەی پرسیار:**

سەبارەت بە شوێنپێی وشەی پرسیار لە زمانی کوردیدا محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) بۆچوونی وایە، کە وشەی پرسیار لە زمانی کوردیدا لە شوێنی خۆیانەوە بۆ specی CP ناجوڵێن. بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییەوەیە، کە هەمیشە وشەی پرسیار بۆ سەرەتای ڕستە واتە specی CP دەجوڵێن، هەربۆیە بە بۆچوونی محەمەدی مەحویی شوێنپێی وشەی پرسیار لە زمانی کوردییدا نییە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە:

(10) a. John love who?
b. Who John love t?
i i

**پ. pro:**

Pro تایبەتمەندی جێناوێکی کەسی نادیارە، لە شوێنی بکەر لە ڕستەدا دەردەکەوێت. Pro ئەنافەری نییە، چونکە لە ناو ڕستەکەیدا نابەسترێتەوە بە کەرەسەیەکی ترەوە. Pro لە زمانە بکەرخراوەکاندا دەردەکەوێت و لەبەرئەوەی زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە بکەرخراوەکان، pro لە زمانی کوردیدا هەیە (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١:١٤٤؛ تارا موحسن، ٢٠٠٤: ٤٢). لە زمانە بکەرخراوەکاندا وەچەپێکهاتەی AGRی تیایە، کە ئاماژەدەداتە کەس و ژمارەی بکەر، بە هۆی وەچەپێکهاتەی AGRەوە دەتوانین بکەر بە شێوەیەکی فۆنەتیکیی دەرنەبڕین، ئەم دەرنەبڕینەی بکەریش جۆرێکە لە ئابوریکردن لە زماندا.

(١١) pro خانووەکەی بۆیەکرد

لە (١١)دا pro ئەنافەر نییە، چونکە بەستراوە نییە.

**ت. PRO**

لە تیۆری GBدا PRO لە شوێنی بکەری ڕستیلەی چاوگیی (Infinitive-clause)دا دێت. PRO هەر وەك pro بە جێناوێکی کەسی نادیار دادەنرێت، بەڵام بە پێچەوانەی proی بچوکەوە، PRO فیچەری ئەنافەری تیادایە، چونکە واتاکەی لە لایەن وەچەبەستێنەرەکەیەوە دیاریدەکرێت (Radford, 2004b: 108-109). هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەمانپێدا PRO لە ڕستیلەی چاوگیدا دێت و ڕستیلەی چاوگیش لە زمانی کودیدا نییە، چونکە هەموو ڕستە و ڕستیلەکانی زمانی کوردی تاف و کەسدارن، هەربۆیە PRO لە زمانی کوردیدا نییە (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١: ١٦٤).

سـەبارەت بـەم ڕاسـتیانەی، کـە خسـتمەڕوو دەربـارەی pro، PROیـە لـە زمـانی کوردیدا، لێرەدا لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکەم بە شێوەیەکی گشتی تایبەتـە بـە کرمـانجی ناوەڕاسـت، هەربۆیـە دەربـارەی هـەبوونی pro، PROیـە لـە کرمـانجی ناوەڕاسـتدا، چونکە لێکۆڵینەوەش هەیە دەربارەی کرمانجی ژوروو، کە تیایدا ئاماژەدەدات بەوەی، کە proی بچوك لە کرمانجی ژووروودا نییە، واتە کرمانجی ژوروو بکەر خراو نییە (ڤیان سلێمان، ٢٠٠٩: ١٤٥-١٤٩) و (Barwari, 2004: 138-139). سەبارەت بە PRO ڤیان سلێمان (٢٠٠٩: ١٤٩-١٥٠) بۆچوونی وایە کە PRO لە کرمانجی ژووروودا هەیـە بـەڵام بـە بۆچـوونی ئێمـە ئـەو PROیـەی کـە ئاماژەیپێـداوە proیـە کـە لـە ڕسـتیلەی دووەمـی ڕسـتەی ئاڵۆزدا دەردەکـەوێت، چونکە لـە ڕسـتیلەی دووەمـدا ئەگـەر بکەرەکـە هـەمان بکـەری ڕسـتیلەی یەکـەم بێـت، دەرناکەوێتـەوە، واتـە PROیـش لـە کرمـانجی ژوورووداا نییە.

(12) John tried, PRO to leave.

لە (١٢)دا PRO بە بکەری ڕستیلە سـەرەکییەکەوە بەسـتراوە کـە (John)ـە کەواتـە PRO وەك ئەنافـەر وایـە. هـەروەها لەبەرئـەوەی (John) لـە شـوێنی ئارگومێنـت (A)دایە، بەستنەوەکەش لە جۆری (بەستنەوەی –A)یە.

PRO لەبەرئـــەوەی حوکمناکرێـــت، پەیوەنـــدی نێـــوان PRO لەگـــەڵ وەچەبەستێنەرەکەی (antecedent) بە پێی تیۆری بەستنەوە دیاریناکرێت، بەڵکو بە پێی تیۆری کۆنترۆڵ دیاریدەکرێت (بڕوانە ٢-٩).

ئەم زانیارییانەی، کە لـە سـەرەوە سـەبارەت بـە ڕێسـا و جـۆر و تایبەتمەندییـەکانی کاتیگۆری بەتاڵ خرایـەڕوو، ئـەو ڕاسـتیە دەردەخـات، کـە جۆرەکـانی کـاتیگۆری بـەتاڵ ڕۆڵێکـی زۆر گرنگـی هـەبووە لـە تیـۆری GBدا، لەگـەڵ ئـەوەی پەیوەندییـەکی زۆری بـە تیـۆری حوکمکردنـەوە هەیـە، هـەروەها پەیوەندیشـی لەگـەڵ تیۆرەکـانی تـردا هەیـە، بـۆ نمونـە وەك تیـۆری بەسـتنەوە، هـەر وەك لـە نمونەکانـدا خرایـەڕوو، pro پەیوەنـدی بـە ڕێسای یەکەمی تیۆری بەستنەوە هەیە، شوێنپێی–فرێزی ناویش پەیوەندی بە ڕێسای دووەمـەوە هەیـە، هـەروەها PROیـش پەیوەنـدی بـە ڕێسـای یەکـەم و دووەمـی تیـۆری بەستنەوە هەیە. لەگەڵ تیۆرەکانی تری وەك دۆخ و ڕۆڵی ڤیتا.

## ٢-٤-٢/ ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ لە MPدا:

ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەدا پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ حوکمکردندا هەبوو، چونکە ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ یەکێك بوو لە ڕێساکانی تیۆری حوکمکردن، بەپێی ئەم ڕێسایە شوێنپێکان دەبوایە حوکمی توند بکرانایە، بەڵام لە مینیماڵ پرۆگرام (MP)دا، لەبەرئەوەی تیۆری حوکمکردن هیچ گرنگییەکی نەما، واتە لابرا، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ نەمانی ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ، چونکە لە سەرچاوەکانی (MP)دا هیچ ئاماژەیپێنەدەدرا، هەروەها:

- تیۆری شوێنپێ، کە گرنگی زۆری هەبوو لە GBدا، لە MPدا لابرا، واتە هەر شوێنپێ (trace) نەما، چونکە بە تیۆری کۆپی شوێنی گیرایەوە (بڕوانە ٣-٢-٦).
- کاتیگۆری بەتاڵ پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ ڕێساکانی تیۆری بەستنەوە هەبووە هەروەك لە (٢-٤-١)دا ئاماژەمانپێداوە. بەڵام تیۆری بەستنەوە لە MPدا ئەو گرنگییەی نەما، هەر وەك چۆن لە GBدا هەیبوو، چونکە مەرجی بەستنەوە دەبوایە لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا بێت، بەڵام حوکمکردن لە MPدا لابرا. کەواتە لاوازبوونی تیۆری بەستنەوە لە MPدا، هۆکارێکی ترە بۆ نەمانی ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ (بڕوانە ٢-٦-١).

لەم ڕوونکردنەوەیەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە ئەنجامی ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکە، چومسکی لە MPدا ئاماژەی بە کاتیگۆری بەتاڵ و ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ نەداوە، ئەمە جگە لەوەی دووان لە کاتیگۆرییەکان، کە شوێنپێی فریزی ناویی و وشەی پرسە، لە ئەنجامی نەمانی شوێنپێ، ئەو دووانەش لابران، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵوەشانەوەیەکە بۆ کاتیگۆری بەتاڵ و ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ. هەروەها pro، PRO وەك بکەرێکی نادیار (null-subject) ئاماژەیپێدراوە، [١٠] pro لەو زمانانەدا هەیە، کە پێیدەوترێت زمانە بکەرخراو (pro-drop language)/ زمانە بکەر نادیار (null-subject language)ەکان، وەك زمانی کوردی، ئیتالی، ......، کە لەم زمانانەدا proی بکەر لە ڕستەی تاف و کەسداردا لە شوێنی بکەردا دەردەکەوێت.[١١] هەروەها PROی بکەر نادیار (null-PRO subject)یش لە ڕستیلەی کۆنترۆڵکراوی چاوگیدا دەردەکەوێت. pro، PRO فیچەری ڕێزمانیی و واتاییان هەیە، بەڵام فیچەری فۆنەتیکیی نییە، بۆ نمونە:

(١٣) pro چوو بۆ بازاڕ

(14) The prisoners tried [PRO to escape].

کەواتە لێرەدا مەبەستم لەوەیە، کە pro، PRO هەر وەك چۆن لە تیۆری GBدا ئاماژەپێیێدراوە لە مینیمالٚ پرۆگرامیشدا بە هەمان شێوە ئاماژەیانپێدراوە، وەك وەچەپێکهاتەی نادیار (null-constituents)، بەو زمانانەش کە proی تیادایە دەوترێت زمانە بکەر نادیار (null-subject language)ەکان.

## ٢-٥/ تیۆری دۆخ (Case Theory):

دۆخ لە ڕابردوودا لە لایەن زۆر لە زمانەوان و ڕێزماننوسەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و دۆخ بە یەکێك لە جۆرەکانی پەیوەندی ڕێزمانیی دادەنرا و پەیوەندی ڕێزمانیش لە ڕێی ڕیزبوونی وشە (word order) و ڕێککەوتن و نیشانەکردنی دۆخ (case marking)ەوە دیاریدەکرا. بۆ نمونە لە هەندێ زمانی وەك لاتینی، ئەڵمانی کۆن، گریکی کۆن، ڕوسیی، ...... هتد، لەبەرئەوەی ڕیزبوونی وشەکان لە ڕستەدا جێگیرنەبووە، پەیوەندی ڕێزمانیی لە لایەن فۆرمی جیاوازی ناوەکانەوە دەزانرا، کە بریتی بوو لە خستنەسەری زیادەیەك لە کۆتایی ناوەکاندا، بە هۆیەوە دەزانرا، کە ئەو وشەیە بکەرە یان بەرکار، یان ........، کە بەمەش دەوترا دۆخ، بەڵام لە هەندێ زمانی وەك چینیی پەیوەندی ڕێزمانیی (Grammatical Relations) بە هۆی ڕیزبوونی وشەکانەوە نیشاندەدرا. هەندێ زمان لە سەردەمێکی کۆندا، لەبەرئەوەی سیستێمێکی دەوڵەمەندی دۆخیان هەبووە، پەیوەندی ڕێزمانیی وشەکان بە هۆی دۆخەوە دیاریدەکرا، کە بریتی بوون لەو مۆرفیمە بەندانەی، کە بە کۆتایی ناوەکانەوە دەنووسان. بەڵام دواتر لە سەردەمێکی تردا لەو زمانانەی، کە سیستێمی دەوڵەمەندی دۆخیان هەبووە لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی زمان و گۆڕانی سیستێمی زمانەکان لە سینتیتك (synthetic) بۆ سیستێمی ئەنالیتیك (Analaytic)، پەیوەندی ڕێزمانی وشەکانی ڕستە بەهۆی ڕیزبوونی وشەکانەوە دەردەبڕا.[١٢] نمونەی دۆخ لە زمانی لاتینیدا:

(15) a. Mat<u>er</u> filiae vestem dat. (دایکەکە چاکەتێکی بە کچەکەی دا)
داتیڤ نۆمینەتیڤ

b. Matri fila vestem dat. (کچەکە چاکەتێکی دا بە دایکەکەی)
نۆمینەتیڤ داتیڤ

لە (15 ab)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە لەگەڵ ئەوەی دوو واتای جیاوازی هەیە، بەڵام وشەکان هەمان ڕیزبوونیان هەیە و پەیوەندی ڕێزمانی وشەکان بەهۆی دۆخ (case)ەوە، کە بریتین لەو مۆرفیمە بەندانەی، کە بە کۆتایی وشەکانەوە نوساون، نیشاندەدرێن.

کەواتە لە ڕێزمانی کۆندا دۆخ بە یەکێك لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان دانراوە، کە لە هەندێ زماندا دۆخ هەبووە و لە هەندێ زمانی تردا نەبووە.

لە سەرەتاکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنانیشدا دۆخ تەنیا بە فیچەری مۆرفۆلۆجیی دادەنرا، کە لە لایەن یاسایەکەوە دەدرا بە ئایتمە لێکسیکییەکان. بۆ نمونە لە شاکارەکەی (١٩٦٥)ی چومسکی پەیوەندی ڕێزمانیی لە ڕێی دروستەوە دیاریدەکرا، مۆرفۆلۆجی ناوەکانیش هەر بە پێی شوێنی دروستەییان دیاریدەکرێن (سەباح رشید، ٢٠٠٧: ٤٧) و ( Farrokhpey, 1999: 123; Muhammad, 2006: 16; Ura, 2003: 335).

لە تیۆری GBدا تیۆری دۆخ بە یەکێك لە تیۆرەکانی دادەنرێت، هەر وەك لە سەرەتاوە ئاماژەمانپێدا، کە بیرۆکەی دۆخ مێژوویەکی کۆنی هەیە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، بەڵام بیرۆکەی دۆخ لە تیۆری GBدا بە بۆچوونێکی تازەوە خرایەڕوو، کە جیاوازی هەبووە لەگەڵ بیرۆکەی کۆنی دۆخ. واتە دۆخ تەنها هەر پەیوەندی بەو زیادە یاخود مۆرفیمە بەندانەوە نەبووە، کە چوونەتە کۆتایی وشەکانەوە لە هەندێ زماندا، بەڵکو دۆخ لە هەموو زمانێکدا هەیە چ لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دیاربێت، یان نادیار (ئەبستراکت) بێت.

واتە یەکێك لە داهێنانە تازەکانی دۆخ لە GBدا دۆخی ئەبستراکت ( Abstract case) بوو، کە بواری دەرکەوتنی دۆخ بە هەموو فرێزێکی ناویی دەدات و دۆخی ئەبستراکت سیستێمە بە سەر هەموو زمانەکاندا جێبەجێدەبێت (سەباح رشید، ٢٠٠٧: ٤٩ و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون).

## ٢-٥-١/ جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانیی:

أ. دۆخی دروستەیی (Structural Case):

بەو دۆخە ڕێزمانییانە دەوترێت ، کە بە پێی شوێنی فرێزە ناوییەکان دیاریدەکرێن/ دەدرێن لە دروستەی ڕووکەشی ڕستەدا لە دوای جوڵانی فرێزە ناوییەکان.

(١٦) شیلان کتێبەکەی خوێندەوە.

لە (١٦)دا فرێزی ناویی شیلان و کتێبەکە بە پێی شوێنیان لە دروستەی ڕستەکەدا دۆخی ڕێزمانییان پێدراوە لە دروستەی ڕووکەشدا.

ب. دۆخی زگماکیی (Inherent Case):[١٣]

بەو دۆخە ڕێزمانییانە دەوترێت، کە بە پێی شوێنی فرێزە ناوییەکان لە دروستەی قوڵی ڕستەدا بە چەند ئارگومێنتێکی تایبەتی دەدرێن، واتە پێش ئەوەی گواستنەوە ڕووبدات (Cook and Newson, 1997: 225-226).

(١٧) من کتێبەکەی ئەحمەد دەبەم.

لە (١٧)دا (کتێبەکە) دۆخی دروستەیی ئەکیوزەتیڤی لە لایەن کردارەوە وەرگرتووە لە دروستەی ڕووکەشدا، بەڵام (ئەحمەد) دۆخی زگماکی خاوەنێتی (جێنەتیڤ)ی لە دروستەی قوڵدا لە لایەن مۆرفیمی (ی) خستنەسەر وەرگرتووە.

(١٨)




تیۆری دۆخ لە GBدا لە ڕێی پرۆسەیەکەوە، کە پێدانی دۆخ (case assigner)ی پێدەوترێت دەدرێت بە فرێزە ناوییەکان. پێدانی دۆخیش لە لایەن سەرەکانەوە دەدرێن لە دروستەی ڕووکەشدا، بۆ نمونە:

- کردار دۆخی ڕێزمانی ئەکیوزەتیڤ (ACC) دەداتە بەرکار لە ڕستەدا.

- پریپۆزیشن دۆخی ڕێزمانی (Oblique) دەداتە تەواوکەرەکەی.
- تاف و کەس (Infle) دۆخی ڕێزمانیی نۆمینەتیڤ دەداتە بکەر.

ڕێسای پێدانی دۆخیش لە هەر زمانێکدا جۆرێك لە پارامێتەر هەڵدەبژێرێت، ئەگەر زمانەکە سەر کۆتایی بێت، ئەوا پێدانی ئاڕاستەی دۆخ (ئەگەر ڕێنوسی زمانەکە لە ڕاستەوە دەستپێبکات) لە چەپەوە بۆ ڕاستە، ئەگەر سەر سەرەتاش بێت لە ڕاستەوە بۆ چەپە. بە ڕای محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٦) دروستەی ڕستە لە زمانی کوردیدا سەر کۆتاییە، چونکە کردار دەکەوێتە کۆتایی:

(١٩) میوانەکان نان دەخۆن.

(٢٠) من ئەم کتێبەم بەتۆ دا.

لە (١٩ و ٢٠)دا کردار کە سەری ڕستەکەیە، کەوتۆتە کۆتایی، واتە ڕستە لە زمانی کوردیدا، بە شێوەیەکی گشتی سەر کۆتاییە (Head final)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دروستەی هەندێ فرێزی زمانی کوردیدا سەر دەکەوێتە سەرەتا، بۆ نمونە لە (٢٠)دا لە فرێزەکانی (ئەم کتێبە)، (بە تۆ)دا سەر کەوتۆتە سەرەتا، واتە سەر سەرەتا (Head initial)ن:

(٢١)




(٢٢)




کەواتە تیۆری دۆخ لە (GB)دا لە ئەنجامی ئەوەی، کە دوو جۆر لە پارامێتەری (سەر)ی دیاریکردووە، دوو جۆر لە ڕیزبوونی دروستەی فرێزی دیاریکردووە، کە ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو (LCA)ی دروستەی بار فرێزە لە MPدا (بڕوانە ٤-٦).

تیۆری دۆخ ڕێسایەکی هەیە، کە پێیدەوترێت پاڵێوەری دۆخ (case filter) بە پێی ڕێسای پاڵێوەری دۆخ:

**پێویستە هەموو فرێزێکی ناویی دۆخی ڕێزمانی (دیار/ نادیار)ی پیٚ ببەخشرێت لە ڕستەدا** (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١: ٣٥ ؛ تارا موحسن، ٢٠٠٤: ٢٦).

## ٢-٥-٢/ پەیوەندی دۆخی ڕێزمانیی بە حوکمکردنەوە:

لە تیۆری GBدا پێدانی دۆخ بە ئەلەمێنتەکان لە لایەن (سەر)ەوە دەبێت، هەروەها حوکمکردنیش هەر لە لایەن (سەر)ەوە دەبێت، کەواتە کاتێک ئەلەمێنتێك دۆخ وەردەگرێت، کە پێشتر لە لایەن هەمان (سەر)ەوە حوکمکرابێت. بۆ نمونە بەرکار کاتێک دۆخی ئەکیوزەتیڤ لە لایەن کردارەوە وەردەگرێت، کە پێشتر لە لایەن هەمان سەرەوە حوکمکرابێت، واتە دۆخی ڕێزمانیی بە بیٚ حوکمکردن نابێت، ئەمەش یەکێکە لە داهێنانەکانی تیۆری GB.

(٢٣) ئەو کتێبەکە بە تۆ دەدات.

(٢٤)




لە (٢٤)دا، DPی (ئەو) لە لایەن (I)یەوە حوکمکراوە و دۆخی ڕێزمانی نۆمینەتیڤی هەر لە لایەن (I)یەوە وەرگرتووە، چونکە بکەر/ کارا لە ژێر حوکمی IPدایە، I وەچە-ئاڕاستە (c-command)ی (ئەو) دەکات، چونکە هیچ بەربەستێك لە نێوان (I، ئەو)دا نییە، وە فرێزی (کتێبەکە)ش لە لایەن کردارەوە حوکمدەکرێت و دۆخی ڕێزمانی ئەکیوزەتیڤ وەردەگرێت، چونکە بەرکار لە ژێر حوکمی کردار (V)دایە. کردار لەگەڵ بەرکار (کتێبەکە) وەچە-ئاڕاستەی یەکتری دەکەن، هەروەها لە

فرێزی پریپۆزشنی (بە تۆ)دا، پریپۆزشنی (بە) حوکمی فرێزی (تۆ) دەکات و دۆخی ڕێزمانی (oblique)ی دەداتێ، چونکە (بە) سەری فرێزەکەیە و (تۆ) تەواوکەریەتی و حوکمکردنەکەش لە ژێر ڕکێفی وەچە-ئاڕاستەکردندا دەبێت.

## ٢-٥-٣/ کەموکوڕییەکانی تیۆری دۆخ:

تیۆری دۆخ هەر وەك لە (٢-٥)دا بە کورتی خستمانەڕوو، لەگەڵ ئەوەی یەکێك بوو لە تیۆرە گرنگەکانی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە، بەڵام کەموکوڕی تیا هەبووە، بۆ نمونە:

بە پێی ڕێسای پاڵێوەری دۆخ، دەبێت هەموو فرێزێکی ناویی دۆخی وەرگرتبێت لە لایەن سەرەکانەوە، ئەگەر فرێزێکی ناویی دۆخی وەرنەگرتبێت، بە پێی پاڵێوەری دۆخ فرێزە ناوییەکە ڕێپێدراو نابێت لە ڕستەدا.

لە تیۆری دۆخدا ئەوە ئاشکرا بوو، کە فرێزی ناویی بکەر لە لایەن (I) واتە تاف و کەسەوە دۆخی وەردەگرت، فرێزی ناویی بەکاریش لە لایەن (V)یەوە دۆخی وەردەگرت. پێدانی دۆخیش لە دوای α بجوڵێنە لە دروستەی ڕووکەشدا دەدرا. بەڵام ئەم بۆچوونە لە سەرەتای GBدا بوو، چونکە لە کۆتایی GBدا بۆچوونی تازە هاتەکایەوە، کە ئەویش گریمانەی فرێزی ڕێککەوتن (AGRP)ی بکەر و بەرکار بوو، بەپێی ئەم بۆچوونە ، بکەر لە لایەن سەری AGRsەوە حوکمدەکرا و دۆخی نۆمینەتیڤی وەردەگرت، بەرکاریش لە لایەن سەری AGRoەوە حوکمدەکرا و دۆخی ئەکیوزەتیڤی وەردەگرت، ئەمەش لە دوای جوڵانیان لە شوێنی خۆیانەوە بۆ specی AGRsP و AGRoP. (بڕوانە ٤-١).

کەموکوڕییەکانی تیۆری دۆخ لەوەدایە، کە هەندێ فرێزی ناویی هەبوو، دۆخی وەرنەدەگرت لە دروستەی ڕووکەشدا، ئەمەش دەبووە هۆی برینداركردنی ڕێسای پاڵێوەری دۆخ، چونکە بە پێی ئەم ڕێسایە نابێت هیچ فرێزێکی ناویی لە دروستەی ڕووکەشدا دۆخی وەرنەگرتبێت. چومسکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕییانە پەنایدەبردە بەر:

أ. دۆخی زگماکیی، بۆ نمونە فرێزی ناویی خاوەنێتی لە دروستەی ڕووکەشدا دۆخی وەرنەدەگرت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕییە پەنادەبرایە بەر دۆخی زگماکیی، کە لە دروستەی قوڵدا دەدرا، بۆ نمونە:

(٢٥) ئەو جلەکانی نساری لەبەرکرد.

لە (٢٥)دا، فرێزی ناویی نسار لە فرێزی خاوەنێتی (جلەکانی نسار)دا دۆخی زگماکیی لە دروستەی قوڵدا لە لایەن (ی) خستنەسەرەوە وەردەگرێت، چونکە فرێزی خاوەنێتیی وەك فرێزی بکەر و بەرکار پێویست بە گواستنەوە ناکات، تا دۆخ وەربگرێت، بەڵکو لە دروستەی قوڵدا لە دوای وەرگرتنی ڕۆڵی ثیتا، دۆخی زگماکیش وەردەگرێت، واتە دۆخی دروستەیی دەبەسترایەوە بە حوکمکردن، بەڵام دۆخی زگماکیی بە ڕۆڵی ثیتاوە دەبەسترایەوە.

جگە لە دۆخی خاوەنێتی، لەو ڕستانەی، کە کردارەکەی داوای دوو بەرکار دەکات، وەك لە زمانی ئینگلیزیی و عەرەبیدا هەیە. بەرکاری یەکەم دۆخی ئەکیوزەتیڤ لە دروستەی ڕوکەشدا وەردەگرێت، بەڵام بەرکاری دووەم دۆخی داتیڤ لە دروستەی قوڵدا وەردەگرێت، بۆ نمونە:

(26) I give him a book.

فرێزی (a book) دۆخی ئەکیوزەتیڤی لە دروستەی ڕووکەشدا وەرگرتوە، بەڵام فرێزی (him) دۆخی داتیڤی لە لایەن کردارەوە لە دروستەی قوڵدا وەرگرتووە. کەواتە دۆخی زگماکیی و پێدانی دۆخ لە دروستەی قوڵدا هۆکارێکە بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی تیۆری دۆخ.

ب. هەندێ فرێزی ناویی هەبووە لە ڕستەدا، دۆخیان وەرنەدەگرت چونکە لە لایەن هیچ سەرێکەوە حوکمنەدەکران، بۆ ئەوەی ڕێسای پاڵێوەری دۆخ بریندارنەکرێت، فرێزە ناوییەکان دەخرانە پاڵ کرداربەندیی (predication)، بۆ نمونە:

(٢٧) عەلی خوێندکارە.

لە (٢٧)دا فرێزی ناویی (خوێندکار) نە حوکمکراوە نە دۆخیشی وەرگرتووە، چونکە ڕستەکە کرداری تەواوی تیا نییە، تا حوکمیبکات و

دۆخیشـی بـداتێ. بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کەموکوڕییـە فرێـزی نـاویی (خوێندکار) خراوەتە پاڵ کرداربەندیی.

پ. PROی گەورە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، جێناوێکی نادیارە، لە شوێنی بکەردا دێت لەو ڕستیلانەی، کە کرداری تەواوی تیانییە، بەڵام بە پێی تیۆری کـۆنترۆڵ PRO دۆخـی وەرنـەدەگرت، چـونکە لـە لایـەن هـیچ سـەرێکەوە حوکمنەدەکرا. ئەمەش کەموکوڕییەکی تری تیۆری دۆخ بوو (بڕوانە ٢–٩؛ ٢–٩–١).

ت. هەمیشە لە تیۆری دۆخدا دەوترا کە فرێزە ناوییەکان لە دوای α بجوڵێنە دۆخ وەردەگرن، سەبارەت بە فرێزی بکەر/کارا و بەرکار هەمیشە پێدانی دۆخەکانیان دەبەسترانەوە بە جوڵانەوە، واتە لە دوای α بجوڵێنە لە دروستەی ڕووکەشدا دۆخیـان وەردەگـرت، بـەڵام سـەبارەت بـە دۆخـی ئـەو فرێـزە ناوییـەی، کـە تەواوکـەری پریپۆزیشـن بـوو، لـە دروسـتەی فرێـزی پریپۆزیشـنیدا، هـیچ ئاماژەیەکی پێنەدەدرا بەوەی، کە ئایا لە دروستەی قوڵ دۆخی وەردەگرت لە لایەن پریپۆزشنەوە، یان لە دوای α بجوڵێنە.

## ٢-٥-٤/ دۆخی ڕێزمانیی لە MPدا:

دۆخی ڕێزمانیی لە GBدا لە دروستەی ڕووکەشدا لە لایەن سەرەکانەوە بە فرێزە ناوییەکان/ دەرخەرییەکان (NP/DP) دەدران لە ژێر پەیوەندی حوکمکردندا. بەڵام لە مینیمالْ پرۆگرامدا ئەوە خرایەڕوو، کە دروستەی ڕووکەش بە ئاستێکی زیادە دادەنرێت (بڕوانە ٢–٢–١). پەیوەندی حوکمکردنیش بە پەیوەندییەکی زیادە و ئاڵۆز دانراوە (بڕوانە ٢–٣–١).

کەواتە بە لابردنی ئاستی دروستەی ڕووکەش و پەیوەندی حوکمکردن چۆن دۆخ دەدرێت؟

چومسکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە:

زاراوەی پێـدان/دیاریکردن (Marking/ assignment) کـە لـە تیـۆری GBدا ئاماژەپێدراوە، لایبرد. لە جیاتی ئەم زاراوەیە زاراوەی پشکنین (checking)ی دانا، چۆن؟

لـە MPدا دۆخ نادرێـت لـە لایـەن (سـەر)ەوە بـە فرێـزە ناوییـەکان، بـەڵکو دۆخ دەپشـکنرێت لـە لایـەن (سـەر)ەکانەوە، واتـە دۆخ بـە فیچـەرێك دادەنرێـت، چـونکە ئەلەمێنتەکان کاتێك لە فەرهەنگەوە دەچنە داڕێژراوێکەوە، بە فیچەرەکانیانەوە دەچنە نـاو داڕێژراوەکـە. کەواتـە دۆخ پێـدان یـان دۆخ دیـاریکردن بـۆ دۆخ پشـکنین (case-checking) بچوکدەکرێتەوە. فیچەرەکانیش دوو جۆرن:

- فیچەری بەهێز: پێش شەقبوون دەپشکنرێت.
- فیچەری لاواز: دوای شەقبوون دەپشکنرێت.

بـۆ ئـەوەی فرێـزە ناوییـەکان بپشـکنرێن دەبێـت، بـۆ شـوێنی specی سـەرە ئەرکییەکان بجولێن، پشکنینەکەش لە ژێر پەیوەندی سپێك-سەر (spec-head)دایە (Cook and Newson, 1997: 328-329; Hornstein, 2001: 8).

هـەروەها لـە (MP)دا لەبەرئـەوەی پێـدانی دۆخ نـەما، هەربۆیـە ڕێسـای پـاڵێوەری دۆخیش (Case filter) گۆڕانکاری تیاکراوە، بەڵام چۆن؟

پاڵێوەری دۆخ لـە بری ئـەوەی پەیوەستبکرێت بە پێدانی دۆخـەوە، بـەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیپێدراوە (Marantz, 1995: 356):

أ. ناوەکان دەبێـت لـە فەرهەنگدا فیچـەری مۆرفۆلـۆجی دۆخیـان پێـدرابێت، پـێش ئەوەی بچنە (inserted) ناو داڕێژراوەکە. پاشان لە ڕێی جولان بۆ دابینکردنی ئـەو داواکارییـەی، کـە دەبێـت DP/NPیـەکان بجـولێن بـۆ ئـەو شـوێنەی، کـە فیچـەرە مۆرفۆلۆجییـەکانی وەك دۆخ تیا بپشـکنرێن پـێش ئاسـتی PF و LFی سـنورهاوبەش (Interface)، چـونکە ئەگـەر نەپشـکنرێن ڕەنگـە داڕێژراوەکـە تێکبشکێت و نەگاتە خاڵی لێکنزیکبوونەوە (convergence).

ب. فیچـەری دۆخـی DP/NPیـەکان دەبێـت لـە سینتاکسـدا بپشـکنرێت، هـەروەها سـەرەڕای جـولانی NPیـەکان، جـولانی سـەر (Head-movement)ی کردارەکـانیش بـۆ گرێـی تـاف (Tense)، ئـەم جولانانـە لـە لایـەن پـاڵێوەری دۆخەوە هاندەدرێت، چونکە دەبێت فیچەرە مۆرفۆلۆجییەکان پێش ئاستەکانی سـنورهاوبەش بپشـکنرێن، پشـکنینەکەش دەبێـت، لـە نـاو ڕکێف/دەسـەڵاتی پشکنین (checking domain)دا بێت.

(٢٨) ئەو تۆ دەبینێت.

(٢٩)




لە (٢٩) دا کارا لە specی vpیەوە بۆ specی TP جولاوە بۆ پشکنینی فیچەری دۆخی نۆمینەتیڤ، هەروەها فیچەری ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو (EPP)ی TPیش لە لایەن فریزی (ئەو)ەوە دەپشکنرێت، چونکە ئەگەر فریزی (ئەو) نەچێتە specی TP ئەوا فیچەری (EPP) بە ڕاڤەنەکراوی دەمێنێتەوە. بەرکار (تۆ)یش لە specی VPیەوە بۆ specی vp جولاوە بۆ پشکنینی دۆخی ئەکیوزەتیڤ. هەروەها کرداریش لە شوێنی خۆیەوە جولاوە بۆ سەری (T) بۆ پشکنینی فیچەری تافەکەی. جولانی کردار لە جۆری (سەر–سەر)ە.

## ٢-٦/ تیۆری بەستنەوە (Binding theory):

تیۆری بەستنەوە لقێکی تری تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەیە. بۆ یەکەمین جار تیۆری بەستنەوە لە ساڵی ١٩٧٣ لە لایەن چومسکییەوە خرایەڕوو، دواتریش لە ساڵانی هەشتاکاندا جارێکی تر گەشەپێدرایەوە (Barwari, 2004: 38-39). تیۆری بەستنەوە لەگەڵ تیۆری حوکمکردندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە تیۆری GBدا، وەك بیرۆکەیەکی تازە لە زماندا خرایەڕوو، تەنانەت بووە بەشێك لە ناونیشانی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە.

تیۆری بەستنەوە بە شێوەیەکی گشتی لە دیاردەی هاونیشانەیی (co-referential) نێوان فریزە ناوییەکانی ناو ڕستە دەکۆڵێتەوە و دیاریدەکات، لەگەڵ کاتیگۆرییە بەتاڵەکان. فریزی ناویی بە پێی تیۆری بەستنەوە بۆ: ئەنافەر، جێناوی کەسیی، دەربراوی بۆگەڕاوە/ ئاماژەدەر پۆلدەکرێت.

- ئەنافەر وەك جێناوی خۆیی (خۆم، خۆمان، خۆت، ......) لەگەڵ جێناوی هاوبەش (یەکترمان، یەکترتان، یەکتریان).
- جێناوی کەسیی (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان).
- دەربڕاوی بۆگەڕاوە یاخود ئاماژەدەر، مەبەست لەو هەموو ناوانەیە، کە دەگەڕێتەوە یان ئاماژەدەدات بەو شتانەی، کە لە دەوروبەردا هەیە، وەك (گوڵ، دار، دیوار، کوڕ، پیاو، ..........)

بە پێی تیۆری بەستنەوە:

**أ. ئەنافەر لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەر (governing category)ەکەیدا بەستراوەیە.**

**ب. جێناوی کەسیی لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا سەربەستە.[14]**

**پ. دەربڕاوی بۆ گەڕاوە/ ئاماژەدەر لە هەر شوێنێکدا بێت، سەربەستە** (Chomsky, 1986: 188; Trask, 1993: 30).

(٣٠) أ. ئەو هات.

ب. ئەو دەیەوێت، pro خۆیی ئیشەکە بکات.

پ. ئێمە یەکترمان بینی.

ت. شڤان کتێبەکەی خوێندەوە.

لە (٣٠ أ ب)دا جێناوی کەسیی (ئەو) لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا سەربەستە، بەڵام لە (٣٠ب)دا pro لەبەرئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ بکەری ڕستە سەرەکییەکە، کە (ئەو)ە هەردووکیان هاونیشانە دەبن، لە (٣٠پ)دا جێناوی کەسی (ئێمە) لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا سەربەستە، بەڵام جێناوی هاوبەشی (یەکترمان) لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا (مەبەست لە ڕستەکەی خۆیەتی، کە تیایدا حوکمدەکرێت و دۆخی ڕێزمانیی وەردەگیرێت) بەستراوە بە وەچەبەستێنەرێکەوە، کە جێناوی (ئێمە)یە، وەچەئاڕاستەی ئەنافەری (یەکترمان) دەکات و لە ڕووی کەس و ژمارەیشەوە هاونیشانەن.[15] لە (٣٠ت)دا هەر دوو فرێزی (شڤان، کتێب) دەربڕاوی ئاماژەدەرن لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیاندا سەربەستن.

لە تیۆرەی GBدا دوو جۆر لە بەستنەوە دیاریکراوە (Haegeman, 1998: 240):

أ. بەستنەوەی A– (Binding–A):

بریتییە لە بەستنەوەی ئەنافەرەکان و شوێنپێی ئارگومێنتی جولاو، کە بەستراون بە وەچەبەستێنەرێك، کە دەبێت لە شوێنی ئارگومێنتدا بێت:

(٣١) ئەو خۆی کوشت.
i i

لە (٣١)دا ئەنافەری (خۆی) بەستراوە بە وەچەبەستێنەری (ئەو)، کە لە شوێنی ئارگومێنتی بکەردایە.

ب. بەستنەوەی Á–: بریتییە لە بەستنەوەی وەچەپێکهاتەیەك لە لایەن کاتیگۆرییەکەوە، کە لە شوێنی ئارگومێنتێکدا نییە، بۆ نمونە:

(32) {CP Who {IP t will arrive first}}?
i i

لە (٣٢)دا شوێنپێی وشەی پرسیار بەستراوەتەوە بە (Who)، کە لە شوێنی ئارگومێنتدا نییە، (Who) وەچە–ئاڕاستەی t دەکات و هەردوکیان هاونیشانەن.

## ٢-٦-١/ تیۆری بەستنەوە لە MPدا:

تیۆری بەستنەوە هەر وەك لە (٢–٦)دا خرایەڕوو، لە سێ ڕێسا پێکهاتبوو، وە هەر سێ ڕێساکە سەبارەت بە بەستنەوە بوو لە ناو کاتیگۆری حوکمکەر (governing category) یان کەمترین دەسەلات/ ڕکێف (minimal domain)دا، واتە تیۆری بەستنەوە پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ تیۆری حوکمکردندا هەیە، چونکە بەستنەوە دەبێت لە ناو ڕکێف/دەسەلاتی حوکمکردنەکەیدا بێت. بەلام تیۆری حوکمکردن لە MPدا هیچ گرنگییەکی نییە و زیادەیە، ئەمەش واتای لاوازبوونی تیۆری بەستنەوەیە.

لە ڕێسای یەکەمی تیۆری بەستنەوەدا: ئەنافەر لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا بە وەچەبەستێنەرەکەیەوە بەستراوە.

لەم ڕێسایەی بەستنەوەدا پەیوەندی وەچەبەستێنەر (antecedent) ڕەگی داکوتاوە. بەلام ئەم ڕێسایە لە جیاتی ئەوەی بە بیرۆکەی حوکمکردنەوە ببەسترێتەوە، وا باشترە، کە وەك ئەنجام یان بەرهەمێکی جولان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە بە شاراوەیی (نادیاری) ئەنجامبدرێت. واتە ئەنافەر بە شاراوەیی دەجولێت بۆ نزیك لە

وەچەبەستێنەرەکەی، هەربۆیە ڕێسای یەکەمی تیۆری بەستنەوە بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت، لە ئەنجامدا دەبێتە دەستبەرداربوون لێی:

(33) a. Seem to each other the men to be intelligent.
b. The men seem to each other to be intelligent.

لە (33a)دا بکەری ڕستیلە نزمەکە (The men) ناتوانێت، ئەنافەری (each other)ی ڕستە سەرەکییەکە ببەستێتەوە، ئەگەر بەرزکردنەوە ئەنجامنەدرێت ڕستەکە ناڕێزمانیی دەبێت، کەواتە لە (33b)دا بکەری ڕستیلە نزمەکە لە ئەنجامی جوڵانیەوە بۆ بکەری ڕستیلە بەرزەکە چۆتە ناو پەیوەندی بەستنەوە لەگەڵ ئەنافەرەکەیدا.

بەستنەوەی ئەنافەرەکان بە جوڵانەوە، خزمەتی سادەکردنەوەی شتەکان دەکات، بۆ نمونە هەنگاوێکە بەرەو لابردنی حوکمکردن و ڕکێف، چونکە بەستنەوەی ئەنافەرەکان بە بەستنەوەوە پێویست بە کاتیگۆری حوکمکەر یان کەمترین ڕکێف ناکات، ئەمەش یاریدەدەرە بۆ لابردنی حوکمکردن وەك پەیوەندییەکی سەرەکیی و بنچینەیی لە تیۆرەکەدا (Hornstein, 2001: 13).

ڕێساکانی بەستنەوە لە GBدا لە دروستەی ڕووکەشدا، جێبەجێدەکرا، واتە دوای α بجوڵێنە، چونکە لە پاش دروستەی قوڵ، ئەلەمێنتەکان دەتوانن بجوڵێن بۆ ئەو شوێنانەی، کە دەچنە ناو پەیوەندی بەستنەوە، بەلاّم لە (MP)دا جگە لەوەی، کە دروستەی ڕووکەش لابراوە، دەکرێت بەستنەوە لە LFدا ئەنجامبدرێت، چونکە ئەنافەر لە LFدا بە شاراوەیی بۆ شوێنێکی نزیك لە وەچەبەستێنەرەکەی دەجوڵێت، واتە نابێت ئەنافەر ببەسترێتەوە بە ئەلەمێنتێك لە ڕستیلەیەکی نزمتردا، هەر وەك لە (33a)دا خرایەڕوو (Cook and Newson, 1997: 331).

نمونەی (٣٣)مان بۆیە بە پێی زمانی ئینگلیزیی ڕوونکردۆتەوە، چونکە ئەگەر بەراوردیبکەین لەگەڵ زمانی کوردیدا، گواستنەوەی بکەر لە ڕستیلەی نزمەوە بۆ بەرز لە زمانی کوردیدا نییە، بەلاّم گواستنەوەی بکەر لە ڕستەی سادەدا چ لە زمانی کوردی و چ لە ئینگلیزیدا هەیە، بۆ نمونە:

(٣٤) ئەوان یەکتریان خۆشدەوێت.

(35) They like each other.

لە (٣٤، ٣٥)دا بکەر لە specی vpیەوە بۆ specی TP دەجوڵێن، بۆ ئەوەی دۆخی نۆمینەتیڤیان بپشکنرێن، هەروەها بەرکاریش لە شوێنی خۆیانەوە دەجوڵێن بۆ specی vp. کەواتە وا شیاوترە، ئەگەر بەستنەوە لە جیاتی حوکمکردن بە جولانەوە ببەسترێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ لاوازبوونی تیۆری بەستنەوە.

لە GBدا ئەنافەر و جێناوە کەسییەکان لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان (complementary distribution)، بەڵام لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات:

بۆچی جێناوە کەسییەکان و ئەنافەرەکان لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان؟

بە پێی بۆچوونی GB ئەم دابەشبوونە لە بەر حساباتەکانی بەستنەوەیە، چونکە لە ئەنجامی ئەم دابەشبوونی تەواوکەرانەدایە، کە لە GBدا ڕێسای یەکەم و دووەمی تیۆری بەستنەوە بەرهەمدێت، بەڵام کاتێك ڕێسای یەکەمی تیۆری بەستنەوە لە جیاتی حوکمکردن بە جولانەوە ببەسترێتەوە، ئەوا ڕێسای یەکەمی تیۆری بەستنەوە بەرەو نەمان دەچێت، ئەمە جگە لەوەی، کە هیچ هۆکارێك نییە، کە بۆچی دەبێت، دابەشبوونی تەواوکەرانە هەبێت لە نێوان جێناوەکان و ئەنافەرەکاندا، کەواتە نەمانی ڕێسای یەکەمی تیۆری بەستنەوە خۆی لەخۆیدا هەڵوەشانەوەیەکە بۆ تیۆری بەستنەوە (Hornstein, 2001: 154).

## ٢-٧/ تیۆری ثیتا (Theta theory):

تیۆری ثیتا یەکێکە لە مۆدیولەکانی GB، ئەم تیۆرە بە دروستەی قوڵ (DS)ەوە دەبەسترایەوە. ئەم تیۆرە گرنگی دەدات بە پێدانی ڕۆڵی ثیتا (سیمانتیك) لە لایەن کردارەوە بە ئارگومێنتەکانی، واتە ڕۆڵی ثیتا پەیوەندی سیمانتیکی نێوان کردار و ئارگومێنتەکانیەتی، بۆ نمونە کرداری (خوێندەوە) دوو ئارگومێنت وەردەگرێت، بۆ ئەوەی ڕۆڵی ثیتاکانی:

أ. کارا (Agnt) بە ئارگومێنتی بکەر بدات.

ب. کارتێکراو (patient) بە ئارگومێنتی بەرکار بدات.

بە پرۆسەی پێدانی ثیتا لە لایەن کردارەوە بە ئارگومێنتەکانی دەوترێت نیشانەکردنی ثیتا (Marking theta) (Heageman, 1998: 49).

نمونە بۆ ڕۆڵی سیمانتیك:

- کارا (Agent): ئەو کەسە یان ئەو شتەیە، کە کارێك بە ئەنجامدەگەیەنێت.

(٣٦) من کتێبەکەم خوێندەوە.

لە (٣٦)دا فرێزی (من) ڕۆڵی کارای لە لایەن کردارەوە وەرگرتووە لە دروستەی قوڵدا.

- کارتێکراو/باس (patient/theme): ئەو کەسە یان ئەو شتەیە، کە لە لایەن کردارەوە کاریتێدەکرێت.

(٣٧) گۆنا پەنجەرەکانی سڕییەوە.

لە (٣٧)دا فرێزی (پەنجەرەکان) ڕۆڵی کارتێکراوی لە لایەن کردارەوە وەرگرتووە.

- سودوەرگر (benefactive): ئەو کەسە یان ئەو شتەیە، کە سودی وەرگرتبێت.

(٣٨) من کتێبەکەم دا بە ئەو.

لە (٣٨)دا فرێزی پریپۆزشنیی (بە ئەو) ڕۆڵی سودوەرگری لە کردارەوە وەرگرتوە.

- مەبەست/ ئامانج (goal): ئەو کەسە یان ئەو شتەیە، کە ئامانجی کردارەکەی هێنابێتەدی.

(٣٩) ئەو بۆ خوێندن بۆ میسر چوو.

لە (٣٩)دا (بۆ میسر) ڕۆڵی مەبەستی لە کردارەوە وەرگرتووە.

- شوێن (location): ئەو شوێنەیە، کە بار/حاڵەت (state) یان کردارێکی تیا ڕوودەدات:

(٤٠) ئەوان لە سەیرانگاکەدا کاتێکی خۆشیان بەسەربرد.

لە (٤٠)دا فرێزی (لە سەیرانگاکەدا) ڕۆڵی شوێنی وەرگرتووە.

- ئـامێر (instrument): ئـەو شـتەیە، کـە دەبێتـە هـۆی بـە ئەنجامگەیانـدنی کردارێك.

(٤١) شاد دەرگاکەی بە کلیل کردەوە و ئازادیش بە چەقۆ.

لە (٤١)دا (بە کلیل)، (بە چەقۆ) ڕۆڵی ئامێریان وەرگرتووە.

- سەرچـاوە (source): مەبەسـت لـە شـوێنی دەسـتپێکردنی کـردارە، بـە زۆری لەگەڵ ئەو کردارانەدا دێن، کە جوڵە یان ئاڕاستەیان تیادایە.

(٤٢) ئەوان لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر ڕۆیشتن.

لـە (٤٢)دا (لـە سلێمانییەوە) ڕۆڵـی سەرچاوەی وەرگرتـووە ( Haegman, 1998: 49-50)، (حاتەم، ٢٠٠٦: ٣٥-٣٨)

تیـۆری ثیتـا ڕێسـایەکی سـەرەکی هەیـە، کـە پێیـدەوترێت پێـوەری ثیتـا (theta-criterion) ئەم ڕێسایە داوای ئەوە دەکات (Ibed: 51, 73):

**هەر ئارگومێنتێك تـەنها یـەك ڕۆڵـی ثیتـا/ سیمانتیك وەربگرێـت، وە هـەر ڕۆڵێکـی ثیتاش تەنها بە ئارگومێنتێك بدرێت.**

بە پێی پێوەری ثیتـا، ئەگـەر ئارگومێنتێك لـە ڕۆڵێکـی ثیتـا زیـاتر وەربگرێـت، ئـەوا لادانە لە تیۆری ثیتا و ئەنجامەکەشی، ڕستەکە نادروست دەبێت.

لــە تیــۆری GBدا پێــدانی ڕۆڵــی ثیتــا/ ســیمانتیك لــە لایــەن کــردارەوە بــە ئارگومێنتەکانی لە دروستەی قوڵدا دەبێت. لێرەدا پرسیارێك دروستدەبێت، ئایا ئـەو ڕۆڵـی ثیتـایانـەی، کـە کردارەکـە هـەڵیگرتووە پـێش پێـدانی بـە ئارگومێنتـەکانی، ئـەم زانیارییانە کردارەکان چۆن دەستیانکەوتووە یان هەڵیانگرتووە؟

ئــــەو زانیارییانــــەی، کــــە پەیوەســــتە بــــەڕۆڵی ســــیمانتیکی کردارەکــــان (پریدیکاتـەکان)ەوە بەشـێکە لـە زانیـاریی فەرهـەنگیی (Lexical Knowledge) قسەکەری زمانی دایك، دەبێت لـە فەرهەنگدا تۆمارکرابێـت، ئەمـەش بە ثیماتیك گرایـد (thematic grid) یـان ثیتـا گرایـد (theta gride) ئاماژەیپێـدەدرێت لـە تیـۆری GBدا، کە بەشێکە لە دەروازەی فەرهەنگیی (lexical entry).

### ٢-٧-١/ دەروازەی فەرهەنگیی (Lexical Insertion):

دەروازەی فەرهەنگیی بریتییە لە زانیاریی ئایتمە لێکسکییەکانی ناو فەرهەنگ، کە دەبێت لە فەرهەنگدا ئەو زانیارییانە تۆمارکرابن( Richards and Plaat, 1992: 211, 294). زانیارییەکان بریتین لە:

- گۆکردن (pronunciation)
- فیچەری سیمانتیکیی بۆ نمونە فیچەری کچ= +مرۆڤ+مێ+......
- کاتیگۆری لێکسیکیی بۆ نمونە: (هات) کاتیگۆری کردارە، (منداڵ) کاتیگۆری ناوە، ........
- تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجیی
- هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی (semantic-selection)، توانای پریدیکاتە لە هەڵبژاردنی ئەو ئارگومێنتانەی، کە پێویستی پێیەتی بۆ نمونە کرداری (هات) تەنها داوای یەك ئارگومێنت دەکات، بەڵام کرداری (بینی) داوای دوو ئارگومێنت دەکات و کرداری (دا)یش داوای سێ ئارگومێنت دەکات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(٤٣) أ. ئەو هات.

ب. ئەو تۆی بینی.

پ. ئەو کتێبەکەی بە تۆ دا.

هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی، پەیوەستە بە ڕۆڵی سیمانتیکییەوە، کە بە (theta-grids) ئاماژەیپێدەکرێت، بۆ نمونە بە پێی ثیتا گراید پریدیکاتی (بینی) لە فەرهەنگدا دوو ڕۆڵی ثیتای هەڵگرتووە: کارا و کارتێکراو.

لەم ڕوونکردنەوەیەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕۆڵی ثیماتیکیی/سیمانتیکیی لە دەروازەی فەرهەنگیی هەموو پریدیکاتەکان لە فەرهەنگدا هەن، بەڵام لە دروستەی قوڵدا لە لایەن کردارەوە دەدرێت بە ئارگومێنتەکان.

### ٢-٧-٢/ تیۆری ثیتا لە MPدا:

تیۆری ثیتا لە GBدا هەر وەك لە (٢-٧)دا خرایەڕوو، ئەم تیۆرە بە دروستەی قوڵی ڕستەوە دەبەسترایەوە، چونکە لەوێدا ڕۆڵی سیمانتیکی وەك کارا، کارتێکراو،

مەبەست، ..... لە لایەن کردارەوە دەدرا بە ئارگومێنتەکانی. بەڵام ئەم تیۆرە کەموکوڕی یاخود کەلێنی تیادابووە، بۆ نموونە ڕێسای سەرەکی تیۆری ثیتا پێوەری ثیتا (θ-criterion)یە. بە پێی ئەم ڕێسایە هەر ئارگومێنتێك تەنها یەك ڕۆڵی ثیتا وەردەگرێت و هەر ڕۆڵێکی ثیتا بە یەك ئارگومێنت دەدرێت (بڕوانە ٢-٧).

ئەم ڕێسایە کەموکوڕیی تیادایە، چونکە هەندێك ئارگومێنت لە ڕۆڵێکی ثیتا زیاتر وەردەگرێت، بۆ نموونە:

(44) a. Sara is leaving the room angry.
b. Sara saw Mary before, t leaving the party.

لە (44a)دا (Sara)، کە بکەرە بەستراوە بە دوو پریدیکات: (leaving) لەگەڵ (angry)، چونکە لەم ڕستەیەدا (Sara) تەنها ژوورەکەی بەجێنەهێشتووە، بەڵکو توڕەیشە، واتە لێرەدا (Sara) دوو ڕۆڵی ثیتای وەرگرتووە، ئەمەش بریندار/پێشێلکردنی پێوەری ثیتایە.

لە (44b)دا (Sara)، کە بکەرەوە دوو ڕۆڵی ثیتای وەرگرتووە. یەکەم جار لە لایەن (leaving)ەوە وەریگرتووە، پاشان لە شوێنی خۆی، کە ڕستیلەی لاوەکییە، بۆ ڕستیلەی سەرەکی دەجولێت، وە جارێکی تریش لە لایەن کرداری ڕستیلە سەرەکییەکەوە ڕۆڵی ثیتا وەردەگرێت. ئەمەش لادانە لە پێوەری ثیتا.

چومسکی پێشنیاری ئەوەی کرد، کە هەندێ گۆڕانکاری لە بۆچوونەکانی پێوەری ثیتادا بکات، چونکە نموونەی (44ab) هۆکار بوون بۆ ئەم گۆڕانکارییە، کە ئەویش خۆدوورخستنەوە بوو لە پێوەری ثیتا (Chomsky, 1991: 437; Cook and Newson, 1997: 167-168). بەڵام چۆن؟

چومسکی لە نوسینەکانییدا جەختیدەکردە سەر ئەوەی، کە زمانی مرۆڤ وا دەردەکەوێت، کە خۆی لەو ئەلەمێنتە ناپێویستانە بە دوور بگرێت لە دروستەی ڕستەدا، بۆ نموونە:

(٤٥) من هیچ کتێبەکانم خوێندەوە.*

لە (٤٥)دا وشەی (هیچ) ناپێویستە، واتە لە ڕووی واتاوە زیادەیە بۆ ڕستەکە، هەر بۆیە چومسکی لە سەر ئەم بنەمایە ڕێسایەکی پێشنیارکرد، کە پێیدەوترێت ڕاڤەکردنی تەواو (full interpretation).

**ڕێساکە دەڵێت:**

**هەموو ئەلەمێنتێك، کە لە دروستەدا دەردەکەوێت، پێویستە ڕاڤەبکرێت بە چەند ڕێگایەك و نابێت هیچ ئەلەمێنتێکی ناپێویست (زیادە) لە دروستەی زماندا هەبێت.**

کەواتە ڕاڤەکردنی تەواو جێی پێوەری ثیتا دەگرێتەوە، کە نابێت هیچ ئەلەمێنتێکی زیادە، کە پەیوەندی بە پریدکاتەوە نەبێت، هەبێت لە ڕستەدا، چونکە هیچ ڕاڤەیەکی بۆ ناکرێت لە ڕستەدا، هەروەها ڕاڤەکردنی تەواویش دەبێتە بناغەیەك بۆ ڕێسای ئابووریی (بڕوانە: ٣-٢-٨-١، ٣-٤)

لێرەدا پرسیارێکی دیکە دروستدەبێت، کە دروستەی قوڵ لە MPدا نەمێنێت، ڕۆڵی ثیتا چۆن دەدرێت؟

لە (MP)دا ڕۆڵی ثیتا بە فیچەرێکی کردار دادەنرێت، کە پێویستە بپشکنرێت، بۆ نمونە:

(٤٦) منداڵەکە نووست.

لە (٤٦)دا کرداری نووست لە فەرهەنگدا زانیاریی ڕۆڵی ثیتای هەڵگرتووە، کاتێك لە فەرهەنگەوە دەخرێتە ڕستەوە لەگەڵ (NP/DP)ی (منداڵەکە) لێکدەدرێت، بە هۆی لێکدانەوە ڕۆڵی ثیتاکەی دەپشکنرێت و دواتر بۆ منداڵەکە دەگوێزرێتەوە. واتە ڕۆڵی ثیتا لەژێر چالاکی لێکدان (Merge)دا لە لایەن پریدیکاتەوە دەدرێت بە (NP/DP)یەکان، بەڵام بە پێچەوانەوە لە (GB)دا دروستەیەکی تەواو حازرمان هەبووە، کە دروستەی قوڵە، دواتر ڕۆڵی ثیتاکان لە لایەن پریدیکاتەوە دەدرێن بە (NP/DP)یەکان.

(٤٧) شۆخان منداڵەکەی خەواند.

لە (٤٧)دا (منداڵ) لەگەڵ (ەکە)دا لێکدەدرێت (NP/DP)ی (منداڵەکە) دروستدەکات، دواتر (منداڵەکە) لەگەڵ کرداری (خەواند) لێکدەدرێت، کە بە هۆیەوە ڕۆڵی کارتێکراو، کە کردارەکە هەڵیگرتووە دەپشکنرێت، پاشان ڕۆڵی کارتێکراوی کردارەکە بۆ منداڵەکە دەگوێزرێتەوە، لە دوایدا (شۆخان) لەگەڵ ئەم ($\acute{V}$)یەدا، واتە (منداڵەکەی خەواند) لێکدەدرێت و ڕۆڵی ثیتای کردارەکە دەپشکنرێت و دواتر بۆ (شۆخان) دەگوێزرێتەوە لە ناو (VP)دا.

جگــە لــە کــەموکوڕی لــە پێــوەری ثیتــادا، لــە قۆناغــەکانی کۆتــایی GBدا، کەموکوڕییـەکی دیکـە هـەبووە، کـە پەیوەنـدی بـە شـوێنی ثیتـا (θ-position) لەگـەڵ شوێنی ناثیتاوە هەبوو.

شـوێنی ثیتـا: واتـا ڕۆڵـی ثیتـا دەدرێـت بـەو ئارگومێنتـەی، کـە لـەو شـوێنەدایە، وەك شوێنی بەرکار، بکەر.

شوێنی ناثیتا: واتا ڕۆڵـی ثیتـا نادرێـت بـەو ئارگومێنتـەی، کـە لـەو شـوێنەدایە، وەك شوێنی specی CP.

جیاکردنــەوەی ئــەم دوو شــوێنە لــە ســەرەتای GBدا بێکێشــە بــووە، بــەڵام لــە قۆناغەکانی دواتری GBدا، کێشەی تیا بووە، بەم شێوەیە:

لە سەرەتای GBدا specی VP شوێنی بکەر بووە، بەڵام لە قۆناغـەکانی دواتـردا جگــە لــە specی VP، هــەروەها specی AGRP ســەریهەڵدا، چــونکە گرێــی AGRPیش بووە بەشێك لە دروستەی درەختی ڕستە.[١٦]

بکـەر لـە specی VPدا ڕۆڵـی ثیتـای وەردەگـرت، کـە بـۆ specی AGRP دەجـولاٌ، جارێکی تـر ڕۆڵـی ثیتـای وەرنـەدەگرت، بـەڵام کێشـەکە لەمـەوە سـەریهەڵدا، کـە specی AGRPیــش بــە شــوێنی ثیتــا دادەنــرا، چــونکە specی VP و AGRP (فرێــزی ڕێککـەوتن) هـەردوکیان بەرانبـەر specی CP دادەنـران، واتـە دووانەکـەی یەکـەمیان (شـوێنی ثیتـا/ئارگومێنـت)ن لـە کاتێکـدا ئەوەی دووەمیـان واتـە specی CP (شـوێنی ناثیتا/نا ئارگومێنت)ـە لـە ڕاسـتیدا ئەمـەش گونجـاو نییـە، چونکە specی AGRP و CP هاوبەشییان زۆر زیاترە وەك لەوەی، کە لـە نێـوان specی VP و AGRPدا هەیـە (Cook and Newson, 1997: 314).

## ٢-٨/ تیۆری X-بار (X-bar theory):

تیۆری X–بار پەیوەندی بـە دروسـتەی فرێـزەوە هەیـە، دروسـتەی فرێـزیش یەکێکـە لە بابەتە گرنگەکان، کە چومسکی هـەر لـە سـەرەتای ڕێزمـانی بەرهـەمهێنان و گواسـتنەوە گرنگییـەکی زۆری پێـداوە، بـۆ نمونـە لـە تیـۆری دروسـتە سینتاکسـییەکان (١٩٥٧)دا چومسکی ئاماژەی بە یاساکانی دروستەی فرێز داوە، بۆ نمونە یاسـاکانی دروسـتەی فرێزی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕی بەم شێوەیەی خوارەوە خستۆتەڕوو:

(48) a. VP → verb NP تێپەڕ
b. VP → verb تێنەپەڕ

بۆ دروستەی فرێزی ناویش ئەم یاسایەی خستۆتەڕوو:

(49) NP → N ……..

لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، جارێکی تر لە تیۆری ستانداردا گەشە بەم لایەنەی زمان دراوە، بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٠دا دوای ئەوەی چومسکی کتێبی (Remark on Nominalization) بڵاوکردەوە، کە تیایدا یاساکانی دروستەی فرێز زیاتر گەشەیپێدرا، چونکە دروستەی فرێز لە ڕوانگەی (X–بار)ەوە لێکدانەوەی بۆ کرا، لێکدانەوەکەیشی بەم شێوەیە بوو:

(٥٠) X = N , V , A ……..

واتە لەم تیۆرەدا، کاتیگۆرییەکانی وەك کردار، ناو، ئاوەڵناو، پریپۆزیشن بە پیتی وەك V , N , A , P , … ناوی لێنرا + ژمارەی بار، بارەکانیش دوو جۆر بوون:

یەك بار لەگەڵ دوو بار، بارەکانیش ئەم هێمایانەی بۆ دانرا:

| | |
|---|---|
| ′ | ″ |
| – | = |
| 1 | 2 |

هێمای یەکەمیان واتە، ′ ، ″ زیاتر بەکاردەهێنرێت لەم تیۆرەدا.

لە تیۆری X–باردا دروستەی فرێز سەرەتا لە کاتیگۆرییەکی لێکسیکییەوە دەستیپێکرد واتە X (N,V,…)، دواتر بەرەو پڕۆژەی گەورەتر فراواندەبوو، بەم شێوەیە:

- پڕۆژەی ناوەند (51) a. X′ → ……. X ……
- پڕۆژەی گەورە b. X″ → ……. X′ …….

واتە دوو ئاست جیاکرایەوە: X′ ، X″

(٥٢)

X″
|
X′
|
X

لەم ڕوونکردنەوەیەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە تیۆری X-بار بیرۆکەیەکی کۆنە هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٠)ەوە گرنگی پێدراوە. لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەدا، تیۆری X-بار یەکێك بوو لەو تیۆرە سەرەکییانەی، کە تیۆری GBی لێپێکهاتبوو، بەڵام بە گۆڕانکاری تازەوە خرایەڕوو، گۆڕانکارییەکانیش بریتیبوو لەوەی، کە بیرۆکەی سەر (Head) تیشکی زیاتری خرایەسەر ( Lasnic, Depiante & Stepanov, 2000: 120-129).

هەموو فرێزێك سەرێکی هەیە، سەریش خوشکی تەواوکەرە، بەم شێوەیە:

(٥٣) $V' \leftarrow V$ NP

(٥٤)




لە تیۆری X-باردا هەموو فرێزێك دەبێت سەرێکی هەبێت، لەگەڵ وەچەپێکهاتەی تر، کە بریتین لە spec و تەواوکەر. سەری فرێزیش بەستراوە بە جۆری فرێزەکەوە، بۆ نمونە فرێزی کردار سەرێکی کرداری تێدایە، فرێزی ئاوەڵناویش سەری ئاوەڵناوی تێدایە، فرێزی پریپۆزشنیش سەری پریپۆزشنی تیادایە. هەروەها تیۆری X-بار داوای ئەوە دەکات، کە لە دروستەی هەموو جۆرە فرێزێکدا دوو ئاست هەیە، ئاستێکیان ($X''$)ـە پێکدێت لە $X'$ لەگەڵ spec، ئاستەکەی تریان ($X'$)ـە، پێکدێت لە سەرێك و تەواوکەرێك، بەم شێوەیە:

(٥٥) أ. $X''$ ← سپێك $X'$

ب. $X'$ ← X تەواوکەر

ت. $X'$ ← سەربار $X'$

(٥٦) ئەو بە دەست نانەکەی خوارد.

(٥٧)



له (٥٧)دا VP پرۆژەی گەورەیە لە spec و V́ پێکهاتووە، V́یش پرۆژەی ناوەندە لە:

أ. سەربار (بە دەست) و V́ پێکهاتووە.

ب. V́یش لە V و تەواوکەر پێکهاتووە.

خاڵێکی گرنگ هەیە لە تیۆری X–باردا، کە پێویستە لێرەدا ئاماژەیپێبدەین، ئەویش ئەوەیە لە X–باردا هەمیشە ئاماژە بە پارامێتەری سەر دەدرێت، بەوەی، کە دروستەکە یان سەر سەرەتایە یان سەرکۆتاییە. واتە لە GBدا پارامێتەرەکان وەك سێتێکی تەواو (finite set) لە هەڵبژاردەی دوانیی (binary choices) خراوەتەڕوو (Börjars, 2006: 18). لە (٥٧)دا ئەوە دەردەکەوێت کە دروستەی ڕستە لە زمانی کوردییدا سەر کۆتاییە، چونکە کردار کەوتۆتە دوای تەواوکەر.

## ٢-٨-١/ نەمانی X-بار لە MPدا:

تیۆری X–بار، کە پەیوەندی بە دروستەی فریزەوە هەبوو لە GBدا، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی دەبینی لە شیکردنەوەی دروستەی ڕستەدا. بەڵام لە MPدا بە پێی بۆچوونی مینیماڵیستەکان تیۆری X–بار وەك مۆدیولێك لە ڕێزماندا ئاماژەیپێنەدراوە، چونکە تیۆرێکی نەویستراو بووە، هەر بۆیە مینیماڵیستەکان هەوڵیانداوە، کە خۆیان لە تیۆری X–بار ڕزگار بکەن و تیۆری دروستەی بار فریزیان داهێنا (بڕوانە ٤–٧).

بەڵام لێرەدا پرسیارێك دروستدەبێت، ئەگەر واز لە X–بار بێنین، چۆن دروستەی فریز لە (MP)دا بە دەستدێت؟

لە (MP)دا دوو چالاکی زۆر گرنگ هەن، کە دەسەڵاتیان هەیە بە سەر وەچەپێکهاتەکانی دروستە پەسنکراوەکان، کە ئەویش چالاکی لێکدان (merge) و جوڵان (move)ن. ئەم دوو چالاکییەش خۆی لە خۆیدا واتای بچووککردنەوە و ئابوریی دەبەخشێت.

لە دوای هەڵبژاردنی ئەلەمێنتەکان لە ژماردن (Numeration)ەوە، بەهۆی چالاکی لێکدانەوە ئەلەمێنتەکان یەکدەگرن بۆ پێکهێنانی درەختەکان، واتە لە تیۆری دروستەی بار فریز (Bare phrase structure)دا، چالاکی لێکدان بەرپرسیارە لە دروستکردنی دروستەی ئاڵۆز، چونکە لە لێکدانی دوو یەکەی سینتاکسیدا یەکەیەکی سینتاکسی

(syntactic object) نـوێ دروسـتدەکەن (Chomsky, 1995: 243-244; Barwari, 2007: 6-7)، بەم شێوەیە:

(٥٨) {k {b , a}}

(٥٩)




ئەو دروستەیەی لە ئەنجامی لێکدانی ئایتمە لێکسیکییەکان دروستدەبێت پشت بـە تایبەتمەندییـەکانی هـەڵاوێرکردنی سـیمانتیکیی و هـەڵاوێرکردنی کـاتیگۆریی ئایتمەکان دەبەستێت، پرۆسەی لێکدانی ئایتمەکانیش ئەسیمەترییە.[١٧]

لە ئەنجامی لێکدانی دوو ئەلـەمێنت دەسـتە (set)یەك پێکدەهێنرێت، بۆ نمونـە لـە لێکدانی هەر دوو ئایتمی (کوڕ، ەکە) دەستەیەك پێکدەهێنرێت، بەم شێوەیە:

(٦٠) {کوڕ ، ەکە}

فرێز و ڕستە لە ڕێگەی چالاکی لێکدانی دوانـی (binary merger) دروسـتدەبن، ئـەم دروسـتەیەش دەتوانرێـت لـە شـێوەی درەختـی ئەنـدازیاریی نیشـانبدرێت، واتـە وشـەکان لێکـدەدرێن بۆ دروسـتکردنی فرێـزی جۆراوجـۆر (Radford, 2004a: 74). بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە، کە پێویسـتە ئاماژەپێبـدرێت، ئـەویش ئەوەیـە، هـەر ئـایتمێکی لێکسـیکیی، کـە لەگـەڵ ئـایتمێکی تـردا لێکـدەدرێت، هـەر یەکـە و فیچـەری تایبەت بە خـۆی هەیـە، بـەڵام فیچـەری یـەکێکیان وەردەگیرێـت و دەکرێـت بـە نـاولێنراو (label)، چـونکە هـەموو فرێزێـك تـەنها یـەك سـەری هەیـە، کـە تایبەتمەندییـەکانی فرێزەکـە دیاریـدەکات، بـۆ نمونـە لـە (٦٠)دا (ەکـە) سـەری فرێزەکەیـە و دەبێـت فیچەرەکانی ئەو فرێزە ناوییەی، کە دەبێتە تەواوکەر، ڕازیبکات.

چومسکی پێشنیاری ئـەوە دەکات، کـە لـە لێکدانی دوو ئایتمـدا دەسـتەیەکی دوو پەلکیی (binary set) پێکدەهێنرێت، یەکێکیان دەبێتە ناولێنراو (label)ی دەستەکە و ئەوی تریان دەستەیەکە بۆ دوو ئایتمی لێکدراو دابەشدەبێت، بەم شێوەیە:

(٦١) {ەکە {کوڕ ، ەکە}}

لە (٦١)دا ئایتمی یەکەم، واتە (ەکە) ناولێنراوەکەیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە فرێزەکە فرێزێکی دەرخەر (DP)ییە، چونکە (ەکە) بووە بە ناولێنراوی فرێزەکە، کە دەرخەرە، بەم شێوەیە:

(٦٢)




ئەم ڕوونکردنەوانەی، کە خستومانەتەڕوو، ئەوە دەردەخات، کە ڕێساکانی X–بار لە پرۆسەی دروستکردنی ڕستەدا لادەبرێن، لە جێیان تیۆری زۆر سادە بەکاردەهێنرێن، کە ئەویش چالاکی لێکدانە. کە دوو ئەلەمێنت بە یەکەوە دەبەستێتەوە، یەکێکیان دەبێتە سەری پڕۆژەکە و ئەوی تریان تەواوکەر، هەر وەك لە نمونەی (٦١)دا خراوەتەڕوو (بڕوانە ٣–٢–٣).

لە (٦٢)دا ئایتمی (ەکە) دەکرێت لە هەمان کاتدا سەر و پڕۆژەی گەورە بێت. ئەم بیرۆکەیەش لە ئەنجامی ئەوەوە سەریهەڵداوە، کە هەندێ حاڵەت هەبوو لێکدانەوەی بە پێی تیۆری X–بار نەدەکرا، بۆ نمونە لە زمانی ڕۆمانیدا کلیتیکی (le) لە هەمان کاتدا سەر و پڕۆژەی گەورەیە، چونکە:

أ. وەك سەرێك ڕەفتاردەکات، لەوەدا، کە دەنوسێت بە سەرێکی ترەوە.

ب. وەك فرێزێکی تەواو هەڵسوکەوتدەکات، کە ئارگومێنتێکە ڕۆڵی ثیتای خۆی هەیە (Cook and Newson, 1997: 339-340).

لە تیۆری X–باردا هەر وەك لە (٢–٨)دا خرایەڕوو، دوو ئاستی بار هەیە، کە (X́ , X̋)ن، بەڵام لە تیۆری دروستەی بار فرێزدا ئایتمە لێکیسکییەکان ئەم دوو ئاستی بارە (bar-level)یان نییە، واتە X́ , X̋یان نییە، بەڵکو دروستەیەکی ئاڵۆزی هەیە لە فۆرمی دەستەیەکی ناونراو (label set)دا. هەروەها لە تیۆری دروستەی بار فرێزدا، پرۆژەی ناوەند، واتە X́ لابرا، چونکە پرۆژەی ناوەند لە (LF)دا ڕاڤەی بۆ ناکرێت، تەنها وشەکان و پرۆژەی گەورە (maximal projection) ڕاڤەیان بۆ دەکرێت، ئەمەش یەکێك بوو لە هۆکارەکان بۆ گۆڕینی تیۆری X–بار بە دروستەی بار فرێز لە لایەن چومسکییەوە (بڕوانە ٤–٧).

پارامێتەری سەر، بابەتێکی زۆر گرنگ بوو لە تیۆری X-باری GBدا، کە دوو جۆر لە پارامێتەر جیاکرابۆیەوە (سەر سەرەتا و سەر کۆتایی)، بەڵام لە تیۆری بار-فرێزی MPدا ئەم پارامێتەری سەرە لەناودەچێت، چونکە تەنها یەك ڕیزبوون بۆ دروستە دیاریدەکەن (Barwari & Unger, 2007: 12-13; Chomsky, 1995: 249) بەم شێوەیە:

سپێك – سەر – تەواوکەر

ئەم دروستەیە لە تیۆرەکەی (کاین)ەوە وەرگیراوە بە ناوی گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو (The Linear Correspondence Axiom) کورتکراوەکەی (LCA)یە، کە تیایدا ئاماژەدەدات بەوەی، کە ئەم دروستەیە واتە (سپێك – سەر – تەواوکەر)، کە تایبەتە بە ڕیزبوونی دروستەی فرێز و ڕستە بە ڕێسایەکی جیهانیی دادەنێت، چومسکی ئەم تیۆرەی کاینی وەرگرت و لەگەڵ تیۆری دروستەی بار فرێزدا یەکیگرت، ئەمە جگە لەوەی کە گریمانەی توێکڵەکان (VP-shell)یشی لەلایەن لارسۆنەوە وەرگرت (بڕوانە ٤-٥ و ٤-٦).

## ٢-٩/ تیۆری کۆنترۆڵ (Control theory)

یەکێکە لە تیۆرەکانی GB تەنها گرنگی بە PRO دەدات. PRO جێناوێکی نادیارە، لە شوێنی بکەری ڕستیلەی چاوگیدا بوونی هەیە. PRO یان بەخورتی هەیە لە ڕستیلەی چاوگیدا یان بە سەرپشکی (optional).

تیۆری کۆنترۆڵ وەچەبەستێنەر (antecedent)ی PRO دیاریدەکات، بەڵام تەنها بۆ PROی بەخورتی، چونکە PROی سەرپشکی سەربەستە لە ناو ڕستیلە چاوگییەکەیدا. وەچەبەستێنەری PROی بەخورتی یان بکەر یان بەرکاری کۆنترۆڵە لە ڕستیلەی سەرەکییەکەدا:

(63) a. It is time [PRO to go]
b. I promise Sara [PRO to learn Engish]
c. I persuaded Sara [PRO to learn English]

لە (63a)دا PRO سەربەستە، چونکە لە لایەن هیچ وەچەبەستێنەرێکەوە کۆنترۆڵ ناکرێت. بەڵام لە (63b)دا بکەری ڕستیلە سەرەکییەکە (I) دەبێتە وەچەبەستێنەر بۆ PRO و کۆنترۆڵی دەکات و هەردووکیان (I ، PRO) هاونیشانەن. لە (63c)دا

بـەرکاری ڕسـتیلە سـەرەکییەکە دەبێتـە وەچەبەسـتێنەری PRO و کۆنترۆڵیـدەکات (Trask, 1993: 62; Jaeggli & Safir, 1989).

**لە تیۆری کۆنترۆڵدا PRO حوکمناکرێت**

## ٢-٩-١/ PRO لە MPدا:

لە MPدا PRO لە جیاتی حوکمکردن لە لایەن تیۆری پشکنینی دۆخەوە دیاریدەکرا، چونکە PRO فیچەری دۆخی نادیار (Null)ی هەیە، کە تەنیا دەتوانرێت لە specی (TP)ی ناتەواو (non-finite)دا بپشکنرێت، چونکە هەر وەك لە تیۆری کۆنترۆڵدا ئاماژەیپێدرا، PRO تەنها لە ڕستیلەیەکی چاوگیدا دێت، کە سەری تاف (T)ی تیادا نییە، چونکە کرداری تەواوی تیا نییە.

PRO لە شوێنی بکەری ڕستیلەی کرداری ناتەواو دایە، چونکە حوکمنەدەکرا، دۆخیشی وەرنەدەگرت، ئەمەش یەکێك بوو لە کێشەکانی تیۆری دۆخ، چونکە بە پێی ئەم تیۆرە هەموو (NP)یەك دەبێت دۆخ وەربگرێت، هەرچەندە PRO لە شوێنی (NP)دا دێت، بەلام دۆخ وەرناگرێت؟

لە زمانی ئینگلیزیدا چەندین شوێن هەیە وەك بەرکاری بکەرنادیار، کە نابنە دیاریکردنی دۆخ (case-marked)، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەجوڵێن بۆ شوێنی بکەر بۆ ئەوەی دۆخ وەربگرن.

چومسکی و لاسنیك پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە PRO هەر وەکو هەموو (NP)یەکانی تر پێویستە دۆخ وەربگرێت، بەلام دۆخەکەی لە دۆخی (NP)یەکانی تر ناچێت، چونکە PRO پێویستە جۆرێکی تایبەتی دۆخ وەربگرێت، کە پێیدەوترێت (Null-case) و پەیوەستە بە (non-finite T) واتە ڕستیلەی بێ تاف، هەربۆیە پێویستە PRO بجوڵێت بۆ شوێنی specی (TP)ی ناتەواو، کە (T)ی ناتەواوی تێدایە بۆ پشکنینی فیچەری دۆخەکەی، کەواتە لێرەدا پێویستمان بە بیری حوکمکردن نابێت، تەنها پێویستمان بە پەیوەندی (سپێك–سەر) هەیە بۆ پشکنینی فیچەری دۆخەکەی (Cook & Newson, 1997: 336-37; Hornstein, 2003: 14-15).

## تێبینیەکانی بەشی دووەم:

١ هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی بریتییە لە توانای پریدیکات لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئارگومێنتانەی، کە بەشداری لەگەڵدا دەکەن، بەهۆیەوە پریدیکات ڕۆڵی ثیتایان دەداتێ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Cook & Newson, 1997: 161؛ سەباح رشید، ٢٠٠٧: ٧٤-٧٥).

٢ مەبەست لە شوێنی ثیتا ئەو شوێنەیە، کە فرێز یان دەربڕینێك، لە دروستەی ڕستەدا لە شوێنێکدا نییە، کە ڕۆڵی ثیتا وەربگرێت.

٣ لە نامەی ماستەرەکەم (٢٠٠٤: ١٥-١٦)دا بۆچوونم وا بوو، کە تەنها هەر ئاستی دروستەی قوڵ دروستەیەکی نادیار و ئەبستراکتە، واتە ئاستی دروستەی ڕووکەشم بە ئاستێکی ئەبستراکت دانەناوە، ئەمەش هەڵەیە، چونکە هەر دوو ئاستی قوڵ و ڕووکەش دوو ئاستی ئەبستراکتن.

٤ لە زوربەی سەرچاوەکانی زمانی کوردیدا وشەی پرس/پرسیار بە جێناوی پرسیار دانراوە، بەلاّم لە (٢٠٠٤: ١٠٩-١١٠)دا ئاماژەمداوە بەوەی، کە ئەمانە جێناو نین، بەڵکو وشەی پرسیارن، ئەرکی بکەر، بەرکار، دەرخەر دەبینین لە دروستەی فرێزدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (تارا موحسن، ٢٠٠٤: ١٠٩-١١٠).

٥ بڕوانە وێنەی (٦) لە (١-٥)دا

٦ پەیوەندی وەچە-ئاڕاستەکردن (c-command) ڕەگێکی کۆنی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٦٦، ١٩٧٦، کە هەر دوو زمانەوان Langacker و Reinhurt لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەسەر جێناو و ئەنافەر بە پێی بیرۆکەی (C-command) ئەنجامیانداوە.

٧ لە تیۆری GBدا جگە لە پەیوەندی وەچە-ئاڕاستەکردن پەیوەندییەکی دیکەش هەیە، کە پێی دەوترێت سەرە-ئاڕاستەکردن (M-command)، بەلاّم لێرەدا ئاماژەمانپێنەداوە، چونکە لێکۆڵینەوەکە پەیوەست نییە بە تیۆری GB، تەنها بە شێوەیەکی زۆر کورت ئاماژەمان بە تیۆرەکانی GB داوە، بۆ ئەوەی لە لای خوێنەر ڕوونبێت، هەر بۆیە زۆر نەچوینەتە ناو وردەکارییەکانی تیۆری GB.

٨ لە نمونەی (٩)دا فرێزی ناویی بکەر لە شوێنی خۆیەوە جوڵاوە بۆ specی IP، هەرچەندە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی زمانی کوردیدا (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١؛ تارا موحسن، ٢٠٠٤؛ کاروان قادر، ٢٠٠٨؛ حاتەم، ٢٠٠٧؛ ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٨؛ عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٠٩) ئاماژەدەدەن بەوەی، کە گواستنەوەی فرێزی ناویی بکەر نییە لە دروستەی ڕستەدا، بەلاّم هەر وەك لە نمونەی (٩) و نمونەکانی دیکەدا خراونەتەڕوو، ئاماژەدەدەن بەوەی، کە ئەم جۆرە جوڵانە لە زمانی کوردیدا هەیە.

٩ نمونەی (١٠) ڕێگەیەکی ترە لە نواندنی دروستەی ڕستە، کە بە جووتە کەوانە دەردەبڕێت، کەوانەی لۆجیکیشی پێدەوترێت.

١٠ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی PRO, pro بڕوانە: Jaeggli & Safir, 1989.

١١ زاراوەی زمانە بکەر خراو/بکەر نادیار (Null-Subject Language)ەکان بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بەو زمانانەی، کە تیایدا بکەری نادیار (Null-Subject) لە ڕستە/ڕستیلەی تاف و کەسداردا دەردەکەوێت. وە بەو زمانانەی، کە proی تیادا نیە دەوترێت زمانە بکەردیار (non-null-subject language)ەکان (Radford, 2004a: 90, 348).

١٢ فاروق عومەر صدیق بۆ چوونی وایە لەو زمانانەی، کە سیستێمەکەیان سینتیتك بووە، سیستێمی دۆخیان هەبووە، کە بریتی بووە لەو مۆرفیمانەی، کە چوونەتە سەر ناوەکان، بەڵام پاشئەوەی کە سیستێمەکەیان بووە بە ئەنالیتیك سیستێمی دۆخ لەناوچووە لە جێیان پریپۆزشن و پۆستپۆزیشنەکان ڕۆڵیان هەبووە (چاوپێکەوتن لە زانکۆی سلێمانی. ٢٠١٠/١٢/٦).

١٣ سەبارەت بە دۆخی ڕێزمانیی لە زمانی کوردیدا، محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣١٢) پێی وایە، کە دۆخی زگماکی لە زمانی کوردیدا نییە، هەرچەندە لە نامەی ماستەرەکەم (٢٠٠٤) هەمان بۆچوونی محەمەدی مەحویم هەبووە، کە دۆخی زگماکیی لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام لێرەدا نمونەم بۆ دۆخی زگماکیی هێناوەتەوە لە زمانی کوردیدا هەر وەك لە (١٧ ، ١٨)دا خراوەتەڕوو. بەڵام ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٨: ٥٦) بۆچوونی وایە، کە ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە کەرتی یەکەمیان ڕۆڵی ثیتای بکەر و بەرکاریان وەرگرتووە لە DSدا، هەر لە (DS)یش دۆخی زگماکیی وەردەگرن.

١٤ لە هەندێ سەرچاوەی GBدا بەرانبەر زاراوەی کاتیگۆری حوکمکەر، کەمترین ڕکێف/دەسەڵات (Minimal-domain) بەکاردێت، بڕوانە (Haegeman, 1998: 203-240).

١٥ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەنافەر بڕوانە (تارا، ٢٠٠٤: ٣٥–٣٨؛ حاتەم، ٢٠٠٨: ١٢–١٣ و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون).

١٦ لە تیۆری GB و سەرەتای MPدا ئاماژە بە گرێی AGRP دەدرا، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتری MPدا AGRP هیچ ڕۆڵێکی پێنەدرا لە دروستەی فرێزدا (بڕوانە ٤–١ ، ٤–٤).

١٧ بۆ زانیاری سەبارەت بە پەیوەندی ئەسیمەتری (بڕوانە ٤–٦).

## ٣ لایەنە تیۆریەکانی مینیماڵ پرۆگرام (MP):

### ٣-١/ نەخشەی مینیماڵ پرۆگرام:

مینیماڵ پرۆگرام (MP) نەخشەیەکی ساکار بۆ زمان دەخاتەڕوو، ئەمەش لە ئەنجامی لابردنی هەر دوو ئاستی دروستەی قوڵ (DS) و دروستەی ڕووکەش (SS)، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە جۆرێك لە ئابوریکردن دادەنرێت، چونکە خستنەڕووی دوو ئاست لە چوار ئاست باشتر و ئابوریترە. ئەو دوو ئاستەی، کە بە گرنگ و پێویست دادەنرا لە MPدا هەر دوو ئاستی فۆرمی فۆنەتیکیی (PF) و فۆرمی لۆجیکی (LF)یە. هەروەها جگە لەم دوو ئاستە دوو پێکهاتەی زمانیش هەن، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بەرهەمهێنانی دەربڕینە زمانەوانییەکاندا، ئەو دوو پێکهاتە زمانیەش: فەرهەنگ و سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ (CHL)ە.

سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ ئایتمە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێرێت و لە ئەنجامی ژمارەیەك چالاکی دیکەی وەك: لێکدان و جوڵەی ئایتمە فەرهەنگییەکان نەخشەدەکێشرێت بۆ دەربڕینە زمانەوانییەکان. دواتر ئەم دەربڕینە زمانەوانییانە (linguistic expressions) بۆ داڕێژراو یان یەکە سینتاکسییەکان نەخشەدەکێشرێت. هەر داڕێژراوێك بە نواندنی PF و نواندنی LF دەبەسترێتەوە، کە PF لە سیستێمی درکاوە-هەستپێکراوەکان (Articulatory-Perceptual) و LFیش لە سیستێمی چەمکە-مەبەستدارەکان (Conceptual-Intentional)دا ڕاڤەیان بۆ دەکرێت (Chomsky, 1995: 219-226; Barwary, 2007: 5).

مۆدیلی MP بەم شێوەیەی خوارەوەیە (Davies & Bubinsky, 2004: 287; Abdulrahman, 2007: 21):




بە بەراوردکردنی ئەم مۆدیلە لەگەڵ ئەو مۆدیلەی، کە چومسکی بۆ تیۆری GB دایناوە، ئەوە دەبینین، کە ئەم مۆدیلە سادەترە وەك لە مۆدیلی GB (بڕوانە ١-٥)، چونکە ئامانجی سەرەکی MP بەدەستهێنانی ڕوونکردنەوەیە لەسەر زمان بە شێوەیەکی ساکار و گشتی، کە گونجاو بێت (Abdulrahman, 2007: 19).

## ٢-٣/ سیستێمی کۆمپیوتەریی/ژمێرکاریی زمانی مرۆڤ

(Computational System of Human Language/ CHL)

لە MPدا توانستی زمان (Language Faculty) یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان، کە چومسکی گرنگیپێداوە. توانستی زمان لە دوو پێکهاتە پێکدێت:[1] سیستێمی جێبەجێکردن (performance) لەگەڵ سیستێمی زانیاریی زمان (مەعریفیی) (cognitive system).[2] ئەوەی دووەمیان لە سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ و فەرهەنگ پێکهاتووە، واتە سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ بەشێکە لە سیستێمی زانیاریی زمان (Chomsky, 1995: 2, 6).

چۆمسکی پێیوایە، کە تەنیا یەك سیستێم یان پێکهاتەی کۆمپیوتەریی/ژمێرکاریی هەیە بۆ زمانی مرۆڤ، کە ئەویش ئەو سیستێمی کۆمپیوتەرییەی زمانی مرۆڤە، واتە CHL، کە وەك مەکینەیەك وایە، پاڵ بە داڕێژراوەکەوە دەنێت بۆ بەرهەمهێنانی

نواندنەکان، بە واتایەکی تر CHL بریتییە لە نەخشەکێشانی داڕێژراوێك لە ژماردن (N) وە بەرەو LF.

سیستێمی کۆمپیوتەرییەکە بە هەڵبژاردنی ئایتمە فەرهەنگییەکان دەستپێدەکات، لە چالاکییەکدا کە بە هەڵبژاردن ناسراوە، بە یارمەتی چالاکی لێکدان دروستەیەك $\sum$ پێکدەهێنن، لەگەڵ چالاکی جوڵان کە لە لایەن مەرجی دواخستن و چاوتێرنەبوون (Greed) ەوە سنووردار یاخود بچوکدەکرێتەوە ( Davies and Dubinsky, 2004: 287-288).

سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ هەموو یاساکان و پارامێتەرەکان دەگرێتەخۆی. هەڵدەستێت بە دروستکردنی ڕستە و پاڵاوتنی ڕستە ( واتە دەرهێنانی هەموو ڕستە هەڵەکان) ئەمەش لە ڕێی بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەیە، کە لە فەرهەنگدا خەزنکراون بۆ بەرهەمهێنانی دروستە پەسنکراوەکان. دروستە پەسەنکراوەکان (Structural Description) ئەو دەربڕینانەی زمانن، کە پێویستە لە لایەن مەرجی ڕاڤەکردنی تەواوەوە ڕازیبکرێت لە PF و FL دا (Abdulrahman, 2007: 19). بەهۆی ژماردن (Numeration)ەوە چالاکییەکانی سیستێمی کۆمپیوتەریی بە بەردەوامی لە ئایتمەکانی ناو ژماردنەوە یەکەی سینتاکسیی (syntactic object) دروستدەکات، دواتر بۆ دوانەی $\pi$ (فۆرمی فۆنەتیکیی) و $\lambda$ (فۆرمی لۆجیکیی) نەخشەدەکێشێت. داڕێژراوەکە لە ئاستەکانی LF و PFدا دەبێت لێکنزیکببنەوە (converge) بۆ ڕازیکردنی مەرجی دروستیی داڕێژراوەکە لە لایەن ڕاڤەکردنی تەواوەوە، ئەگەر نا داڕێژراوەکە هەڵدەوەشێتەوە ( Chomsky, 1995: 225; Seuren, 2004: 33; Davies, 2004: 288).

چالاکییەکانی سیستێمی کۆمپیوتەریی، کە دەکەوێتە نێوان فەرهەنگ (ژماردن) و ($\pi$ ، $\lambda$) بریتین لە: هەڵبژاردن، لێکدان، جوڵە، کۆپی، پشکنین.

هەڵبژاردن، ئایتمە لێکسیکییەکان لە ژماردنەوە هەڵدەبژێرێت و دەبێت ئیندێکس (index)ەکەی کەمبکرێتەوە بۆ سفر. لە ڕێی چالاکی لێکدانیشەوە لە دوو ئایتمی لێکسیکیی یەکەیەکی سینتاکسی نوێ پێکدەهێنرێت. بە بۆچوونی چومسکی ئەم چالاکییانە بێ نرخن، واتە تێچوونیان کەمە، چونکە لە لایەن بۆچوونی ئابورییەوە سنوریان بۆ دانەنراوە.

چالاکی جووڵەش دوو جۆرە: جوڵەی ئاشکرا، کە لە پێش شەقبوون ڕوودەدات، لەگەڵ جوڵەی شاراوە، کە لە دوای شەقبوون (spell-out) ڕوودەدات. لە ئەنجام یان دوای جوڵانی یەکەیەکی سینتاکسیی کۆپییەك لە شوێنی خۆی جێدەهێڵێت. چالاکییەکی تری سیستێمی کۆمپیوتەریی، پشکنینی فیچەرە، پشکنینی فیچەر چالاکییەکە دەبێتە هاندەر بۆ جووڵە، لە دوای پشکنین فیچەرە پشکنراوەکان دەسڕدرێنەوە. هەروەها چالاکییەکی تریش هەیە، کە پێیدەوترێت شەقبوون، بەسەر ئەو دروستەیەدا جێبەجێدەبێت، کە بە هۆی چالاکی هەڵبژاردن و لێکدان و جوڵە/ جوڵانەوە دروستبووە، واتە بە خاڵێك دادەنرێت لە دروستەی داڕێژراوەکە (Chomsky, 1995: 225-230; Ura, 2002: 16; Abdulrahman, 2007: 19-20).

### ٣-٢-١/ فەرهەنگ (Lexicon):

فەرهەنگ بەشێکە لە سیستێمی زانیاریی (مەعریفیی) (Cognitive System)، ئەو ئایتم/ئەلەمێنتانە دیاریدەکات، کە CHL هەڵیبژاردون و لێکیداون بۆ دروستکردنی دەربڕینە زمانییەکان. فەرهەنگ گەنجینەیەکە بۆ هەموو تایبەتمەندییە ناوازەییەکانی ئایتمە فەرهەنگییەکان، تایبەتمەندییەکانیش پێکدێت لە: نواندنی فۆرمی فۆنۆلۆجیی ئایتمەکان، دیاریکردنی کاتیگۆریی، فیچەری سیمانتیکیی، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، لەگەڵ هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی و تایبەتمەندییەکانی ثیماتیکی سەرە لێکسیکییەکان، کە دروستەی ئارگومێنتی (Argument-structure)ی سەرەکان دیاریدەکات. بۆ نمونە سەرەکان ڕێیان پێدەدەرێت، کە چەند ئارگومێنتێك دیارییبکەن، هەروەها چ ڕۆڵێکی سیمانتیکیش وەربگرن. بۆ نمونە، کرداری (دا) پێویستە ڕۆڵی کارا و بابەت و مەبەست (goal) دیارییبکات (Chomsky, 1995: 30). ئەم زانیارییانە کە لە فەرهەنگدا خەزنکراون لە لایەن سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤەوە بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی دەربڕینە زمانەوانییەکان، زانیارییەکانیش بۆ سیستێمی جێبەجێکردن (performance system) دەنێردرێت بە دوو قۆناغ: LF و PF.

فەرهەنگ زانیاری پێویست بە بێ دووبارەبوونەوە دەگەیەنێت بە سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ، کە ئەمەش لە ژماردنەوە دەستپێدەکات و هەڵبژاردنی

ئـایتمی فەرهـەنگیی لـە فەرهەنگـەوە (ژمـاردن) بـە خـاڵی دەسـتپێکردنی پرۆسـەی دروستکردنی داڕێژراو دادەنرێت (Abdulrahman, 2007: 20).

### ٣-٢-٢/ ژماردن (Numeration):

ئەو چالاکییەیە کە ئایتمە فەرهەنگییەکان یان دەستەیەك لە ئەلەمێنت لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێرێت بە یارمەتی سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ (CHL)، ئەمەش بە خـاڵی دەسـتپێکردنی پێکهێنـانی داڕێژراوەکـە دادەنرێـت، واتـە سـەرەتا دەبێـت لـە ژماردنەوە ئایتمە فەرهەنگییـەکان هەڵبـژێردرێت، ئـەم چالاکییەی CHLیش بەردەوام دەبێـت، هـەتا هـەموو ئیندێکسـی فەرهەنگەکـە خاڵیـدەبێت ( Ura, 2000: 15; Muhammad, 2006: 11).

ژمـاردن (N) دەسـتـەیەکـە لـە دووانـەی (LI , i). (LI) بریـتـییـە لـە ئایـتمـە لیکسیکییەکان. هـەروەها (i) ئیندێکسـە (i ژمـارەی سروشـتیە > 0)، کـە ژمارەیـەك لـە ئایتمی تیایە، ئایتمە لێکسیکییەکان (LI) لە داڕێژراوەکـەدا بـەکاردەهێنرێت و هـەموو ئیندێکسەکە دەبێت بۆ سفر کەمبکرێتەوە.

ئینـدێکس ئامـاژەدەدات بـە ژمـارەی ئـەو جارانـەی، کـە ئایتمـە لێکسـیکییەکان لـە داڕێژراوەکـەدا بـەکاردەهێنرێت. داڕێـژراو (Dirivation)ی سـەرکەوتوو دەبێـت بـە تەواوی ژماردنەکە بەکاربێنێت و ژماردنەکە هیچی تیانەمێنێت ( Ura, 2002: 15; Chomsky, 2000: 114).

داڕێژراوەکـە (D) لـە LFدا کۆتـایی پێـدێت، دەبێـت بگاتـە لێکنزیکبوونـەوە (convergence) و دەبێـت هـەموو ئایتمـەکانی نـاو ژماردنەکـە بـەکاربێنێت لـە ڕێـی چالاکی هەڵبـژاردن (select)ەوە. بە هەڵبـژاردنی ئایتمـە لێکسـیکییەکان لـە ژماردنـەوە یەکە/کەرەسـەی سینتاکسـیی دروسـتدەبێت، لـە ڕێـی ئـەم چالاکییەوە دەسـتەیەك لـە یەکەی سینتاکسیی پێکدێت، بەم شێوەیە:

بۆ نمونە ژماردن (N)ەکە لەم ئایتمانە پێکدێت: من، بە، تۆ، کتێب، دام.

أ. بـە هەڵبـژاردنی (کتێـب، دام) یەکـەی سینتاکسـیـی (syntactic object) دروستدەکەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(١)




لە لێکدانی دوو ئایتمدا، نە هەردووکیان و نە هیچیان نابن بە سەری فریز، تەنها یەکێکیان هەڵدەبژێردرێت بۆ سەری فریز.

لە (١)دا پەیوەندی (کتێب، دام) ئەسیمەترییە، بە هەردووکیان دەستەیەکی دوانەیی (binary set) دروستدەکات.

ب. بە هەڵبژاردنی (بە، تۆ) و لێکدانیان یەکەی سینتاکسیی دروستدەکەن، بەم شێوەیە:

(٢)




ت. بە هەڵبژاردنی (من) و لێکدانی لەگەڵ هەر دوو یەکەی سینتاکسیی کە لە (١،٢)دا خراوەتەڕوو، داڕێژراوەکە بەم شێوەیەی لێدێت:

(٣) من کتێبم دا بە تۆ.

(٤)




واتە لە ئەنجامی لێکدان دەستەیەك لە یەکەی سینتاکسیی پێکدێت، لەبەر ڕاڤەکردنیان لە LFدا یەکە سینتاکسییەکان یەکدەگرن، بۆ ئەوەی یەك یەکە (O)ی سینتاکسیی پێکبێنێت.

بە پێی بۆچوونەکانی چومسکی (1995: 231) لە MPدا سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئایتمەکان پێیوایە، هەڵبژاردنی ئایتمە لێکسیکییەکان لە ژماردن (N)ەوە لە پێش

خاڵی شەقبوونەوە ڕوودەدات، هەربۆیە لە دوای شەقبوون (spell-out) پێکهاتەی فۆنۆلۆجیی ناتوانێت هیچ ئایتمێك لە ژماردنەوە هەڵبژێرێت، چونکە پەیوەندی دەنگ و واتا تێکدەچێت و داڕێژراوەکە تێکدەشکێت، ڕێسای ڕاڤەکردنی تەواویش برینداردەکات. واتە هەڵبژاردنی ئایتمە لێکسیکییەکان دەبێت، لە سینتاکسی ئاشکرادا بێت، ئەگەر نا ئایتمە لێکسیکییەکان فیچەری فۆنۆلۆجیی نابێت.

## ٣-٢-٣/ هەڵبژارن (select) و لێکدان (merge):

هەڵبژاردن بریتییە لە هەڵبژاردنی ئایتمی فەرهەنگیی لە ژماردن (فەرهەنگ)ەوە، ئەمەش بە خاڵی دەستپێکردنی داڕێژراو دادەنرێت. لە ڕێی چالاکی هەڵبژاردنەوە دوانەیەك لە ئایتمی فەرهەنگیی لە ژماردنەوە هەڵدەبژێرێت، لە ئەنجامی لێکدانیان دەبێتە یەك یەکەی سینتاکسیی لە قۆناغی داڕێژراو ($\sum$)ەکەدا. ئەم هەڵبژاردنەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی (i)، کە مەبەست لە ئایتمەکانی ناو ئیندێکس (index)ـە، کاتێك ئیندێکسەکە دەبێتە سفر، دوانەی (i , LI) لە ژماردنەکە نامێنێت.

لە دوای جێبەجێکردنی چالاکی هەڵبژاردن ئەم قۆناغە لە داڕێژراوەکە پێکدێت: $\{O_1 \ldots\ldots\ldots\ldots O_n\}$ مەبەست لە O یەکە (Object)ی سینتاکسییە لە قۆناغی کۆتایی داڕێژراوەکەدا، دەبێت تەنیا یەك O واتە یەك یەکەی سینتاکسیی بمێنێتەوە. ئەمەش بە هۆی چالاکی لێکدانەوەیە، کە دوو یەکەی سینتاکسیی وەردەگرێت و دەیکات بە یەك یەکەی سینتاکسیی وەك وەچەپێکهاتەیەك لە درەختی ئەندازیاریی (Tree diagram)دا لە ژێر ناوێك کۆیاندەکاتەوە، بۆ نمونە:

a لەگەڵ b یەکدەگرێت بە هۆی چالاکی لێکدانەوە لە یەك وەچە پێکهاتەدا لە ژێر ناوی y (Chomsky, 1995: 226; Seuren, 2004: 34).

(٥) کوڕ + ەکە ← کوڕەکە

(٦) a + b ← y

واتە y = {a ، b}،

y ناولێنراو (Label)ـە.

لە چالاکی لێکداندا یەکێك لە دوو یەکەکە دەبێتە سەری یەکە تازەکە، بەم شێوەیە:

(٧)




(٨)




لە (٨،٧) دا ئەوە دەردەکەوێت ، کە لێکدان پرۆسەی یەکگرتنە،کە دروستەکان پێکدەهێنێت (Forms) لە ئەلەمێنەتەکانی ناو ژماردنەکە و بەش بەش دروستەکان بنیاتدەنێت (Cook and Newson, 1997: 325). لێکدان ئەسیمەترییە، لەبەرئەوەی لەئەنجامی لێکدانی (b,a) دا پێویستە، ئەو پرۆژەیەی، کە پێکیدەهێنن یان a یان b یە، واتە هەردووکیان یان هیچیان نییە، بەم شێوەیە:

(٩)




(١٠)




چالاکی هەڵبژاردن و لێکدان بایەخێکی ئێجگار گرنگیان هەیە لە ڕوانگەی کەمتێچوون (Costless)، چونکە وشە (Vocabulary)کانی زمان بێ سنوورن، هەروەها ئەو دوو چالاکییەش لە پێکهێنانی ڕستەدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە.

لە(MP) دا پێویستە y بە یەکێك لە a یان b دابنرێت، لە کاتێکدا (b , a) لە یەك وەچەپێکهاتەدا لێکدەدرێن و وەچەپێکهاتەکەش پێویستە بە a یان b ناوبنرێت، واتە y یەکسانە بە وەچەپێکهاتەیەك کە بریتییە لە a یان b. کاتێك a یان b لێکدانی، سیفەتەکانیان بۆ ناو وەچەپێکهاتەی y دەگوێزرێتەوە، لە دوای لێکدان b , a لەناو وەچەپێکهاتەی y دا خۆیان وندەکەن. واتە لە ئەنجامی لێکدانی b,a وەچەپێکهاتەیەك دەستدەکەوێت لە شێوەی a {b ، a} یان b {a ، b} و ئەو کەرەسە/ یەکە (O)یەی بۆ ناونانی وەچەپێکهاتە تازەکە هەڵدەبژێرێت بەسەر (Head)ی وەچەپێکهاتەکە دادەنرێت و ئەو کەرەسەیەی تر، کە دەمێنێتەوە بە spec یان تەواوکەر (C) دادەنرێت (Seuren, 2004: 35; Chomsky, 1995: 243-244).

چومسکی وایدادەنێت، کە چالاکی لێکدان دەروازەی فەرهەنگیی لەخۆدەگرێت.[٣] پێویستە لە ڕستەسازیی ئاشکرادا ڕووبدات، بۆ نمونە ئەگەر فرێزێکی وەك (کتێبەکە) بئاخنرێتە (insered) ناو فۆرمی لۆجیکیی (LF)، داڕێژراوەکە تێکدەشکێت

(crashes)، لەبەرئـــەوەی LF ناتوانێـــت فیچـــەرە فۆنۆلۆجییـــەکانی (کتێبەکـــە) ڕوونبکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر فرێزی (کتێبەکە) بئاخنرێتە ناو PF، ئەوا لە PFدا ناتوانرێت فیچەرە سیمانتیکییەکانی (کتێبەکە) ڕاڤەبکرێت. تەنها ڕێگەیەك بۆ ڕێدان بە (کتێبەکـە) لـە هـەر دوو PF و LFدا ئەوەیـە، کـە دەبێـت پـێش شـەقبوون بئاخنرێتـە نـاو داڕێژراوەکـە، ئـەو کـات PF فیچـەرە فۆنۆلۆجییـەکانی (کتێبەکـە) ڕاڤەدەکات، لە LFیشدا فیچەرە سیمانتیکییەکانی (کتێبەکە) ڕاڤەدەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دەروازەی فەرهـەنگیی لـە PF و LFدا ڕوودەدات لـەژێر هەنـدێ مـەرجی دیاریکراودا، کە تەنها بۆ ئەو ئەلەمێنتانەن، کە لە لە ڕووی واتاوە بێ واتا (Null)ن. واتە ئەلەمێنتێك دەئاخنرێتە (PF)ەوە، ئەگەر لە ڕووی واتاوە (Null) بێت، هەروەها ئەلـەمێنتێك دەئاخنرێتـە (LF)ەوە، کـە لـە ڕووی فۆنۆلۆجییـەوە نادیـار (Null) بێـت (Bošković, 1997).

(١١) أ. شیلان هات.

ب. وا شیلان هات.

ت. شیلان هات و pro دانەنیشت.

لـە (١١ب)دا پـارتیکلی (وا) لەبەرئـەوەی لـە ڕووی واتـاوە (Null)ـە، واتـە هـیچ زانیارییەکی تازە ناخاتە سەر واتای ڕستەکە، لەبەرئەوە دەشێت لە PFدا بئاخنرێتە ناو داڕێژراوەکە. هەروەها، لە (١١ت)دا جێناوی نادیاری (pro) دەکرێت بئاخنرێتە ناو LFەوە، چونکە pro لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە ئەلەمێنتێکی (Null)ـە.

### ٣-٢-٤/ جوڵان (Move):

جوڵان چالاکییەکی تری سیستێمی کۆمپیوتەری (CHL)یە، ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە پرۆسـەی بەسـتنەوەی دروسـتەدا و جـوڵانیش بـە هـۆی درەختـی ئەندازیارییـەوە دەنوێنرێت. لە GBدا جوڵان پەیوەستدەکرا بە دۆخی ڕێزمانییەوە، بەڵام لە MPدا ئـەم سـنوردارکردنەی جـوڵان بـە دۆخـی ڕێزمانییـەوە لابـرا، جـوڵان بـە پشـکنینی فیچەرەکانەوە بەسترایەوە، چونکە پشکنینی فیچەرەکان لە ڕێی جوڵانـەوە گوزارشـتی لێدەکرا (بڕوانە ٣-٣).

چومسکی ئاماژەدەدات بەوەی، کە جوڵان هەمیشە مۆرفۆلۆجییانە بەڕێوەدەچێت، واتە هەندێ فیچەری فەرمیی (formal feature) هەیە، کە پێویستە بپشکنرێت، بە

هـۆی جوڵانـەوە ئـەو "شـێوە ئەندازەیی/بیچـم" (configuration)ەی دروسـتەمان دەداتێ، کە بە هۆیەوە پشکنین ڕوودەدات (Lasnik, 2001: 75).

جوڵان لـە (A)یـەوە بـۆ (B) پێویسـتە ڕێـی پێبـدرێت، تـەنیا کاتێك ڕوودەدات، کـە شوێنی B پشکنین بێت بۆ A، واتە شوێنی B شوێنێکە، کە فیچەرەکانی A لە تواناادا دەبێـت ڕێیانپێبـدرێت (culicover, 1997: 352). لـە MPدا ئەگـەر فیچـەرێك سەرکەوتوو نەبوو لە پشکنیندا ئەوا ڕێپێنەدراو (نایاسایی)ە. جوڵان A بەرزدەکاتـەوە بـۆ ژێـر ڕکێف/دەسـەڵاتی پشـکنین (checking domain)ی سـەر بـۆ پشـکنینی فیچـەرەکانی و تـەنیا ئەگـەر فیچـەری سـەر بچێتە نێـو پەیوەنـدی پشـکنینەوە لەگـەڵ فیچەری Aدا. واتە ئەلەمێنتی A کاتێك جوڵانی بەسـەردا جێبەجێدەبێت، کـە فیچـەری مۆرفۆلۆجیی A تێر نەکرابێت (Collins, 2001: 49-50).

لە GBدا گواستنەوە و جوڵانەکان ئازادن، بەڵام لە MPدا گواستنەوە و جوڵانـەکان ئـازاد (free) نـین. هەنـدێ بچـوککردنەوە (constraint) هـەن، وەك: چـاوتێرنەبوون (Greed)، ڕاکێشـان (Attract)، لەگـەڵ مـەرجی کـەمترین پێکەوەبەسـتن (MLC) (بڕوانە ٣-٤-٣ ، ٣-٤-٤ ، ٣-٤-٤-١).

لە MPدا ئامارژە بە دوو جۆر جوڵە دەدرێت:

١. جوڵانی ئاشکرا/ دیار (overt movement)
٢. جوڵانی شاراوە/ نادیار (covert movement)

دیـاریکردنی ئـەم دوو جـۆرە لـە جـوڵان بـە پێـی فیچـەری ئەلەمێنتـە جوڵاوەکانـە. جوڵانی ئاشکرا لە پێش شەقبوون ڕوودەدات، ئەمەش بەستراوە بـە فیچـەری بـەهێزەوە، واتە فیچەری بەهێز جوڵانی ئاشکرا دەبات بەڕێوە، چونکە:

أ. فیچـەری بـەهێز ئەگـەر لـە ڕستەسـازی ئاشـکرادا، واتـە پـێش شـەقبوون نەپشکنرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی، داڕێژراوەکە لە ئاستی PFدا هەڵوەشێتەوە.
ب. فیچەری بەهێز، کە لە ڕستەسازی ئاشکرادا نەپشکنرێت، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی، کە داڕێژراوەکە لە LFدا هەڵوەشێتەوە.
ت. فیچەری بەهێز پێویستە یەکسەر بسڕدرێتەوە لە سەرەتای پێکهێنانی فرێزدا.

جـوڵانی شـاراوە بەسـتراوە بـە فیچـەری لاوازەوە لـە دوای شـەقبوون (spell-out) ڕوودەدات، واتە لە LFدا.

فیچەرە بەهێزەکان لە PFدا دیارن/ بەرچاون، بەڵام فیچەرە بێهێزەکان لە PFدا نادیارن/ بەرچاو نین (invisible)، واتە فیچەری بەهێز بابەتی ڕێپێدراو/ یاسایی (Legitimate Objects)ن لە PFدا و نابێت تا دوای شەقبوون بمێنێتەوە. هەر بۆیە جولآنی ئاشکرا دەبێت زۆری لێبکرێت بۆ بەجێهێنانی بە زویی لە لایەن هەندێ داخوازی (requirement)یەوە.

چومسکی دیاردەی بەرزکردنەوەی کردار (verb rasing) بە نمونە دەهێنێتەوە، وایدادەنێت: کە بەرزکردنەوەی کردار لە زمانی فەرەنسیدا ئاشکرابێت، چونکە فیچەرەکانی کرداری فەرەنسیی بەهێزن، بە ئاشکرایی پێش LF دەپشکنرێن، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا شاراوە بێت، چونکە فیچەرەکانی کرداری ئینگلیزی لاوازن، لەبەرئەوە بە شاراوەیی لە LFدا دەپشکنرێن، هەربۆیە جولآنی کردار لە زمانی ئینگلیزیدا دوادەخرێت هەتا ئەو کاتە (Lansik, 2001: 75-77)، کەواتە جیاوازی نێوان زمانی ئینگلیزیی و فەرەنسیی لەم لایەنەوە پەیوەستە بە دواخستنەوە، چونکە دواخستن وا دەکات، کە فیچەرەکان نەپشکنرێن تا LF.

چومسکی جگە لە بەرزکردنەوەی کردار، هەروەها ئاماژەشدەداتە جولآنی بەرکار، کە لە هەندێ زماندا ئاشکرایە و لە هەندێ زمانی تردا شاراوەیە. سەبارەت بە جولآنی کردار لە زمانی کوردیدا، جولآنی نائاشکرایە، واتە لە LF ڕوودەدات، ئەمەش دەبەستینەوە بە فیچەری کردارەکانی زمانی کوردیی، لەبەرئەوەی فیچەرەکانی، بە تایبەتی فیچەری تاف (tense)ی لاوازە هەر بۆیە لە سینتاکسی ئاشکرادا ناجولێت. سەبارەت بە جولآنی بەرکاریش لە زمانی کوردیدا، بە هەمان شێوەی جولآنی کردار لە LFدا ڕوودەدات، بە شاراوەیی، بەڵام ئەگەر گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو (LCA)ی کاین جێبەجێبکەین لە زمانی کوردیدا، ئەو کات جولآنی بەرکار لە جۆری ئاشکرا دەبێت، واتە لە پێش شەقبوون لە سینتاکسی ئاشکرادا ڕوودەدات (بڕوانە ٤-٦).

جولآن زەمینە سازدەکات بۆ خۆڕزگارکردن لەو فیچەرانەی، کە نەپشکنراون، هەربۆیە لە ڕێی جولآنەوە ڕێیان پێدەدرێت تا بپشکنرێن، ئەگەر فیچەرێك سەرکەوتوو نەبوو لە پشکنیندا ئەوا ڕێ پێنەدراوە و لە PF و LFدا ڕاڤەی بۆ ناکرێت. جولآن لە MPدا بە چالاکی دوایین پەناگە دەبەستڕێتەوە (بڕوانە ٣-٤-٢).

جولآن لە دوو چالاکی پێکدێت: لێکدان لەگەڵ کۆپی (copy)، واتە لە جیاتی ئەوەی بڵێین لە کاتی جولآنی ئەلەمێنتێکدا شوێنپێیەك (trace) بەجێدەهێڵێت،

دەتوانین بڵێین کۆپییەکی بەجێهێشتووە. چومسکی پێشنیاری ئەوە دەکات، کە لێکدان چالاکییەکی زۆر ئابوورییانە ترە لە جولأن، چونکە ئەوەی وا دەکات، کە جولأن گرانبەها بێت ئەو ڕاستییەیە، کە کۆپییەکان لەخۆدەگرن و دروستکردنی کۆپییەکانی تێچوونیان دەبێت (Hornstein, 2001: 8, 19).

هەر سەبارەت بە ئابووریی چومسکی جولأنی شاراوە بە پەسەندتر دادەنێت وەك لە جولأنی ئاشکرا، چونکە جولأنی ئاشکرا بە زمانی ئابوریانە گرانبەهان، واتە تێچوونیان زۆرە، بەڵام جولأنی شاراوە تێچوونیان کەمە، واتە بێ نرخن (cost-free)، هەربۆیە ئەوە بە پەسەندتر دادەنرێت، کە جولأن هەتا دەکرێت، دوابخرێت. چومسکی بەم پەسەندکردنەش دەڵێت دواخستن (بڕوانە ٣-٤-١).

دوو خاڵی گرنگی دیکەش هەیە هەر سەبارەت بە جولأن، کە:

أ. جولأن یەك ئاڕاستەییە و دەبێت تەنها لە شوێنی نزمەوە بەرەو شوێنی بەرز بجولێت، واتە جوڵە بەرەو شوێنی نزم بە هیچ شێوەیەك ڕێگەپێنادرێت، بۆ نمونە ئەگەر لە درەختی ئەندازیاریدا بەرەو ڕاست لقی لێبێتەوە، ئەوا بەرزکردنەوەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەبێت، وەك زمانی ئینگلیزیی، بەڵام ئەگەر درەختی ئەندازیاریی ڕستەکە بەرەو چەپ لقی لێبۆیەوە، ئەوا بەرزکردنەوەکە لە چەپەوە بۆ ڕاستە، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا لەبەرئەوەی درەختی ئەندازیاریی ڕستەکە بەرەو چەپە، هەربۆیە بەرزکردنەوە (جولأن)ەکان لە چەپەوە بۆ ڕاستە، جگە لە بەرزکردنەوەی کردار نەبێت (بڕوانە بەشی چوارەم).

ب. لە ئەنجامی جولأن زنجیر (chain) دروستدەبێت، کە بریتییە لە کۆپی کەرەسە جولأوەکە لەگەڵ شوێنی کەرەسە جولأوەکە (Chomsky, 1995: 251).

## ٣-٢-٥/ شەقبون (spell-out):

خاڵێکە لە داڕێژراوەکە، کە بە هۆیەوە بەشێك لە زانیاری سینتاکسیی دەنێردرێت بۆ پێکهاتەی PF، کە لێوەی بۆ نواندنی PF نەخشەدەکێشرێت، وە بەشەکەی تر بۆ پێکهاتەی LF، کە لێوەی بۆ نواندنی LF نەخشەدەکێشرێت. واتە شەقبوون بە چالاکییەك (operation) دادەنرێت، کە جیاوازی لە نێوان PF و LF دەکات، ئەگەر ئایتمێك فۆرمی فۆنەتیکیی دیاری نەبێت، وەك pro ئەوا ئەو ئایتمە درکاندنی دیاری نییە (Readford, 2004b: 477; Crystal, 2003: 429). شەقبوون لە MPدا لە

بـری دروسـتـەی ڕووكـەش دەناسـێنرێت، هـەر وەك چـۆن لـە GBدا لـە دروسـتـەی ڕووكەشـەوە، زانیارییـەكان بـۆ LF و PF جیادەبۆیـەوە، لـە MPیشـدا لـە خـاڵی شـەقبوونەوە زانیارییـەكان بۆ PF و LF جیادەبێتـەوە، بـەلاّم لەگـەلّ ئەوەشـدا نابێـت خـاڵی شـەقبوون بـە دروسـتـەی ڕووكـەش بچـوێنریّ، چـونكە دوو شـتی جیـاوازن. دروسـتـەی ڕووكـەش لـە GBدا ئاسـتێكە، كـە تیایـدا دۆخـی ڕێزمـانیی دەدرێـت بـە ئارگومێنتەكان، هەروەها ڕێسای پاڵێوەری دۆخی تیا جێبەجێدەكرێت، بەلاّم شەقبوون لە MPدا ئاست نییە، بەڵكو چالاكییەكە، كە دەكرێت لـە هـەر خاڵێكی داڕێژراوەكـەدا ڕوودەدات. لە شەقبووندا هیچ ئایتمێكی لێكسیكیی ناتوانێت بچێتە ناو داڕێژراوەكەوە، هـەروەها یاسـاكانی سینتاكسـی ئاشكراشـی تیـا ڕوونـادات (Vanvalin, 2004: 204).

لە شەقبووندا نابێت زانیارییـەكان بە هەڵە بۆ نـاو نواندنـەكانی PF و LF بچێت، چـونكە ئەگـەر نوانـدنی PF زانیـاری سـیمانتیكیی هـەڵبگرێت، داڕێژراوەكـە هەڵدەوەشێتەوە، هەروەها ئەگەر نواندنی (LF)یش زانیاری فۆنەتیكیی هـەڵبگرێت، بـە هـەمان شـێوە داڕێژراوەكـە هەڵدەوەشـێتەوە و ناڕێزمـانیی دەبێـت، چـونكە ڕێسـای ڕاڤەكردنی تەواو (FI) بریندارەبێت (پێشێلدەكرێت). واتە لە خاڵی شەقبووندا دەبێت بـە شـێوەیەكی شـیاو داڕێژراوەكـە كـەرتبكرێت بـۆ هـەر دوو نوانـدنی PF و LF. PF زانیـاری شـیاوی فۆنـەتیكی تیادابێـت و LFیـش زانیـاری شـیاوی سـیمانتیكیی تیادابێت، بۆ ئەوەی ڕێسای ڕاڤەكردنی تەواو ڕازیبكات، ئەگەر ئەم مەرجـەش هاتـەدی، ئـەوا هـەموو داڕێژراوەكـە لێكنزیكدەبنـەوە لـە یـەك خاڵـدا (convergence)، كـە پێـی دەوترێت نزیكبوونەوە یان خاڵی بە یەكگەیشتن.

شەقبوون پێویستە كەی ڕووبدات؟

یەكـەم: شـەقبوون ئەگـەر زوو ڕووبـدات پـێش ئـەوەی هـەموو ئایتمـە فەرهەنگییـەكان بەشداری پێكرابێت/گرتبێتەخۆی (included) ئەمە بە پێش شـەقبوون (post-spell out) ناسێنراوە، لەم بارەدا دەبێت، لە LFدا ئەلـەمێنتێك هـەبێت، كـە هێشـتا زانیـاریی فۆنـەتیكیی خـۆی هەیـە، یـان ئەلـەمێنتێك لـە PFدا هـەبێت، كـە هێشـتا زانیـاریی سـیمانتیكیی خـۆی هەیـە. ئەگـەر دوای شـەقبوون ئایتمـە فەرهەنگییـەكان بهێنرێتـە نـاوەوە، ئـەوا شـەقبوون ناتوانێـت زانیارییـەكان كـەرتبكات بـۆ PF و LF و دووبـارە داڕێژراوەكە، هەڵدەوەشێتەوە (crash)، سەرەڕای ئەوە ئەگەر شەقبوون ڕووبدات پێش

ئەوەی سیستێمی کۆمپیوتەرییەکە هەموو درەختەکانی لێکدابێت، دووبارە ئەنجامێك دەخولقێت، کە نواندنێکی ڕاڤەنەکراوی دەبێت لە PFدا.

دووەم: ئەگەر شەقبوون درەنگ ڕوویدات، ئەوا لەگەڵ ڕێسای (دواخستن)دا دژایەتییەك دروستدەبێت، چونکە دواخستن ئەوە دیاریدەکات، کە وا لە جولاَن بکات دوای شەقبوون ڕوویدات (Cook, 1997: 320-322).

لە MPدا جیاوازی نێوان جولاَنی ئاشکرا و شاراوە لە جیاوازیی نێوان پێش–شەقبوون و دوای–شەقبوون ئاماژەپێکراوە. هەموو ئەو چالاکییانەی جولاَن، کە پێش شەقبوون ئەنجامدراوە، بە جولاَنی ئاشکرا دەناسرێت (هەر وەك ئەو چالاکییانەی جولاَنە، کە لە نێوان دروستەی قوڵ و ڕووکەش ڕوودەدات لە GBدا). هەروەها ئەو چالاکییانەی جولاَن، کە لە دوای شەقبوون ڕوودەدات جولاَنی شاراوەن (هەر وەك ئەو چالاکییانەی جولاَنە، کە لە نێوان دروستەی ڕووکەش و LF ڕوودەدات لە GBدا) (Davies and Dubinsky, 2004: 287).

### ٣-٢-٦/ کۆپی (Copy):

لە تیۆری P&P/GBدا هەمیشە وتراوە جولاَن شوێنپێ (trace) لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت. شوێنپێکە وەك کاتیگۆرییەکی سەربەخۆ پێناسەدەکرێت و بە پێی ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ شوێنپێ بە یەکێك لە کاتیگۆرییە بەتاڵەکان دادەنرێت، چونکە هیچ فۆرمێکی فۆنەتیکیی نییە. شوێنپێکان تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە، کە پشت بە سروشتی وەچەبەستێنەرەکانی دەبەستێت، بۆ نمونە ئایا وەچەبەستێنەرەکەی وەچەبەستێنەری A- یان وەچەبەستێنەری Áیە (بڕوانە ٢–٦).

چومسکی پێشنیاری شوێنگرتنەوەی بیرۆکەی شوێنپێ بە بیرۆکەی کۆپی دەکات، واتە جولاَنی کاتیگۆرییەك کۆپییەکی کاتیگۆرییە جولاَوەکە لە دوای خۆیەوە جێدەهێڵێت و دەبێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی وەچەبەستێنەرەکەیدا هاوشێوەبێت، بەمەش دەوترێت کۆپی تیۆری جولاَن. واتە جولاَنی شوێنی فرێزێك بریتییە لەکۆپیکردنی ئەو فرێزە لە شوێنێکی بەرزتر و سڕینەوەی فرێزەکە لە شوێنە ئەسڵییەکەی (Chomsky, 1995: 436; Lasnik, 2001: 72).

چالاکی جوڵان لە هەر دوو چالاکی کۆپی و لێکدان (copy+merge) پێکهاتووە. بۆ نمونە وەچەپێکهاتەی ´C چەند وەچەپێکهاتەیەکی تیایە، بەم شێوەیە:

(١٢)




لە (١٢)دا A پێویستە بجوڵێت بۆ specی C لە ئەنجامی جوڵانی A کۆپییەکی A دروستدەبێت و وەچەپێکهاتە جوڵاوەکە لێکدەدرێت لەگەڵ ´C، ″C دروستدەکات.

بە پێی تیۆری کۆپی هەموو کۆپییەکان دەبێت لە نواندنەکاندا هەبن، تا ئەو کاتەی بە پێی مەرجەکانی دەرکردە (out-put conditions) پێویستە کرداری سڕینەوە (deletion)ی بەسەردا جێبەجێبێت. جوڵان لە پێش شەقبووندا کۆپییەکەی دەسڕدرێتەوە، هەربۆیە لە کاتی گەیشتنی بە نواندنی PFدا دەرنابڕێت، بەڵام لە LFدا کۆپییەکە دەمێنێتەوە تا ڕاڤەی بۆ بکرێت (Davies & Bubinsky, 2004: 288; Ouhalla, 1999: 416).

(13) Which book did Mary read (t)?

بە پێی تیۆری کۆپی نواندنی LF و PFی (١٣) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

LF: (14) a. {Which book} did Mary read {Which book}.
PF: b. {Which book} did Mary read.

لە (14a)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە ئاستی LFدا کۆپی کەرەسە جوڵاوەکە لە شوێنەکەیدا دەمێنێتەوە، چونکە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ڕاڤەکردندا و لە (14b)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە ئاستی PFدا کۆپی کەرەسە جوڵاوەکە لە ئاستی نزمدایە و دەسڕدرێتەوە.

LF: (١٥) أ. کتێبەکە، من {کتێبەکە} بردم.
PF: ب. کتێبەکە، من بردم.

لـه ئاسـتی LFی (١٥أ) دا لـه ئـەنجامی جـولانی کتێبەکـە بـۆ پێشـەوەی ڕسـتە کۆپییـەکی جێهێشـتووە و لـە ئاسـتی LFدا کـۆپی کتێبەکـە لـە شـوێنە ئەسـڵییەکەی خۆیـدا دەمێنێتـەوە بـە مەبەسـتی ڕاڤـەکردن، چـونکە لـە ئاسـتی LFدا دەبێـت، هـەموو کەرەسـەکان و گۆڕانکارییـەکان بونیـان هـەبێت، بـۆ ئـەوەی ڕێسـای ڕاڤـەکردنی تـەواو ڕازیبکات، بەڵام لە(١٥ب)دا کۆپی کەرەسە جوڵاوەکە دەسڕدرێتەوە لە PFدا.

## ٣-٢-٧/ ئاستی سنورهاوبەشی LF و PF:

لـە MPدا هـەر دوو ئاسـتی فـۆرمی لۆجیـك (LF) و ئاسـتی فـۆرمی فۆنـەتیك بـە دوو ئاستی زۆر گرنگ دادەنرێت، چونکە لە کۆی چوار ئاستەکەی تیـۆری GB تـەنها ئـەم دوو ئاستە ماوەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەم دوو ئاستە، چونکە زمانـەوان ناتوانێـت لـە لێکۆڵینـەوە و تیـۆرە زمانەوانییەکانـدا بـەبێ بـوونی ئـەم دوو ئاسـتە لێکۆڵینەوەکانی بە ئەنجامبگەیەنێت.

فـۆرمی لـۆجیکیی (LF): قۆناغێکـە لـە داڕێـژراوە سینتاکسـییەکە، کـە سـینتاکس و سیستێمی چەمکە–مەبەستدارەکان (conceptual-intentional)ـە، کورتکراوەکـەی (C-I)یە، لەم قۆناغەدا ڕاڤەکردنی سیمانتیکیی ڕوودەدات.

فۆرمی فۆنـەتیکیی (PF): ئامارژەدەکـات بـە پەیوەنـدی نێـوان سـینتاکس و سیسـتێمی دەنگـی واتـە سیسـتێمی درکـاوە–هەسـتپێکراوەکان (Articulatory-Perceptual)، کورتکراوەکــەی (A-P)یــە، واتــە زانیــاریی لــە بــارەی تایبەتمەنــدی فۆنــەتیکیی (Boecky, 2006: 202-204; Lasnik, 1995: 2).

هــەر دوو سیســـتێمی (A-P) و (C-I) سیســـتێمی دەرەکـــی (external)ن و هەریەکـەیان خـاوەنی تایبەتمەنـدی خۆیـانن، کـە هـیچ پەیوەنـدییان بـە توانسـتی زمـان (Faculty of Language)ەوە نییــە، بەڵــکو پەیوەنـدییــان بــە سیسـتێــمی توانا/بەکارهێنان (performance system)ی زمانەوە هەیە.

داڕێــژراو لــە ئاســتی PF و LFدا، دەبێــت، بگاتــە خــاڵی لێکنزیکبوونــەوە (convergence) بۆ ڕازیکردنـی مـەرجی دروسـتیی داڕێژراوەکـە لـە لایـەن ڕاڤـەکردنی تەواوەوە.

### ٣-٢-٨/ نزیكبوونەوە/خاڵی لێكنزیكبوونەوە (Convergence):

داڕێژراوێك كاتێك دەگاتە خاڵی لێكنزیكبوونەوە، ئەگەر داڕێژراوەكە لە هەردوو ئاستی LF و PFدا ڕاڤەكراوبێت. بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات، دەبێت هیچ زانیارییەكی سیمانتیكیی لە نواندنی PFدا نەبێت، هەروەها هیچ زانیارییەكی فۆنەتیكییش لە نواندنی LFدا نەبێت. ئەگەر ئەم دوو مەرجە نەهاتەدی، ئەوا داڕێژراوەكە تێكدەشكێت. واتە نواندنەكانی PF و LF پێویستە زانیاریی لە هەمان جۆری خۆی تیادابێت، بۆ ئەوەی ڕێسای ڕاڤەكردنی تەواو ڕازیبكات. ئەگەر نواندنی LF و PF وەك یەكبوو (conforms) لەگەڵ ڕاڤەكردنی تەواودا، ئەوا داڕێژراوەكە دەگاتە خاڵی لێكنزیكبوونەوە (Crystal, 2003: 108; Cook, 1997: 322).

لە PF و LFدا دەبێت داڕێژراوەكە ڕێپێدراو/یاسایی (legitimate) و ڕاڤەكراوبێت، واتە دەبێت بۆ هەر ئەلەمێنتێك هۆیەك هەبێت بۆ بوونی لە داڕێژراوەكەدا و نابێت كەرەسەی زیاد لە پێویست هەبێت، ئەگەر نا داڕێژراوەكە بە ناڕێپێدراو/ نایاسایی دادەنرێت لە LFدا، تەنانەت ئەگەر ئەو ئەلەمێنتە لە PFیشدا ڕاڤەكراوبێت (Smith, 1999: 89; Muhammad, 2006: 8).

### ٣-٢-٨-١/ ڕێسای ڕاڤەكردنی تەواو (Principle of Full Interpretation)

ڕێسای ڕاڤەكردنی تەواو داوای ئەوە دەكات، كە هەر دوو ئاستی سنورهاوبەشی PF و LF دەبێت، بە تەواوی ڕاڤەكردنیان بۆ كرابێت. یەكێك لە داواكارییەكانی ڕاڤەكردنی تەواو ئەوەیە، كە هەر دروستەیەكی دەرچوو/دەركردە (out-put structures) پێویستە ببێتە یەك دروستە و ئەم یەك دروستەییەش كاتێك دەردەكەوێت، كە چالاكی لێكدان سەراپا جێبەجێكرابێت بەسەر ئەلەمێنتەكانی ژماردنەكەدا، سەرەڕای ئەوەش هەروەها نابێت هیچ فیچەرێكی نەپشكنراو بمێنێتەوە لە PF و LFدا. ئەو داڕێژراوانەی كە دەگەن بە داواكارییەكانی ڕاڤەكردنی تەواو پێیدەوترێت (convergence)، واتە نزیكبوونەوە یان یەكگرتنی PF و LF لە یەك خاڵدا (Brand, 1997: 3).

ڕاڤەكردنی تەواو لە MPدا چەند ئەنجامێكی سوودمەندی هەیە:

یەكەم: ڕێدەگرێت لە دەركەوتنی وەچەپێكهاتە (constitument)ی زیادە، بۆ نمونە:

(١٦) أ. ئەو دوێنێ لێرەبوو {پیاسەکردن}

ب. من پار لە تورکیا بووم {منداڵەکە}

لە (١٦ أب)دا ئەو ئەلەمێنتەی، کە لە ناو کەوانەکەدایە هیچ ئەرکێکی واتایی نییە، چونکە کەرەسەیەکی نایاسایی/ ڕێپێنەدراوە لە LFدا، هەربۆیە ئەو ڕستانەی، کە لەم چەشنە ئەلەمێنتانەی تیادایە، ناڕێزمانیی دەبێت و لە ئەنجامدا دەبێتە تێکشکاندنی داڕێژراوەکە.

دووەم: ڕێسای ڕاڤەکردنی تەواو دڵنیای ئەوەمان دەکات، کە تەنیا فیچەرە ڕاڤەکراوە فۆنەتیکییەکان لە PFدا دەمێننەوە (survive)، هەروەها لە LFیشدا تەنیا فیچەرە ڕاڤەکراوە لۆجیکییەکان دەمێننەوە، هەربۆیە ڕێسای ڕاڤەکردنی تەواو ئاماژەدەدات بەوەی ئەو ئەلەمێنتانەی، کە (Explitive)ن، واتە بێ ناوەرۆکن، تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان هاتوون، هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە LF پێویستە بسڕدرێنەوە.

بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەلەمێنتی وەك there ، it لە کاتی گەیشتنیان بە LF دەسڕدرێنەوە، بۆ نمونە:

(17) a. There is a man in the room. لەوێ پیاوێك لە ژوورەکەیە.

b. A man is in the room. پیاوێك لە ژوورەکەیە.

لە (17a)دا there هەرچەندە ئەلەمێنتێکی پێویستە بۆ پڕکردنەوەی شوێنی بکەر، بەڵام بە ئەلەمێنتێکی ڕاڤەنەکراو دادەنرێت، هەربۆیە پێویستە پێش ئەوەی بگاتە ئاستی LF، بسڕدرێتەوە، چونکە thereی Expletive ناوەرۆکێکی بۆگەڕاوە (Referential Content)ی نییە، بێ واتایە، لەبەرئەوە ڕاڤەکردنی بۆ ناکرێت لە LFدا، واتە فیچەرە ڕاڤەنەکراوەکان پێویستە بە هەر شێوەیەك بێت، لابرێت. چارەسەرکردنی کێشەی (17a) بەوە دەبێت، کە ئەلەمێنتێکی (There) بە بکەرێك کە ناوەرۆکێکی واتایی هەبێت لە LFدا جێی دەگیرێتەوە، لە ئەنجامی جوڵانی شاراوە/نادیارەوە، هەر وەك لە (17b)دا خراوەتەڕوو، کە ڕاڤەکردنی تەواو ڕازیدەکات (Chomsky, 2002: 32; Smith, 1999: 89-90; Muhammad, 2006: 9).

کەواتە بە پێی ڕێسای ڕاڤەکردنی تەواو:

أ. هەر ئەلەمێنتێك لە ئاستی سنورهاوبەشدا، پێویستە لە لایەن ڕاڤەکردنی تەواو ڕێگەی پێبدرێت.

ب. لە پرۆسەکانی سیستێمی کۆمپیوتەریەکەدا، ئەو ئەلەمێنتانەی، کە ڕاڤەنەکراون (uninterpretable) لە ڕێگای فۆرمی لۆجیکییەوە دەسڕدرێنەوە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەلەمێنتی (Expletive)ی وەك There تەنیا بۆ پڕکردنەوەی شوێنی بکەری بەخورتی دێن لە ڕستەدا، لەبەرئەوە لە ئاستی LFدا دەسڕدرێنەوە (وندەبن) بە هۆی ڕێسای ڕاڤەکردنی تەواو.

لە زمانی کوردیدا ئەم دیاردەیە بەرچاوناکەوێت، کە ئەلەمێنتی (Expletive)ی وەك (it, There)مان هەبێت لە شوێنی بکەری بەخورتیدا بێن لە ڕستەدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە زمانی کوردی (شێوە زاری ناوەڕاست) لەبەرئەوەی سەر بە زمانە بکەرنادیار (Null-subject)ەکانە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەگەر لە ڕستەیەکدا شوێنی بکەر بەتاڵ بێت، ئەوا بکەرێکی نادیار هەیە، کە هیچ فۆرمێکی فۆنەتیکیی نییە، لە شوێنی بکەردا بوونی دەبێت:

(١٨) أ. لێرەوە pro هات.

ب. لەوێوە pro ڕۆیشتن.

کەواتە بوونی pro لە زمانی کوردیدا، ئەو کێشەیەی چارەسەرکردووە، کە هیچ ئەلەمێنتێکی ڕاڤەنەکراو، کە ناوەرۆکێکی واتایی نەبێت، ناتوانرێت، لە شوێنی بکەری بەخورتیدا دابنرێت.

## ٣-٣/ تیۆری پشکنین (Checking Theory):

بە پێی گریمانەی مینیماڵیست ئایتمە لێکسیکییەکان لە فەرهەنگەوە دێنە دەرەوە بە شکاوەیی (inflected)، کە ئەمەش لە مۆدیلی پێشووتر جیاوازە، کە تیایدا فۆرمی بناغەی لێکسیکیی دەهاتە ناو گرێی لێکسیکیی و لاگرە ئەرکییەکانیش (-inflected affixes) دەهاتە ناو گرێی ئەرکیی و لاگرەکان لەگەڵ ئایتمەکان لێکدەدران بە هۆی جوڵانەوە (بڕوانە ٤-٢). کەواتە لە MPدا کردارەکان و فرێزە ناوییەکان بە فیچەرەکانیانەوە دەچنە ناو داڕێژراوەکەوە، هەروەها دەجوڵێن بۆ سەرە ئەرکییەکان لە

پێناو پشکنینی فیچەرەکانیان. واتە لە تیۆری پشکنیندا ئایتمە لێکسیکییەکان فیچەریان تێدایە، پێش ئەوەی بچنە ناو داڕێژراوەکەوە و ئەم فیچەرانەش بە هۆی داواکارییەکانی پشکنینی فیچەرەوە پێویستە لە لایەن سەر (Head)ەوە بپشکنرێن، بۆئەوەی ئەمە ڕووبدات پێویستە لە شوێنی خۆیانەوە بجوڵێن. فریزە ناوییەکان (دەرخەرییەکان) لە شوێنی خۆیانەوە دەجوڵێن بۆ specی سەرە ئەرکییەکان، هەروەها کرداریش لە شوێنی خۆیەوە دەجوڵێت بۆ سەری گرێی تاف (TP) (بڕوانە بەشی چوارەم). ئەو شوێنانەی، کە فیچەری ئایتمە لێکسیکییەکانی تیا دەپشکنرێت، پێیدەوترێت ڕکێف/دەسەڵاتی پشکنین (Checking Domain).

پشکنینی فیچەرەکان تەنها لە دوو بیچمی (configurations) داڕێژراوەکەدا ڕێیان پێدەدرێت (Chomsky, 1995: 177-179; Davies & Dubinsky, 2004: 289) کە ئەویش:

- سپێک (spec) – سەر.
- سەر – سەر.

(١٩) ئەحمەد کتێبەکە دەخوێنێتەوە.

(٢٠)




لە (٢٠)دا فریزی ناویی ئەحمەد فیچەری دۆخی نۆمینەتیڤی هەیە، کە دەبێت لە لایەن ئەو سەرە ئەرکییەوە بپشکنرێت، کە هەمان فیچەری هەڵگرتووە، لەبەرئەوە فریزی ئەحمەد لە ناو specی vp دەرەکییەوە دەجوڵێت بۆ specی TP بۆ پشکنینی دۆخەکەی، فریزی (کتێبەکە)ش لە specی VP ناوەکییەوە بۆ specی vp دەرەکی دەجوڵێت بۆ پشکنینی فیچەری دۆخی ئەکیوزەتیڤ لە لایەن سەری

(V)یەوە هەروەها کرداریش لەبەر ئەوەی فیچەری تافی هەیە، لە شوێنی خۆیەوە بۆ سەری تاف دەجوڵێت بۆ پشکنینی فیچەری تافەکەی، بەڵام ئەم گواستنەوانە شاراوەن، واتە لە LFدا ڕوودەدات، چونکە لە PFدا دەرناکەون.[٤]

لە MPدا دوو جۆر لە فیچەر جیاکراوەتە: بەهێز، لاواز. فیچەری بەهێز بە ئاشکرایی لە سینتاکسی ئاشکرادا دەپشکنرێن و لە PFدا دەرکەوتو (دیار)ن. فیچەرە لاوازەکان بە پێچەوانەوە لە سینتاکسی شاراوەدا واتە لە LFدا دەپشکنرێن و لە PFدا دەرکەوتوونین. ئەگەر فیچەری بەهێز لە سینتاکسی ئاشکرادا، هەروەها فیچەری لاوازیش لە سینتاکسی شاراوەدا نەپشکنرێن، ئەوا دەبێتە هۆی بریندارکردنی ڕێسای ڕاڤەکردنی تەواو بڕوانە (٣-٢-٤).

کەواتە پشکنینی فیچەر بە پێویستیەك دادەنرێت لە ڕستەدا، چونکە هەندێ لە فیچەری ئایتمە فەرهەنگییەکان ڕاڤەنەکراون، بە پشکنینیان دەسڕدرێنەوە و لە LFدا نادیار دەبن، بەڵام فیچەری ڕاڤەکراو، لەگەڵ ئەوەی پشکنینی بۆ دەکرێت، لە LFدا ناسڕدرێنەوە، وەك فیچەری توخم و کەس و ژمارەی ناو.

هەر وەك لە پێشتریشدا ئاماژەمانپێدا، کە جوڵانی ئاشکرا چالاکی بەنرخن (تێچوونیان زۆرە)، بەڵام جوڵانی شاراوە چالاکییەکی هەرزان بەهان (تێچوونیان کەمە)، لەبەرئەوە یەکەمجار فیچەرە بەهێزەکان پشکنینیان بۆ دەکرێت، دواتر فیچەرە لاوازەکان. بەهێزی و لاوازی فیچەرەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نمونە لەبەرئەوەی فیچەری وشەی پرسیار لە زمانی ئینگلیزیدا بەهێزە، هەربۆیە بە ئاشکرا بۆ specی CP دەجوڵێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە زمانی چینیدا لاوازە، چونکە بە شاراوەیی دەجوڵێت (Chomsky, 1995: 232, 279; Davies, 2004: 290).

بە پێی فلتەری دۆخ هەموو (DP/NP)یەکان دەبێت دۆخەکانیان بپشکنرێن لە لایەن (سەر)ەوە لە ڕکێف/دەسەڵات پشکنیندا. لە (٢٠)دا TP بە ڕکێفی پشکنینی بکەر دادەنرێت. چومسکی پێشنیاری ئەوە دەکات، ئەگەر DP/NP یەك فیچەری دۆخەکەی بپشکنرێت، DP/NPیەکە ناچالاك دەبێت و لە توانایدا نابێت بەشداری لە جوڵانی تردا بکات (Collins, 2001: 53). جگە لە DP/NPیەکان هەروەها کرداری تەواو (finite verb)یش کۆمەڵێك فیچەری وەك تاف (Tense) و ڕێککەوتی (Agreement)ی تیایە، کە لە ڕێگەی گواستنەوە (transformation)ەوە

دیارینـاکرێن، چـونکە بەشـێکن لـە ڕەگ (stem)ی کردارەکـە، وە ئـەم فیچـەرانەش پێویستە بپشکنرێن (بڕوانە ٤-٢ و ٤-٣).

پشـکنینی فیچـەری تـافی کـردار لـە پەیوەنـدی سـەر بـۆ سـەر، کـە پەیوەندییـەکی نـاوخۆیی (local)ــە دەپشــکنرێن. کــردار بــۆ ســەری T بەرزدەکرێتــەوە تــاوەکو تایبەتمەندییـەکانی بپشـکنرێن (Lasnik, 2000: 182). بـۆ نمونـە فیچـەرەکانی کرداری فەرەنسیی بەهێزن، لەبەرئـەوە بە ئاشـکرایی دەپشـکنرێن، بـەڵام فیچـەرەکانی کـرداری ئینگلیزیـی لەبەرئـەوەی لاوازن بـە شـاراوەیی لـە LFدا دەپشـکنرێن، هەربۆیـە جوڵان دوادەخرێت هەتا ئەو کاتە (Smith, 1999: 110; Cook, 1997: 335).

لەم حاڵەتەدا چومسکی ئەم پێشنیارەی لای خوارەوە دەکات:

فیچەرەی بەهێزی نەپشکنراو (unchecked)، کەرەسەیەکی ڕێپێنەدراوە لە PFدا، بۆ نمونە لە زمانی فەرەنسیدا ئەگەر کردارەکە تا LF بەرزنەکرێتەوە، ئەوا فیچـەری بـەهێز بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بـێ پشـکنین دەمێنێتـەوە و بـەردەوام ئـەبن تـا PF بـەڵام لـەم قۆناغەدا ڕێی پێنادرێت.

کەواتە لێرەدا دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی: ئەگـەر زمانێك فیچـەری بـەهێزی هـەبێت لـە سـەرە ئەرکییەکانـدا، بـۆ نمونـە وەك سـەری ئـەرکی T, C ....... ئـەوا بەرزبوونـەوە هەمیشە بە ئاشکرایی ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر زمانێك فیچەری لاوازی هـەبێت لـە سـەرە ئەرکییەکاندا ئەوا کردار (main verb) هەرگیز بە ئاشکرا بەرزنابێتەوە.[٥] بەڵام کـردارە یاریـدەدەرەکان (auxiliary verbs) بـە ئاشـکرا بەرزدەبنـەوە، چـونکە ئەگـەر زۆر چاوەڕێبکەن، ئـەوا بـۆ هەمیشـەیی چانسـی بەرزبوونـەوە لەدەسـتدەدەن، ئـەو کاتـەش سەرە ئەرکییەکان کۆتاییان دێت، چونکە فیچەرەکانیان ناپشکنرێن (Lasnik, 2000: 183-185). ئەگەر فیچەرێکی بەهێز ڕاڤەنەکراو بێت لە هەر یەك لـە PF و LFدا، ئـەوا ڕاڤەکردنی تەواو دەشێوێت (Hornstein, 2000: 8).

لـە تیـۆری فیچـەرە فەرمییـەکـان (formal features)دا لـە ژێـر ڕۆشـنایـی بۆچوونەکانی چومسکیدا، یۆرا (2002: 16-17) بەم شێوەیەی خوارەوە ئامـاژەی بـە تایبەتمەندییەکانی فیچەر داوە:

١- فیچەر کەرەسەی سینتاکسی سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانە.

٢- فیچەرەکان دەدرێنە پاڵ ئایتمە لێکسیکییەکان وەك فیچەری ڕەگەز، کەس، ژمارە، دۆخ، کاتیگۆریی.

٣- فیچەرەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی چالاکیی پشکنینی فیچەر، کە دەبێتە پاڵنەر بۆ جووڵە سینتاکسییەکان لە ژێر مەرجی دوایین پەناگە (Last Resort)دا، لە پشکنینی فیچەرەکاندا پەیوەندییەك دێتەبەرهەم پێیدەوترێت پەیوەندی پشکنین (Checking Relation).

٤- پشکنینی فیچەر لەو کاتەدا ڕوودەدات، کە ئەلەمێنتەکان فیچەریان هەیە و دەپشکنرێن لە ڕکێف/دەسەلاَت پشکنین (Checking Domain)ی ئەو ئەلەمێنت (سەر)ەی کە هەمان فیچەری هەیە و پێیدەوترێت پشکنەر (Checker)، بە کەرەسە پشکنراوەکەش (checkee).

٥- فیچەرەکان لە ئەنجامی پشکنینیاندا دەسڕدرێنەوە، فیچەرە سڕاوەکەش لە PFدا نادیارە، بەلاَم لە چالاکییەکانی سینتاکسدا بوونیان هەیە.

٦- فیچەری ڕاڤەکراو (Interpretable+) و ناڕاڤەکراو (Interpretable-) هەیە. فیچەری ناڕاڤەکراو پێویستە بپشکنرێت و بسڕدرێتەوە لە LFدا، بەلاَم ڕاڤەکراو پێویست ناکات بپشکنرێت یان بسڕدرێتەوە، لەبەرئەوەی لە LFدا ڕاڤەکردنیان بۆ دەکرێت و بوونیان لە LFدا ڕاڤەکردنی تەواو بریندار/پێشێل (violation) ناکات، فیچەری ناڕاڤەکراو ئەگەر لە LFدا بمێنێتەوە و نەسڕدرێتەوە دەبێتە هەڵوەشانەوەی داڕێژراوەکە.

٧- فیچەری بەهێز (strong) و لاواز (weak) هەن. فیچەری بەهێز پێویستە بپشکنرێت و بسڕدرێتەوە (deleted) پێش شەقبوون، لە کاتێکدا فیچەری لاواز دەتوانرێت لە LFدا پشکنینی بۆ بکرێت. فیچەری بەهێز کە بە نەپشکنراوی لە PFدا بمێنێتەوە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی داڕێژراوەکە.

٨- چومسکی پێشنیاری ئەوە دەکات، کە ئەو ئەلەمێنتانەی لە لایەن چالاکی لێکدان لە شوێنی ثیتا (θ-position)دا دروستبوون، ناتوانرێت پشکنینیان بۆ بکرێت، تاوەکو لە شوێنی خۆی نەجولێت بۆ شوێنێکی تر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حاڵەتە سنوودارە، چونکە لە هەندێك زماندا ئەلەمێنتەکان لە شوێنی ثیتای خۆیاندا، دەتوانرێت پشکنینیان بۆ بکرێت، لە کاتێکدا لە هەندێ زمانی دیکەدا ئەوە ڕوونادات.

سەبارەت بە خاڵی هەشتەم دوو جۆر لە پارامێتەر جیاکراوەتەوە:

أ. [+ΘPC] واتە پارامێتەری پشکنینی شوێنی-ثیتا (Theta-position checking parameter) بە پێی ئەم پارامێتەرە پشکنینی فیچەری دۆخ لە شوێنی ثیتادا دەبێت.

ب. [-ΘPC] واتە پارامێتەری پشکنین لە شوێنی ناثیتادا. بە پێی ئەم پارامێتەرە ئەلەمێنتەکان ناتوانن لە شوێنی ثیتایاندا هیچ پشکنینیان بۆ بکرێت (Ibed: 37-38).

## ٣-٣-١/پشکنینی فیچەر و پارامێتەر لە زمانی کوردیدا:

سەبارەت بەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا دەتوانین بڵێین زمانی کوردیی [±ΘPC]یە، واتە هەر دوو پارامێتەرەکە لە زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام چۆن؟

بە بەڵگەی ئەوەی کە زمانی کوردیی پەیوەست بە سیستێمی دۆخەوە هەر دوو سیستێمی دۆخی: ئەکیوزەتیڤیی، ئێرگەتیڤیی تیا بەدیدەکرێت.

سەرەتا با بزانین مەبەست چییە لەم دوو جۆر سیستێمی دۆخە، دواتر پەیوەستی دەکەین بەم دوو جۆر پارامێتەرە.

## ٣-٣-٢/ ئێرگەتیفیی و تیۆری پشکنین:

لە سیستێمی دۆخی ئەکیوزەتیڤ (نۆمینەتیڤ-ئەکیوزەتیڤ)دا، بکەری کرداری تێنەپەڕ و بکەر یان کارای کرداری تێپەڕ یەك دۆخیان هەیە، کە پێیدەوترێت دۆخی نۆمینەتیڤ، وە بەرکاریش دۆخی ئەکیوزەتیڤی هەیە، هەر وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:

| دۆخی ئەکیوزەتیڤ (ACC) | دۆخی نۆمینەتیڤ (NOM) |
|---|---|
| بەرکار (Objective) | بکەر (Subject)<br>کارا (Agent) |

بەڵام لە سیستێمی دۆخی ئێرگەتیڤ (ئێرگەتیڤ-ئەبسۆلەتیڤ)دا، بکەری کرداری تێنەپەڕ لەگەڵ بەرکاری کرداری تێپەڕدا هەمان دۆخیان هەیە، کە دۆخی

ئەبسۆلەتیڤ (Absolative)ی پێدەوترێت و بکەری کرداری تێپەڕیش کە کارای پێدەوترێت، دۆخێکی جیاوازتری هەیە، کە بە دۆخی ئێرگەتیڤی ناسراوە، هەر وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیاریدەکرێت (Ura, 2000: 181-183; Muhammad, 2006: 33-39):

| دۆخی ئەبسۆلەتیڤ (ABS) | دۆخی ئێرگەتیڤ (ERG) |
|---|---|
| بکەر (Subject) | کارا (Agent) |
| بەرکار (Objective) | |

لە بەشێکی زۆری زمانەکانی جیهاندا سیستێمی سەرەکی دۆخیان سیستێمی ئێرگەتیڤییە، بۆ نمونە وەك زمانی قەوقازیی، ئوسترالیی، هیندیی، نیپالیی، بەنغالیی، پشتو، کوردیی، ......

واتە لە زمانی کوردیدا سیستێمی دۆخی ئێرگەتیڤ (ERG) هەیە، بەڵام ئەم سیستێمی دۆخی ئێرگەتیڤییە لە هەر دوو تافی ڕابردوو، ڕانەبردوودا دەرناکەوێت، بەڵکو تەنها لە تافی ڕابردوودا دەردەکەوێت، چونکە لە تافی ڕانەبردوودا سیستێمی ئەکیوزەتیڤییە، بەم دیاردەیەش دەوترێت ئێرگەتیڤی قڵیشاو (Split Ergativity) (مزگێن عەبدولرەحمان، ٢٠٠٦: ٧٨).

ئێرگەتیڤیی لە نیشانەکردنی دۆخ (Case Marking) و ڕێککەوتنی کردار (Verb Agreement)دا دەردەکەوێت. ئێرگەتیڤیی لە شێوەزاری سلێمانیدا لە ڕێککەوتنی کرداردا دەردەکەوێت (Friend, 1985).

ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمانە بیخەینەڕوو، ئەوەیە، کە لەبەرئەوەی زمانی کوردی بە گشتی و شێوەزاری سلێمانیی بە تایبەتی سیستێمی دۆخەکەی لە نێوان ئێرگەتیڤیی و ئەکیوزەتیڤیی دایە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی، کە شوێنی پشکنینی دۆخی بکەر و بەرکار بە پێی تافەکان جیاواز بێت.

تافی ڕابردوو:

تێنەپەڕ: (٢١) أ. ئەوان نوستن.　　　م-ین

تێپەڕ:　　ب. ئەوان تۆیان بینی.　　　م-مان

تافی ڕانەبردوو:

تێنەپەڕ: (٢٢) أ. ئەوان دەنوون. م–ین

تێپەڕ: ب. ئەوان نان دەخۆن. م–ین

لە (٢١ب) و (٢٢أب)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە نیشانەی ڕێککەوتنی کارا لە (٢١ب) لە دەستەی (م–مان)ـە، کە جیاوازە لە نیشانەی ڕێککەوتنی بکەر لە (٢١أ) و (٢٢أب)دا، چونکە لە دەستەی (م–ین)ن. ئەم جیاوازییەش لە نیشانەی ڕێککەوتن دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئێرگەتیڤیی.

شیکردنەوەی نمونەکان بە پێی درەختی ئەندازیاریی، بە پێی گریمانەی توێکڵەکانی VP (VP-shells)ی لارسۆنە، کە جیاوازە لەو درەختی ئەندازیارییانەی، کە لە GBدا خراوەتەڕوو (بڕوانە ٤–١ و ٤–٥).

نمونەی (٢١أ) بە پێی درەختی ئەندازیاریی، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(٢٣)




لە (٢٣)دا بکەر لە spec (vp)یەوە جولاوە بۆ specی TP بە مەبەستی پشکنینی دۆخی ئەبسۆلەتیڤ (ABS) لە لایەن Tیەوە، هەروەها پشکنینی فیچەری ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو (EPP)ی TP لە لایەن بکەر (ئەوان)ەوە.

(٢٤)




لە (٢٤)دا کارا و بەرکار هەردووکیان لە شوێنی خۆیانەوە جولاون بۆ هەر دوو specی TP، چونکە لە تیۆری بار فریزی MPدا ڕێگە بە دوو spec دەدرێت لە دروستەی فرێزدا، کە ئەمەش جیاوازە لە تیۆری (X–بار)ی GB، چونکە تەنها ڕێگەی بە یەك spec دەدا لە دروستەی فرێزدا.[٦] بوونی ئەم دوو specـەش لە تیۆری دروستەی بار فرێزی MPدا، شیکردنەوەی پشکنینی فیچەری فرێزە DP/NPیەکان چارەسەردەکات، لەو زمانانەی کە دۆخی ئێرگەتیڤییان هەیە.

لە (٢٤)دا سەرەتا فرێزی کارا (ئەوان) لە شوێنی خۆیەوە جولاوە بۆ specی TP بۆ پشکنینی فیچەری دۆخی ئێرگەتیڤیی کارا و فیچەری θی TP، هەروەها فرێزی بەرکاریش دەجولێت بۆ specی دووەمی TPبۆ پشکنینی فیچەری دۆخی ئەبسۆلەتیڤ و هەروەها پشکنینی فیچەری (EPP)ی TP لە لایەن بەرکارەوە. ئەم جولانەی بەرکاریش بۆ specی TP، لەبەرئەوەیە کە بکەری کرداری تێنەپەڕ و بەرکاری کرداری تێپەڕ هەمان دۆخیان هەیە، کە ئەویش دۆخی ئەبسۆلەتیڤە، واتە هەر وەك چۆن لە (٢٣)دا بکەر جولاوە بۆ specی TP بۆ پشکنینی فیچەری دۆخەکەی، کە ئەبسۆلەتیڤە، هەروەها پشکنینی فیچەری EPPی TP، لە (٢٤)دا بەرکاریش جولاوە بۆ specی TP بۆ پشکنینی فیچەری دۆخەکەی و فیچەری (EPP)ی TP.

لە (٢٤)دا بۆیە فیچەری (EPP) واتە فیچەری ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو لە لایەن فرێزی بەرکارەوە دەپشکنرێت، چونکە فرێزی بکەر ناتوانێت ئەو کارە بکات، لەبەرئەوەی فرێزی بکەر پێش جولانی لە شوێنی خۆی، واتە specی vp، کە شوێنی ثیتایەتی فیچەری دۆخەکەیشی دەپشکنرێت. بەم پارامێتەرەش دەوترێت [+ΘPC]

واتــە پارامێتــەری پشــکنینی شــوێنی-ثیتــا. ئەمــەش تایبەتمەندییــەکی زمانــە ئێرگەتیڤییەکانە (Ura, 2000: 206-207; 2001: 361-364).

هــەروەها دیــاردەی پشــکنینی فیچــەری دوو فرێــز لــە دوو specی هــەمان گرێــدا دەوترێت پشکنیـنـی فرە فـیـچـەریی (بڕوانە ٣-٣-٣). بەڵام ئـەم دیـاردەی پشـکنینی فرە فیچەریە لە لایەن یەك سەرەوە، لەگەڵ ئەوەی لە تافی ڕابردوودا ڕوودەدات، بەڵام لە تـافی ڕانـەبردوودا ڕوونـادات، چـونکە لـە تـافی ڕانـەبردوودا بکـەری کـرداری تێنەپـەڕ و بکـەر/کارای کـرداری تێپـەڕ هــەمان دۆخیـان هەیـە، ئـەویش دۆخـی نۆمینەتیڤـە، کـە جیاوازە لە دۆخی بەرکاری کرداری تێپەڕ، کە ئەکیوزەتیڤە.

نمونەی (٢٢أ) بە پێی درەختی ئەندازیاریی، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(٢٥)




لە (٢٥)دا بکەر بۆ پشکنینی فیچەری دۆخی نۆمینەتیڤ جولاوە بۆ (spec)ی TP.

نمونەی (٢٢ب) بە پێی درەختی ئەندازیاریی، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(٢٦)



لە (٢٦)دا بکەر و بەرکار هەر یەکەیان بە جیا جوڵاون بۆ دوو گرێی جیاواز، سەرەتا بکەر بۆ پشکنینی دۆخی نۆمینەتیڤ بۆ specی TP جوڵاوە، دواتر بەرکاریش بۆ پشکنینی فیچەری دۆخی ئەکیوزەتیڤ بۆ specی v دەرەکی جوڵاوە.

کەواتە زمانی کوردیی لە تافی ڕانەبردوودا [ΘPC-]یە چونکە ئەلەمێنتەکان، واتە بکەر و بەرکار ناتوانن لە شوێنی ڤیتایاندا هیچ پشکنینێکیان بۆ بکرێت، ئەمەش تایبەتمەندییەکی زمانی ئەکیوزەتیڤییەکانە.

بەم نمونە و بەڵگانە ئەوەمان سەلماند، کە زمانی کوردیی [ΘPC±]یە چونکە هەر دوو پارامێتەری پشکنین لە زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت، ئەم جیاوازییەش لە پارامێتەری پشکنین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە هەر دوو سیستێمی دۆخی ئێرگەتیڤیی و ئەکیوزەتیڤیی لە زمانی کوردیدا هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە شوێنی پشکنینی بکەر، کارا، بەرکار بە پێی تافەکان جیاواز بێت، کەواتە:

زمانی کوردیی لە تافی ڕابردوودا [ΘPC+]یە، بەڵام لە تافی ڕانەبردوودا [ΘPC-]یە.

### ۳-۳-۳/ تیۆری پشکنینی فرە فیچەریی (Multiple Feature Checking):

تیۆری پشکنینی فرە فیچەریی (نیشانەیی) بریتییە لەوەی کە سەر (Head)ێک بچێتە ناو زیاتر لە یەک پەیوەندی پشکنینی فیچەر. ئەم دیاردەی پشکنینی فرە فیچەرییە لە زماندا بەستراوە بە فرە سپێک (spec)ی لە زماندا.

گریمانەی مینیماڵیست دەربارەی دروستەی فرێز جیاوازترە لە گریمانەی GB، چونکە لە تیۆری (X–بار)ی GBدا تەنها ئاماژە بە یەک spec دەدرێت لە دروستەی فرێزدا، بەڵام لە تیۆری دروستەی بار فرێزی MPدا ڕێگە بە فرە specی دەدرێت لە لایەن یەک سەرەوە، بەم شێوەیە:

(۲۷)



لە ئەنجامی ئەم فرە سپێك (spec)ییەوە، یورا (2000: 20-24) بانگەشەی ئەوە دەکات، کە فرە specی لە لایەن یەك (سەر)ەوە کاتێك ڕێی پێدەدرێت، کە ئەو (سەر)ـە دەستەیەك (sets) لـە فـرە فیچـەری هـەبێت. ئەمـەش بەسـتراوە بـە تایبەتمەندییـەکانی سەر، بۆ نمونە لەوانەیە لە زمانێکدا سەری T دەستەیەك لە فرە فیچەری هەبێت، بەلاّم ڕەنگە سەری V نەیبێت. هەروەها ڕەنگە لە هەندێ زمانی تردا نە سەری T و نە سەری V فرە فیچەر بێت. ئەوەی کە لێرەدا گرنگە و مەبەستمانە بیخەینەڕوو ئەوەیە، کە فرە فیچـەریی دەچێتە نـاو زیـاتر لـە یـەك پەیوەنـدی پشـکنینەوە، بـەلاّم ئەگـەر فـرە فیچـەر نەبێت، ئەوا دەتوانێت تەنها بچێتە ناو یەك پەیوەندی پشکنینەوە.

بـۆ نمونـە ئەگـەر سـەری T فـرە فیچـەر و فـرە spec بێـت، ئـەوا دوو DP بـە جیـا فیچەرەکانی T دەپشکنن. DP یەکەمیان دەچێتە ناو پەیوەنـدی پشـکنینی فیچـەری θ (واتە فیچەری کەس و ژمارە و ڕەگەز) لەگەڵ Tدا، هەروەها DP دووەمیان دەچێتە نـاو پەیوەندی پشکنینی فیچەری EPP (واتە فیچـەری ڕێسـای پرۆژەسـازدانی فراوانکـراو) لەگەڵ سەری Tدا (بڕوانە نمونەی ٢٤ و شیکردنەوەکەی).

## ٣-٤/ ڕێساکانی ئابووریی (Principles of Economy):

لە MPدا ڕێسای ئابووریی بە یەکێك لە ڕێسا گرنگەکان دادەنرێت. بیرۆکەی ئابووریی لە لای چومسـکی لـە پـێش گەشەسـەندنی مینیمـاڵ پرۆگـرام سـەریهەڵداوە. چومسـکی سـەرەتا لـە کتێبـی (هەنـدێ تێبینـی لەسـەر ئـابووریی داڕێـژراو و نواندنـەکان) لـە سـاڵی ١٩٩١ گەشـەی بـە لایـەنی ئـابووریی زمـان داوە. چومسـکی تێبینـی ئـەوەی کـرد، کـە دروسـتە زمانییـەکان پێویسـتە هـەتا دەکرێـت ئابوورییانـە بێـت. تـەنیا شـتێك، کـە دەتوانرێت، لە ڕستەدا دەربکەوێت، ئەو کەرەسانەن، کە پێویستن. هەر بۆیـە چومسـکی ڕێسـای ئـابووریی پێشـنیار کـرد، کـە ئەمـەش تـەنیا پەیوەنـدی بـە فـۆرم و نوانـدنی دروسـتەوە نـەبوو، بـەڵکو بـەو پرۆسانەشـەوە کـە بەرهەمیـدەهێنا. بـۆ نمونـە زمانـەکان هەمیشـە وا دەردەکـەون، کـە کـەمترین ژمـارەی هـەنگاو و پرۆسـە بـەکاربهێنن بـۆ بەرهـەمهێنانی دروسـتەیەك، کـە ڕێزمـانی جیهـانیی ڕێـی پێبـدات، واتـە نابێـت هـیچ یاسایەکی زیاد لە پێویست جێبەجێبکرێت (Cook, 1997: 168-169). لە ئابووریی داڕێـژراودا زیـاتر جـەخت لەسـەر ئـەو بیرۆکەیـە دەکـات، کـە جوڵانـەکان تـەنها بـۆ بەیەکگەیانـدنی فیچـەرە ڕاڤەنـەکراوەکان بـە فیچـەرە ڕاڤـەکراوەکان ڕوودەدەن،

لەبەرئـەوەی لـە MPدا داڕێـژراوەکان بچـووکدەکرێنەوە، دەبێـت کـورتترین داڕێـژراو بەسەر درێژەکەیان هەڵبژێردرێت، هەروەها داڕێژراوە درێژترەکە دەبێت بلۆکبکرێت. بۆ نمونە جولاّن لە A بۆ B وە دوورتریش بۆ C، ئەگـەر A بـۆ B جولاّنی ڕێپێدراو بێت، وە جــولاّنی زیـــادەش بـــۆ C چـــالاکییەکی زیـــاترە، داڕێژراوەکـــە ئالۆزدەکـــات (Muhammad, 2006: 14; Culicover, 1997: 347).

لـە ئـابوریی نواندنیشـدا چومسـکی لـە GBدا پێشـنیاری مـەرجی ڕاڤـەی تـەواو دەخوازێـت، کـە هـەر ئەلـەمێنتێك لـە نوانـدنی PF و LFدا پێویسـتە ڕێپێـدراوبێت و چومسـکی جـارێکی تـر لـە MPدا زیـاتر جەختدەخاتـە سـەر ڕاڤـەکردنی تـەواو و ئاماژەدەدات بەوەی، کە نواندن (Representation)یَك دەگات بە ڕاڤەکردنی تەواو (FI)، ئەگـەر پەیوەسـتبێت بـە کەرەسـە ڕێپێـدراوەکان، کـە لـە ئاسـتی سنورهاوبەشـدا دەتوانرێت ڕاڤەبکرێن (Collins, 2001: 59). ڕاڤەکردنی تەواو ئەوە دەگەیـەنێت، کە هەر ئایتمێك لە ڕستەدا پێویستە هۆیەك هەبێت بۆ بوونی لەو شوێنەدا، واتە دروستەی ڕستە گەورەتر یان ئالۆزتر نەبێت، لەوەی کە داواکراوە (بڕوانـە ٣-٢-٨-١). کەواتـە هیچ پێویستییەك بە پێوەری ڤیتا نییە لە LFدا (Chomsky, 1995: 200).[٧]

بـە واتایـەکی تـر دەتـوانین بڵـێین ئـابوریی لـە زمانـدا بریتییـە لـەوەی، کـە نواندنـە سینتاکســـییەکان دەبێـــت لـــە کـــەمترین وەچـــەپێکهاتە، هـــەروەها داڕێـــژراوە سینتاکسـییەکانیش هـەتا چـەند دەشـێت لـە کـەمترین چالاکی ڕێزمـانیی پێکهاتبێـت (Radford, 2004b: 449). ڕێساکانی ئابوریی بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ٣-٤-١/ دواخستن (Procrastinate):

جـولاّن تـا چـەند شـیاو بێـت درەنـگ ڕوودەدات لـە داڕێژراوەکـە، بەمـەش دەوترێـت دواخستن. واتـە دواخسـتن ناچارکردنی سیسـتێمی کۆمپیوتەرییەکـەی زمـانی مرۆڤـە، لەوەی کە کردنی هەر شتێك (لێرەدا مەبەست لە جولاّنە) دوابخات، هەتا ئەو کاتـەی کـە پێویست دەبێت، ئەنجامبدرێت. ئەو جولاّنانەی، کـە زوو ڕوودەدەن، زۆر گـرانترن (واتـە تێچونیان زۆرترە) لەو جولاّنانەی، کە درەنگتر ڕوودەدەن (Culicover, 1997: 349; Cook, 1997:325).

دواخسـتـن پێـشـنیـاری ئـەوە دەکـات، کـە هـەموو جولاّنـەکان پـاش شـەقبوون (spell-out) ئەنجامبدرێت، بەلاّم پێداویستی پشکنینی فیچەرە ڕێزمانییـەکانی پـاش

LF جەختدەکاتە سەر جوڵان پێش شەقبوون. ئەوەش، کە بڕیاردەدات لەسەر ئەوەی پێش یان دوای شەقبوون ڕوویدات، بەستراوە بە فیچەرەکانەوە، کە ئایا لاوازن یان بەهێزن، ئەگەر بەهێز بێت پێش شەقبوونە، بەڵام ئەگەر لاواز بێت دوای شەقبوونە (Brand, 1997: 34).

هەرچەندە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژەدەدەن بەوەی، کە جوڵان یان گواستنەوەی بەخورتی لە زمانی کوردیدا نییە،[8] بەڵام بە بۆچوونی ئێمە زمانی کوردیش هەر وەك زمانەکانی دیکە جوڵانی بەخورتی تیایە. ئەوەش کە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت، پەیڕەوکردنی مینیماڵ پرۆگرامە لە زمانی کوردیدا، چونکە لە ئەنجامی ئەوەی کە دوو جۆر جوڵانی جیاکردۆتەوە: جوڵانی ئاشکرا، جوڵانی شاراوە (بڕوانە ٣-٢-٤).

جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە جوڵانەش بەستراوە بە جۆرەکانی فیچەرەوە. جێبەجێکردنی ئەم ڕاستییە زانستییە لە زماندا ڕێخۆشکەرە بۆ داننان بە بوونی جوڵان/گواستنەوە لە زمانی کوردیدا، چونکە زمانی کوردیش هەر وەك زمانەکانی دیکە ئەلەمێنت/ئایتمەکانی لە ژماردن (N)ەوە وەرگیراون و خراونەتە ڕستەوە. ئایتمەکان خاوەنی فیچەرن و فیچەرەکانیش پێویستییان بە پشکنینە، پشکنینی فیچەرەکانیش لە ئەنجامی جوڵانەوە ڕوودەدات، بەڵام لەبەرئەوەی فیچەرەکانی زمانی کوردی لاوازن، جوڵانەکان لە دوای شەقبوون ڕوودەدات، واتە دوادەخرێن تا LF، ئەمەش جۆرێکە لە ئابوریکردن لە زماندا، چونکە هەر وەك چومسکی ئاماژەیپێداوە:

جوڵان لە LFدا هەرزانتر (cheaper)ە لە جوڵانی ئاشکرا (Ibed: 3).

بەم ڕێسایەش دەوترێت دواخستن، کە یەکێکە لە ڕێساکانی ئابوریی لە زماندا.

لە نمونەی (١٩) کە لە (٢٠)دا لە شێوەی درەختی ئەندازیاریی خراوەتەڕوو، بکەر بۆ specی TP جوڵاوە، بەڵام ئەم جوڵانە بەپێی ڕێسای دواخستن لە دوای شەقبوون ڕوویداوە، چونکە جوڵانەکە لە جۆری شاراوەیە.

## ٣-٤-٢/ دواین پەناگە (Last Resort):

لە چێوەی MPدا گفتوگۆکردن لەسەر دواین پەناگە بە زۆری بە جوڵانەوە بەستراوە. بیرۆکەی دواین پەناگە ڕێسایەکی تازە نییە لە MPدا، چونکە لە GBیشدا چومسکی ئاماژەیپێداوە، بەڵام چومسکی لە MPدا دووبارە گەشەدەدات بە بیرۆکەی دواین

پەناگە، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: **هەنگاوێکە لە داڕێژراوەکە، ڕێی پێدەدرێت، تەنیا ئەگەر پێویست بێت بۆ گەیشتن بە خاڵی لێکنزیکبوونەوە** (Convergence) (Collins, 2001: 49). بۆ گەیشتنی داڕێژراوەکەش بەمە پێویستی بە جوڵان هەیە و جوڵانیش تێچوونی ئەویٚ، کەواتە چالاکی جوڵان کاتێك ڕوودەدات، کە داڕێژراوەکە دەبێت، بگاتە خاڵی لێکنزیکبوونەوە (Brand, 1997). هەربۆیە چومسکی مەرجی چاوتێرنەبوون (Greed) دادەنێت تا لە خزمەتی دواین پەناگەدا بێت.

جوڵانی α جێبەجێدەبێت بەسەر ئەلەمێنتێکدا، تەنها ئەگەر تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکانی α تێرنەکرابێت/ڕازینەکرابێت (Chomsky, 1995: 201). واتە تەنیا تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکان لە توانایاندایە جوڵان دروستبکەن، هەربۆیە جوڵان پەیوەستە بە دواین پەناگەوە.

### ٣-٤-٣/ چاوتێرنەبوون (Greed):

بە پێی ڕێسای چاوتێرنەبوون جوڵان هەرگیز خۆرایی نییە، چونکە وەچەپێکهاتەکان ناجوڵێن، تەنها مەگەر ناچاربن، تاوەکو هەندیٚ داواکاریی تێربکەن، کە هەیانە (Muhammad, 2006: 13; Culicover, 1997: 349-353). چاوتێرنەبوون بە شێوەیەکی سەرەکی خزمەتدەکات تا تایبەتمەندییە ڕاڤەنەکراوەکانی ناو داڕێژراوەکە بکاتە دەرەوە. کەواتە چاوتێرنەبوون جوڵانی وەچەپێکهاتەکان بەرهەمدێنیٚ، بە مەبەستی پشکنینی فیچەرەکان.

### ڕێسای چاوتێرنەبوون:

جوڵانی α جێبەجێدەبێت بەسەر ئەلەمێنتێکدا α، تەنها ئەگەر فیچەرە مۆرفۆلۆجییەکانی خودی α بە شێوەیەکی تر تێر/ڕازی نەکرابێت (Chomsky, 1995: 201). چاوتێرنەبوون لە ڕاستیدا پێناسەی جوڵان دەکات، بەو واتایەی، کە جوڵانە چاوتێرنەبوونەکان جوڵان نین.

بە پێی پێناسەی چاوتێرنەبوون جوڵان بواری دەدرێت تەنها بۆ تێرکردنی فیچەرەکانی ئەو ئەلەمێنتەی، کە جوڵێنراوە، نەك ئەو ئەلەمێنتەی، کە بۆی جوڵێنراوە.

(27) a. It seems {that is likely {Mark to have left}}.
b. It seems {that Mark is likely [copy to have left}}.

(٢٨) أ. وا دیاره، ڕەند نایەت.

ب. وا دیاره، ڕەند { copy ... نایەت}

لە (27a)دا فرێزی ناویی (Mark) پێویستە بجوڵێت، بەڵام بۆ نزیکترین شوێن بۆ تێرکردنی فیچەرەکانی هەر وەك لە (27b)دا خراوەتەڕوو. لە (٢٨أ)دا فرێزی ناویی ڕەند لە شوێنی بکەری ڕستەی لاوەکییەوە نەجوڵاوە بۆ شوێنی بکەری ڕستەی سەرەکیی، چونکە ئەم جوڵانە لە لایەن چاوتێرنەبوون (Greed)ەوە بلۆکدەکرێت، لەبەرئەوەی فیچەری دۆخی (ڕەند) لە ڕستەکەی خۆیدا دەپشکنرێت، هەربۆیە پێویست ناکات بەرزبکرێتەوە بۆ ڕستە سەرەکییەکە بۆ ڕازیکردنی فلتەری دۆخ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فرێزی ناویی (ڕەند) لەناو ڕستەکەی خۆیدا بۆ specی TP دەجوڵێت بۆ پشکنینی فیچەری دۆخەکەی، هەر وەك لە (٢٨ب)دا خراوەتەڕوو.

بە پێی ڕێسای (چاوتێرنەبوون) کاتێك ڕێگە بە جوڵانی ئەلەمێنتێك دەدرێت، تەنها بۆ تێرکردنی فیچەرەکانی ئەلەمێنتە جوڵاوەکەیە، چونکە جوڵان ئەنجامنادرێت بۆ تێرکردنی فیچەرەکانی ئەلەمێنتێك، کە پەیوەستە بە ئەلەمێنتە جوڵاوەکەوە، بۆ نمونە بۆ پشکنینی فیچەرەکانی کردارێك، کردارەکە دەجوڵێت بۆ سەری T، بەڵام ئەم توانای نابێت، بۆ لای کردارەکە بجوڵێت (بڕوانە بەشی چوارەم).

### ٣-٤-٤/ مەرجی کەمترین پێکەوەبەستن (MLC/ Minimal Link Condition):

کەمترین مەرجی پێکەوەبەستن (MLC) ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە داڕێژراوەکاندا، بۆ گەیشتن بە ئاستی LF. ئەلەمێنتەکان پێوستە بچوکترین جوڵان ئەنجامبدەن، واتە تەنیا ئەو جوڵانانە پەسەنددەکات، کە پەیوەستبێت بە نزیکترین شوێنەوە (Cook, 1997: 325; Muhammad, 2006: 23). بۆچوونە ئابورییەکان لە MPدا پشتگیری لە جوڵانە کورتترەکان دەکەن تا درێژترەکان. بە واتایەکی تر داڕێژراوە کورتەکان داڕێژراوە درێژەکان بلۆکدەکەن، چونکە بە پێی (MLC) جوڵەی زیادەی ئەلەمێنتەکان ڕێی لێدەگیرێت، واتە دەبێت هەر ئەلەمێنتێك کورتترین جوڵەی بەسەردا بێت.

سەری (K) A ڕادەکێشێت، تەنها ئەگەر B لەوێ نەبێت. بەڵام ئەگەر B لێ بێت و نزیکتر بێت لە (K)یەوە وەك لە A، لەم حاڵەتەدا (K) B ڕادەکێشێت (Chomsky, 1995: 311).

*(29) <u>John</u> seems that <u>it</u> was told <u>copy</u> that Mary left.

له (29)دا (John) له ڕسته ناسەرەکییەکەوە بەرزدەبێتەوە بۆ ڕستە سەرەکییەکە، بەڵام (John) لە ڕستە ناسەرەکییەکەدا فیچەری دۆخەکەی لە لایەن سەری T دەپشکنرێت. بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، کە فرێزی (it) لە سەری Tی ڕستە سەرەکییەکەوە نزیکترە تا (John). کەواتە بە هۆی مەرجی کەمترین پێکەوەبەستن جوڵانی John ڕێی پێنادرێت (بلۆکدەکرێت)، لەبەرئەوە نمونەی (29) ناڕێزمانییە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو فیچەرانەی، کە نزیکترینە لە سەر (Head)ەوە، دەتوانن بچنە ناو پەیوەندی پشکنینەوە.

### ٣-٤-٤-١/ ڕاکێشان (Attract):

ڕاکێشان ئاکامەکانی مەرجی کەمترین پێکەوەبەستن بەرجەستەدەکات، لە نزیکیدا. چومسکی بانگەشەی ئەوە دەکات، کە چالاکییەکانی پێکهێنانی دروستە لە MPدا لە گەورەترین ڕکێف/ زاڵبون (Large Domains)دا جێبەجێناکرێت، چونکە مەبەست لە MP جێبەجێکردنی بابەتە بچوکەکانە (Themes Minimality).

مەرجی کەمترین پێکەوەبەستن و ڕاکێشان خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، کە ئەویش نزیکییە (Chomsky, 1995: 297, 311; Ura, 2000: 19).

ڕاکێشان بریتییە لە:

**K فیچەری F ڕادەکێشێت، ئەگەر F نزیکترین فیچەر بێت، کە دەتوانێت بچێتە نێو پەیوەندی پشکنین لەگەڵ Kدا.**

بۆ نمونە فیچەری سەری T داوای ئەوە دەکات، کە فیچەری سەری V بەرزبێتەوە بۆ T بەمەش دەوترێت ڕاکێشانی فیچەری V. دیاردەی سەرێك، کە فیچەری سەرێکی تر ڕادەکێشێت بە ڕاکێشانی فیچەر ناسراوە (Brand, 1997). هەر وەك لە نمونەی (٢٠)دا دەردەکەوێت سەری T سەری V (دەخوێنێتەوە) ڕاکێشاوە بە مەبەستی پشکنینی فیچەری تافی کردارەکە (بڕوانە ٣-٣).

## ٣-٤-٥/ کەمترین وزە (Least Effort):

لە MPدا ڕێسای کەمترین وزە ئەلەمێنتی زیادەی ناپێویست لە دروستەدا لادەبات، واتە داوای ئەوە دەکات، کە داڕێژراوەکان کەمترین تێچوونیان هەبێت، هەروەها ڕێگەیش بە جوڵانی زیادە نادات (Chomsky, 1995: 145; 2000: 99). جوڵان لە کاتێکدا پێویستە ئەگەر فیچەرێکی ڕێزمانی پێویستی بە پشکنین بێت و ڕاڤەکردنی تەواویش ڕازیبکات.

## ٣-٤-٦/ داخوازی کورتترین داڕێژراو (Short Derivation Requirement):

ئەم ڕێسایە ژمارەی هەنگاوەکانی داڕێژراوەکان کورتدەکاتەوە. ئەگەر داڕێژراوەکان بەراوردبکرێن لەگەڵ یەکتریدا، ئەو داڕێژراوەی، کە لە کەمترین چالاکی پێکهاتبێت، ئەوە پەسەندترە. بە دەستەیەك لە داڕێژراوی بەراوردکراو دەوترێت "دەستە سەرچاوە" (Set Reference).

بۆ نمونە ئەگەر دوو داڕێژراو (D)مان هەبێت، هەردووکیان لە هەمان ژماردنەوە وەرگیرابن. داڕێژراوێکیان لە (١٠) هەنگاو پێکهاتبێت، بەڵام داڕێژراوەکەی تریان لە (٩) هەنگاو یان کەمتر پێکهاتبێت، بە پێی داخوازی کورتترین داڕێژراو ئەو داڕێژراوەی، کە ژمارەی هەنگاوەکانی کەمترە، پەسەندترە، لەو داڕێژراوەی کە ژمارەی هەنگاوەکانی زۆرترە.

داخوازی کورتترین داڕێژراو لەگەڵ دواین پەناگەدا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، لەو ڕووەی کە هەر دوو ڕێساکە داڕێژراوێکی کورتتر پەسەنددەکەن بەسەر داڕێژراوێکی درێژتردا، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دوو ڕێساکە جیاوازی کەمیان هەیە (Collins, 2001: 52-53).

(٣٠) أ. شاد کتێبەکانی بە ئەو دا.

ب. کتێبەکان، شاد بە ئەوی دا.

(٣٠أب) هەردووکیان لە هەمان ژماردنەوە وەرگیراون، چونکە لە هەمان ئایتمی فەرهەنگیی پێکهاتوون، بەڵام (٣٠ب) لە چالاکی زیاتر پێکهاتووە، چونکە جگە لە چالاکی جوڵەی شاراوە، هەروەها چالاکی جووڵەی ئاشکرایشی تیا ڕوویداوە، کە

ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە تێچوونی زیاتر دەوێت، لەبەرئەوە لە بەراوردکردنیان (٣٠أ) بە پەسەندتر دادەنرێت لە ڕووی ڕێسای داخوازی کورتترین داڕێژراو.

بە پێی داخوازی کورتترین داڕێژراو هەر وەك لە (٣٠ب)دا خرایەڕوو، دەبێت هەردووکیان لە هەمان ژماردنەوە وەرگیرابن، واتە لە هەمان ئەلەمێنتی فەرهەنگیی پێکهاتبن، بەڵام کورت و درێژی داڕێژراوەکان پەیوەستە بە ژمارەی چالاکییەکان، کە ئەمەش جوڵان دەگرێتەوە. واتە ئەو داڕێژراوەی، کە لە جوڵانی کەمتر و جوڵانی دواخراو پێکهاتبێت، ئەوەیان هەڵدەبژێردرێت.

بەڵام ئەم ڕێسای کورتترین داڕێژراو یان بچوکترین دروستە لە زمانی کوردیدا هەر بە دیاردەی جوڵانەوە نابەسترێتەوە، بەڵکو بە هەندێ دیاردەی دیکەوە، بۆ نمونە:

أ. لەبەرئەوەی زمانی کوردیی کلیتیکە کەسییەکانی وەك (بکەریی، بەرکاریی، خاوەنێتی، بەرکاری پریپۆزشنی) تیادا هەیە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی، کە زمانی کوردیی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیی هەبێت.[٩]

(٣١) أ. ئەوان تۆیان گرت.

ب. گرتیانیت.

(٣٢) أ. من ئەوانم برد.

ب. بردمن.

(٣١ب) و (٣٢ب) لە ڕووی داخوازی کورتترین داڕێژراو بە پەسەندتر دادەنرێن لە (٣١أ) و (٣٢أ).

جگە لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیی هەروەها لە دروستەی فرێزی خاوەنێتی و فرێزی پریپۆزشنیدا دەشێت، دروستەکانیان لە فۆرمی سەربەخۆوە بکرێن بە کلیتیکی، بەم شێوەیە:

(٣٣) أ. کتێبەکەی من.

ب. کتێبەکەم.

(٣٤) أ. بە تۆم دا.

ب. پێمدایت.

بە بەراوردكردنی (٣٣أ) لەگەڵ (٣٣ب)دا، هەروەها (٣٤أ) لەگەڵ (٣٤ب)دا (٣٣ب) و (٣٤ب) بە پەسەندتر دادەنرێن، چونكە لە جیاتی فۆرمی سەربەخۆی ئایتمەكان فۆرمی كلیتیكیان وەرگیراوە لە ژماردنەوە، ئەمەش بە جۆرێك لە ئابوریكردن دادەنرێت لە زماندا.

ب. دیاردەی قرتاندن، كە ئەمەش بە زۆری لە دروستەی ئەو ڕستانەدا ڕوودەدات، كە هەمان فرێز دووبارەببێتەوە، بۆ نمونە لە دروستەی ڕستەی لێكدراودا ئەگەر كرداری هەر دوو ڕستەكە هەمان كردار بێت ئەوا لە ڕستەی دووەمیاندا كردارەكە دەقرتێنرێت.[١٠]

(٣٥) أ. چا بكڕم یان شەكر بكڕم؟

ب. چا بكڕم یان شەكر؟

(٣٦) أ. كتێبەكە ببەم یان دەفتەرەكە ببەم؟

ب. كتێبەكە ببەم یان دەفتەرەكە؟

لە (٣٥ب) و (٣٦ب)دا، لەبەرئەوەی كرداری ڕستەی دووەم هەر هەمان كرداری ڕستەی یەكەمە، كرداری ڕستەی دووەم قرتێنراوە، ئەم دیاردەی دووبارەنەكردنەوەیەش جۆرێكە لە دیاردەی ئابوریكردن لە زماندا.

ت. بوونی pro لەو زمانانەی، كە سەر بە زمانە بكەر نادیار (Null-language)ەكانە. ئەم دیاردەیەش بە ئابوریكردن دادەنرێت، چونكە لە جیاتی ئەوەی بكەر ئەلەمێنتێكی لێكسیكیی فۆنەتیكیی بێت، ئەلەمێنتێكی نافۆنەتیكیی دەبێت:

(٣٧) أ. من نانم خوارد.

ب. pro نانم خوارد.

(٣٨) أ. ئەو هات.

ب. pro هات.

لە (٣٧ب) و (٣٨ب)دا، لەبەرئەوەی بكەرەكە بە جێناوێكی نادیار دەربڕاوە، كە ئەویش (pro)یە، ئەمەش وایكردووە، كە تێچوونیان كەمتر بێت لە (٣٧أ) و (٣٨أ)، چونكە دانانی pro لە جیاتی بكەری لێكسیكیی بە جۆرێك لە ئابوریكردن دادەنرێت.

ئابوریکردن ئەوە دەگەیەنێت، کە چالاکییەکانی پێکهاتەی سینتاکسیی (سیستێمی کۆمپیوتەریی) پێویستە هەتا دەکرێت تێچوونیان کەم بێت، مەبەست لە تێچوون ژمارەی چالاکییەکان دەگرێتەوە، کە لە داڕشتنی دروستەیەکدا سوودی لێوەردەگیرێت. هەروەها ئەمە جگە لەوەی، کە هەندێ چالاکی وەك جوولان ئەگەر لە LFدا ڕوودەدات، شاراوە بێت، ئابوریترە وەك لە جوولانێك، کە لە سینتاکسیی ئاشکرادا ڕوودەدات. بەڵام ئەم بیرۆکەی ئابورییە، واتە داڕشتن لە دروستەیەك زیاتر و هەڵبژاردنی ئەو دروستەیەی، کە چالاکییەکانی کەمترە و تێچوونیشی کەمترە، بە ئابوریی سەراپاگیری ڕێژەیی (Global Relative Economy) ناسراوە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە وازیلێهێنراوە، چونکە ئەمە داواکارییەکی زۆرە یاخود قورسە لە سیستێمی کۆمپیوتەرییەکەی زمانی مرۆڤ، لەبەرئەوەی لە جیاتی داڕشتنی یەك ڕستە پێویستە دووان یان زیاتر دابڕێژرێت، هەربۆیە لە جیاتی ئەم بیرۆکەیە، بیرۆکەیەکی تر جێیگرتۆتەوە، کە پێیدەوترێت ئابوریی ناوخۆیی ڕەها (Local Absolute Economy)، بە پێی ئەم بیرۆکەیە لە هەر هەنگاوێکی داڕێژراوەکەدا چەند هەڵبژاردەیەك (options) هەیە، کامەیان تێچوونی کەمترە، ئەوەیان هەڵدەبژێردرێت، ئەو کاتە هەموو داڕێژراوەکە تێچوونی چەند بێت کێشە نییە. کەواتە تەنها ئەوە گرنگە، کە لە هەر هەنگاوێکی داڕێژراوەکەدا، تەنها یەك هەڵبژاردە گونجاو بێت، لەبەرئەوە هیچ پێویست بە بەراوردکردن ناکات (Kremers, 2003).

بۆ نمونە لە قۆناغی داڕشتنی دروستەدا، کاتێك بکەر لەگەڵ کرداردا لێکدەدرێت، دوو هەڵبژاردە هەیە:

أ. بکەرەکە کەرەسەیەکی لێکسیکیی فۆنەتیکیی بێت.

ب. بکەرەکە کەرەسەیەکی لێکسیکیی فۆنەتیکیی نەبێت، واتە pro بێت.

(٣٩) من + هاتم.
pro

(٤٠) pro هاتم.

لە (٣٩)دا قسەکەر بە مەبەستی کەمتێچوون زیاتر pro هەڵدەبژێرێت.

(٤١) أ. کتێبەکە + ی + من

ب. کتێبەکە + م

(٤١ب) تێچوونی کەمترە، چونکە ژمارەی چالاکیەکانی کەمترە لە (٤١أ)، لەبەرئەوە قسەکە لە دروستەی فرێزی خاوەنێتیدا لە هەنگاوەکانی چالاکی لێکداندا هەڵبژاردەی (٤١ب) بە پەسەندتر دادەنێت و هەڵیدەبژێرێت.

(٤٢) أ. من تۆم بینی

ب. بینیمیت.

(٤٣) أ. کتێبەکە بخوێنمەوە یان دەفتەرەکە بخوێنمەوە؟

ب. کتێبەکە بخوێنمەوە یان دەفتەرەکە؟

بە هەمان شێوە قسەکەر لە هەنگاوەکانی داڕشتنی ئەو دروستانەی لە چالاکی کەمتر پێکهاتبێت، ئەوەیان هەڵدەبژێرێت، واتە قسەکەر لە (٤٢أب)دا زیاتر (٤٢ب) هەڵدەبژێرێت، هەرچەندە (٤٢أ)یش بەکاردەهێنێت لە قسەکردندا. هەروەها لە (٤٣أب)دا قسەکەر زیاتر (٤٣ب) بە پەسەندتر دادەنێت، چونکە لە (٤٣أ)دا کرداری (بخوێنمەوە) لە هەر دوو ڕستە لێکدراوەکەدا هەیە، ئەمە وایکردووە، کە قسەکەر زۆر بە دەگمەن (٤٣أ) بەکاربهێنێت، واتە زیاتر (٤٣ب) بەکاردەهێنێت لە قسەکردندا، چونکە تێچوونی کەمترە.

لە زمانی کوردیدا فاروق عومەر صدیق یەکێکە لەو زمانەوانانەی، کە گرنگی بە لایەنی ئابوریی زمان داوە.[11] بەم شێوەیە ئاماژەیپێداوە:

قسەکەر هەمیشە هەوڵدەدات، کە کەمترین وزە بەکاربهێنێت لە قسەکردندا، واتە دیاردەی ئابوریکردن لە زماندا تەنها بە لایەنی توانای زمان بەستۆتەوە، واتە دەربڕینی زمان.[12] کە ئەمەش جیاوازە لەو ڕوونکردنەوانە، کە خستوومانەتەڕوو، چونکە ئابوریکردن لە مینیماڵ پرۆگرامدا یەکێکە لە ڕێسا سەرەکییەکان، کە زیاتر بە جوڵەوە بەستراوەتەوە (بڕوانە ٣-٤-١ و ٣-٤-٤). هەتا جولاّن کورتتربێت و دوا بخرێت، ئەوا تێچوونیان کەمتر دەبێت، هەروەها جگە لە جولاّن ژمارەی هەنگاوەکانی داڕێژراویش بە گرنگ دادەنرێت، چونکە هەتا ژمارەی هەنگاوەکانی داڕێژراوێك کەمتر بێت، ئەوا پەسەندترە لە داڕێژراوێکی تر، کە ژمارەی هەنگاوەکانی زیاتر بێت. بەلاّم ئەم دیاردانە پەیوەندی بە سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤەوە هەیە، نەك لایەنی توانا/دەربڕین، لەبەرئەوە ئابوریکردن بە سیستێمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤەوە دەبەستمەوە، کە ئەمەش بەشێکە لە سیستێمی زانیاریی (cognitive system).

## تێبینییەکانی بەشی سێیەم:

١ چومسکی پێی وایە، کە توانستی زمان (Faculty of language) بەشێکە لە هزر/مێشکی مرۆڤ، کە تەرخانکراوە بۆ زمان، ئەمەش بە ئەندامێکی زمان ( language organ) دادەنرێت، کە توانایەك دەبەخشێت بە مرۆڤ و یارمەتیدەدات لە بنیاتنان و تێگەیشتنی زمان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Chomsky, 1995: 164; 2002: 64).

٢ سیستێمی زانیاریی زانیاری عەمبارەکات (خەزندەکات)، سیستێمی جێبەجێکردنیش زانیارییەکان بە ڕێگەی جیاواز بەکاردێنێت.

٣ بۆ زانیاری دەربارەی دەروازەی فەرهەنگیی بڕوانە (٢-٧-١).

٤ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم جولانە بڕوانە (بەشی چوارەم)، کە تیایدا بۆ یەکەمین جارە ئاماژە بەم جولانە بدرێت لە زمانی کوردیدا.

٥ بۆ زانیاری دەربارەی سەرە ئەرکییەکان بڕوانە (٤-٣)، کە تیایدا ئاماژەمان بە جۆرەکان و تایبەتمەندییەکانی سەری ئەرکیی داوە.

٦ بڕوانە: (٢-٨، ٢-٨-١، ٤-٧).

٧ ڕێسای پرۆژەسازدان لە سەرەتای تیۆری GBدا لە لایەن چومسکییەوە پێشنیارکراوە، ئەم ڕێسایە داوای ئەوە دەکات، کە تایبەتمەندییەکانی ئایتمە لێکسیکییەکان دەبێت بەدرێژایی داڕێژراوەکە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە (Rudford, 2004: 473).

٨ بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)؛ عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٠٩)؛ ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٩).

٩ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کلیتیکی بکەریی و بەرکاریی و خاوەنێتیی و پریپۆزشنیی بڕوانە: (تارا موحسن، ٢٠٠٤: ٧١-٩٨).

١٠ بەکر عومەر عەلی یەکەمین کەس بوو، کە ئاماژەیداوە بە دیاردەی قرتاندن لە زماندا، بەڵام ئەم دیاردەیە سینتاکسییەی بە لایەنی ئابوری زمانەوە نەبەستۆتەوە، بڕوانە: (بەکر عومەر عەلی، ١٩٩٤: ٤٦-٥٧).

١١ فاروق عومەر صدیق، چاوپێکەوتن لە زانکۆی سلێمانی ٢٠١١/٢/٧.

١٢ (دەروون عبدالرحمن)یش لایەنی ئابوریکردنی لە زماندا بەستۆتەوە بە لایەنی توانا، واتە چالاکی یان دەبڕینی زمان، چونکە ئابوریکردن لە زماندا دەبەستێتەوە بە سەرفکردنی کەم و زۆریی وزە. هەروەها ئاماژەشدەدات بەوەی، کە ئابوریکردن لەم ئاستانەی خوارەوەدا ڕوودەدات: ئاستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجیی، ئاستی مرۆفۆلۆجیی و سیمانتیك، ئاستی سینتاکس و پراگماتیك، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (دەروون، ٢٠١٠).

## ٤   دروستەی فرێز لە GBیەوە بۆ MP:

### ٤-١/ دروستەی فرێز لە GBدا:

دروستەی فرێز یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ڕێزمان و هەموو ئەو تیۆرە جیاوازانەی، کە چومسکی لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا خستۆتیەڕوو، بە مەبەستی لێکۆڵینەوەیە لە ئاستی ڕستە، کە چۆن ڕستە بە بەرهەمدێت، وە ئەو گۆڕانانە چین، کە بەسەریدا دێن. بەڵام لێرەدا دەبێت ئامارەش بەوە بدەین، کە دروستەی ڕستە هەر لە سەرەتای تیۆری GBدا وەك دروستەی فرێز واتە VP، IP ، CP ئامارەپێدەدرا، هەربۆیە لەم بەشەدا لە دروستەی ئەو فرێزانەی وەك NP، DP ، PP ، AP ، ..... ناکۆڵینەوە، بەڵکو مەبەستمان لە دروستەی ڕستەیە، کە بە VP ، IP ، AGRP ، ...... ئامارەپێکراوە، ئەمە جگە لەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی دروستەی فرێز لە ڕووی تیۆرییەوە دەخەینەڕوو.

لە سەرەتای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا تاوەکو سەرەتای تیۆری GB دروستە سینتاکسییەکان، کە مەبەست لە ڕستەیە بە S یان Ś ئامارەپێدەکرا. لەبەرئەوەی ڕستە لە زمانی کوردیدا لە ڕاستەوە بۆ چەپە، واتە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییە، لەبەرئەوە لە درەختی ئەندازیارییەکاندا لە ڕاستەوە بۆ چەپە، بەم شێوەیە:

(١) شڤان کتێبەکە دەخوێنێتەوە.

(٢)




لە GBدا دروستەی ڕستە وەك سەری .Infl/I یان سەری Com/C دەخرایەڕوو. I, C کاتیگۆریی ئەرکین، واتە کاتیگۆریی ئەرکیی دەتوانێت ئەرکی سەر ببینێت، بەم شێوەیە:

(٣)




زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی زمانی کوردیی ئاماژەدەدەن بەوەی کە I لە ناو (V)دایە، واتە IP بە گرێیەکی سەربەخۆ دانانرێت لە دروستەی ڕستە[١]. یەکەمین کەس، کە ئاماژەی بەم بۆچوونە داوە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)یە. ئەم بۆچوونەی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەگەر زمانێك کاتیگۆری ئەرکیی نەبێت، ئەوا دروستەی فرێزیان هەرگیز داخراو نییە. وە دروستەی فرێزی ئەو زمانانە لەسەر بناغەی سیستێمی لێکسیکیی بنیاتدەنرێت، هەروەها گواستنەوەش لەو زمانانەدا نابێت، وەك گواستنەوەی وشەی پرسیار (Fukui, 2001: 395-396). بەڵام لێرەدا ئەوە دەخەینەڕوو، کە گرێی I واتە IP وەك گرێیەکی سەربەخۆ بەشێکە لە دروستەی ڕستە لە زمانی کوردیدا.

لە (٣)دا ئەوە دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی زمانی کوردی لە ڕاستەوە بۆ چەپە، هەربۆیە دروستەی ڕستە بە پێی درەختی ئەندازیاریی لە ڕاستەوە بۆ چەپە، بەڵام (I) نەبێت، کە دەکەوێتە لای چەپ، ئەمەش بە تایبەتمەندییەکی ئەو زمانانە دادەنرێن، کە دروستەکەیان (SOV)ن. ئەم ڕاستییەش لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لەو زمانانەدا کراون، کە دروستەی ڕستەیان (SOV)ن. بۆ نمونە لە زمانێکی وەك ئابازا (Abaza)دا، کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای زمانە قەوقازییەکانەوە، لە ئەنجامی ئەو داتایانەی، کە لە زمانی ناوبراوەوە وەرگیراوە، ئەوە سەلمێنراوە، کە ئەو زمانانەی وەك ئابازا (SOV)ن، یاساکانی دروستەی فرێزیان بە پێی GB بریتین لەمانەی خوارەوە (Black, 1999: 14-15).

(٤) **XP** ← **سپێك** **X́**

**X́** ← **تەواوکەر** **X**

واتە سپێك دەكەوێتە سەرەت و سەریش دەكەوێتە كۆتایی.

لە لایەن زمانەوان پۆلۆك (Pollock)ەوە پێشنیارێكی بۆ دروستەی IP دانا. ئەویش ئەوە بوو، كە IP لە ڕستەدا وەك سەری پڕۆژەی گەورە دەردەكەوێت و سەری كردار دەجولێت بۆ سەری I لە دروستەی ڕستەدا. واتە لە (٣)دا كردار (دەخوێنێتەوە) دەجولێت بۆ سەری I (Culicover, 1997: 40, 360). بەم شێوەیەی خوارەوە:

(٥)




لە (٥)دا ئەوە دەردەكەوێت، كە I و V دوو سەری جیاوازن و سەری V بۆ سەری I بەرزدەكرێتەوە. كەواتە لێرەدا ئەوە دەسەلمێنمین كە كردار بۆ سەری I بەرزدەكرێتەوە لە زمانی كوردیدا، ئەم ڕاستییەش بۆ یەكەمین جارە لە لێكۆڵینەوە زمانەوانیەكانی زمانی كوردیدا بخرێتەڕوو.

هەروەها لە (٥)دا ئەوەش دەردەكەوێت، كە بكەر لە specی VPیەوە بۆ specی IP جولاوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە شوێنی بنەڕەتیی بكەر لە specی VPدایە، لە ئەنجامی جولان بۆ specی IP بەرزدەكرێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش گریمانەیەك هەیە، كە پێیدەوترێت گریمانەی بكەری ناوەكیی.

بە پێی **گریمانەی بكەری ناوەكیی (Internal Subject Hypothesis): كە بكەر لە هەموو زمانێكدا لە specی VPدایە** (Black, 1999: 57; Radford, 1997: 154). واتە بكەر لە specی VPدا بە بەرهەمدێت دواتر بۆ specی IP دەجولێت، چونكە دەبێت لەناو VPدا ڕۆڵی ثیماتیكی لە لایەن كردارەوە وەرگرێت. لە زمانی كوردیدا ئەم جولانە شاراوەیە.

هەرچەندە لێكۆڵینەوە هەیە لە زمانی كوردییدا، كە بكەر لە specی IP دادەنێت، وە ئاماژەشدەدات بەوەی، كە گواستنەوە لە زمانی كوردیدا نییە، ئەمەش لە ئەنجامی

تێنەگەیشتنەوە بووە لە تیۆرە زمانییەکان، هەربۆیە پێویستە کار بەم بۆچوونە نەکرێت، چونکە کاتێك کە دەڵێین گواستنەوە (جوڵان) لە زمانی کوردیدا نییە، دەبێت پرۆژەی ڕستەکان بە VP نەك IP شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

لە قۆناغەکانی کۆتایی GBدا گریمانەیەك پێشنیارکرا، کە پێیدەوترێت **گریمانەی شەقبوونی IP: بەپێی ئەم گریمانەیە IP بۆ AGRP و TP جیادەبێتەوە**. ئەم جیابونەوەیەش لە لایەن Pollock لە ساڵی (١٩٨٩)ەوە سەریهەڵدا. AGR بە سەرێکی ئەرکیی (Functional) دادەنرێت، چومسکی ئەم بیرۆکەیەی Pollockی لە تیۆرەکەیدا بەکارهێنا.

لە سەرەتادا شوێنی AGR لە نێوان VP و TPدا بوو، واتە AGRP دەکەوێتە ژێر دەسەڵات/ڕکێفی TP. ئەگەر نمونەی (١) بە پێی پێشنیارەکەی پۆلۆك شیبکەینەوە، دروستەی ڕستەکە بەم شێوەیەی لێدێت:

(٦)




لە (٦)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە بکەر لە specی VPیەوە بۆ specی AGRP وە دواتر بۆ specی TP بەرزکراوەتەوە، هەروەها کرداریش لە سەری Vیەوە بۆ سەری AGR دواتر بۆ سەری T بەرزکراوەتەوە.

بەڵام لە لایەن Pollock و Belletti لە ساڵی (١٩٩٠)دا ئەو بیرۆکەیە هاتەئاراوە، کە دەبێت سەری AGR لە سەروی سەری تاف (T) ـەوە بێت (Chomsky, 1995: 146; Knott: 111-112)، بەم شێوەیە:

(٧)




چومسکی لەگەڵ ئەوەی گریمانەکەی Pollockی وەرگرت، کە ئەویش شەقبوونی IPیە بۆ هەر دوو گرێی TP و AGRP. هەروەها چومسکی پێشنیاری شوێنێکی شکاندنەوەیی (Inflectional Position) کرد بۆ بەرکار هاوشانی بکەر. واتە ئەو گرێی (AGR)ەی، کە پۆڵۆك ئاماژەیپێیدا، چومسکی لێوەی وەرگرت، کە بریتییە لە گرێی ڕێککەوتنی بکەر (AGRsP)، هەروەها خۆیشی گرێی ڕێککەوتنی بەرکار (AGRoP)ی دیاریکرد. بوونی دوو پڕۆژەی AGRP لە ڕستەدا لە لایەن چومسکییەوە جێبەجێکراوە لە کۆتاییەکانی تیۆری GB و سەرەتای MPدا، بەم شێوەیە (Davies & Dubinsky, 2004: 289):

(٨) أ.



له (٨أ)دا بکەر لە شوێنی بنەڕەتی خۆیەوە بۆ specی TP دەجولێت دواتر بۆ specی AGRP بکەر بۆ وەرگرتنی دۆخی نۆمینەتیڤ (Nom) لە لایەن (AGR)ەوە. هەروەها بەرکاریش لە شوێنی بنەڕەتی خۆیەوە بۆ specی AGRPی بەرکار دەجولێت. بۆ وەرگرتنی دۆخی ئەکیوزەتیڤ (Acc). واتە لە پاش ئەوەی بکەر و بەرکار ڕۆڵی ثیتا لە لایەن کردارەوە وەدەگرن، دواتر دەجولێن بۆ وەرگرتنی دۆخەکانیان. ئەم بۆچوونە بە پێی تیۆری GB بوو، چونکە کاتێك ئەم دروستەیە لە MPیشدا بەکارهات، بۆچوونەکان گۆڕان، چونکە بکەر و بەرکار بە مەبەستی پشکنینی دۆخی نۆمینەتیڤ و ئەکیوزەتیڤ بۆ specی فرێزی ڕێککەوتن AGRPی بکەر و بەرکار دەجولێن، هەروەها کرداریش بۆ پشکنینی فیچەر (نیشانە)ی تاف و ڕێککەوتن بۆ سەری T ، AGR دەجولێن.

نمونەی (٨أ) ئەگەر بە پێی کەوانە ناونراوەکان بخەینەڕوو، بەم شێوەیە دەبێت:

(٨) ب- {AGRsP AGRs} TP T{AGRoP AGRo} VP{بکەر بەرکار V}}}}

لە GBدا دروستەی فرێز بە پێی ڕێساکانی تیۆری X-بار دیاریدەکرا (بڕوانە ٢-٨). بەڵام لە MPدا ئەم تیۆرە بونی نامێنێت، چونکە نابێت فرێز ئاستی باری هەبێت، لەبەرئەوە تیۆری X-باریش نابێت، هەبێت، واتە چومسکی تیۆری X-بار بە هەڵە دادەنێت. تیۆری X-بار هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا لەناوچوونی لە سالآنی ١٩٩٠ەکاندا بابەتێك بووە، کە بەردەوام جێگەی مشتومڕی زمانەوانی وەك Pullum و Kornni بووە. لە ساڵی ١٩٩٠دا ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە، کە تیۆری X-بار نەك هەر تەنها نەگونجاو و هەڵەیە، بەڵکو ناتوانێت بچوکترین خزمەتیش بە تیۆری ڕێزمانیی بکات (Seuren, 2004: 164-165).

## ٤-٢/ کردار و مۆرفیمەکانی تاف و ڕێککەوتن:

لە تیۆری GBدا بۆچوون وایە، کە کردارەکان لە فەرهەنگدا لە فۆرمی ڕەگ/ڕووت (bare form)دا دەچنە ناو دروستەی فرێز و سینتاکس بە بێ گەردانکردنی بۆ مۆرفیمە ئەرکییەکانی تاف و ڕێککەوتن. واتە کردار لە ئەنجامی جوڵانەوە مۆرفیمەکانی تاف (Tense) و ڕێککەوتن (Agreement) وەردەگرن یان پێوەی دەبەسترێتەوە و بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجییەکان سەرێکی گەردانکراو پێکدەهێنرێت، کە

لە دەستەیەك فیچەر پێکهاتووە. ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەی کردار، کە لە ڕەگ و فیچەرەکانی شکاندنەوە (Inflectional Features) پێکهاتووە لە PFدا وەك وشەیەکی تاکی فۆنۆلۆجیی گۆدەکرێت.

ئەم بۆچوونە لە کارەکانی (Pollock) لە ١٩٨٩دا دەرکەوت، کە ئاماژەدەدات بەوەی، کە کردارەکان بۆ گرێی شکاندنەوە بەرزدەبنەوە بۆ وەرگرتنی کاتیگۆرییەکانی شکاندنەوە (Infl) وەك زمانی فەرەنسیی، هەروەها ئاماژەشدەدات بەوەی، کە هەندێ زمان وەك زمانی ئینگلیزیی کردارەکانیان ناتوانن بۆ دەرەوەی VP بجوڵێن بۆ وەرگرتنی ئەلەمێنتەکانی شکاندنەوە. چارەسەر بۆ حاڵەتی دووەمیان ئەوەیە، کە دەبێت ئەلەمێنتەکانی شکاندنەوە (Inflectional Elements) (لێرەدا مەبەست لە کەس و تافە) خۆیان دابەزن/بجوڵێن بۆ لای کردارەکە. بەڵام ئەم بیرۆکەیە پێشوازیلێنەکرا، چونکە تەنیا یەك جۆری جوڵە دەبێت، هەبێت، ئەویش لە نزمەوە بۆ بەرزە. واتە جوڵان لە بەرزەوە بۆ نزم نابێت، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لە جوڵان دژ بە ڕێسای شوێنپێی کاتیگۆری بەتاڵە، چونکە ئەگەر جوڵان لە بەرزەوە بۆ نزم بێت، ئەو کات شوێنپێی سەرە جوڵاوەکە پێچەوانەی ڕێڕەوەکەی خۆی حوکمدەکات. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەش دەبێت لەو بۆچوونە دووربکەوینەوە، کە ئەلەمێنتی شکاندنەوە بۆ لای کردار دادەبەزن.

چومسکی لە MPدا (١٩٩٣) پێشنیاری گریمانەیەکی تازە دەکات، ئەویش ئەوەیە کردارەکان بە (فیچەر/نیشانە) و لاگرەکانی وەك تاف و ڕێککەوتن لە فەرهەنگدا گەردانەدەکرێن، واتە کردار بە شکێنراوەیی (گەردانکراویی) دەچێتە ناو دروستەی فرێزەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئایتمە فەرهەنگییەکان فیچەر و ئەلەمێنتەکانی شکاندنەوە لە فەرهەنگدا پێیاندەبەخشرێت، نەك لە دروستەی فرێز و ڕستەدا.

کردار بە مەبەستی پشکنینی فیچەرەکانی تاف (T) و ڕێککەوتن (AGR) دەجوڵێت بۆ سەری T و AGR بۆ پشکنینی فیچەرەکانی. لە پاش پشکنینی فیچەرەکان، دەبێت، فیچەرەکان بسڕدرێنەوە، پێش ئەوەی بگاتە PF و LF، چونکە نابێت هیچ فیچەرێك بە ڕاڤەنەکراوی بمێنێتەوە لەو دوو ئاستەدا. دەبێت کردار لە PFدا وەك وشەیەکی تاکی فۆنۆلۆجیی دەربکەوێت، واتە تەنیا کرداری شکێنراوە (Inflected verb) دەبێت لە PFدا، هەبێت، چونکە فیچەرێك کە دەپشکنرێت، دیارنامێنێت، هەروەها لە LFیشدا دەبێت، هەموو فیچەرەکان پشکنرابن، ئەگەر فیچەر

بــە نەپشــکنراوی مایــەوە، داڕێژراوەکــە هەڵدەوەشــێتەوە لــە LFدا (Cook & Newson, 1997: 316-317; Ouhalla, 1999: 431).

هەروەك لە (٧)دا دەردەکەوێت، کردارەکە سەرەتا دەچێتە شوێنی T بۆ پشکنینی ئەوەی ئایا تافەکەی ڕاستە؟ دواتریش بۆ شوێنی AGR بۆ پشکنینی ئەوەی، کە ئایا لەگەڵ شێوە و فیچەر (نیشانە)ی AGR ڕێککەوتووە؟ ئەگەر پرۆسەی پشکنینەکە ڕازیکرا، داڕێژراوەکە ڕێزمانییە، بۆ نمونە لەم ڕستەیەی خوارەوەدا:

(٩) من تۆ دەبینین.*

لە (٩)دا کرداری (دەبینین) بە هەڵە خراوەتە ناو داڕێژراوەکە، چونکە نیشانەی ڕێککەوتنی کردارەکە لەگەڵ کارادا ناگونجێت، لەبەرئەوە پشکنینەکە ڕازیکەرانە نابێت و ڕستەکە ناڕێزمانیی دەبێت.

هەروەك لە (٣-٢-٤)دا ئاماژەمانپێدا، کە جوڵانەکان دوو جۆرن: بە ئاشکرایی، بە شاراوەیی. جوڵانی ئاشکرا لەپێش شەقبوون ڕوودەدات، ئەنجامەکانی لەوانەیە دەرکەوێت لە PFدا، بەڵام جوڵانی شاراوە لەدوای شەقبوون (spell-out) ڕوودەدات، واتە لە LFدا، ئەم جوڵانە ناتوانێت کاربکاتە سەر PF. لە (٧)دا جوڵانی کردار لە (V)یەوە بۆ سەری T بە جوڵانێکی شاراوە دادەنێم[٢]. واتە لە دوای شەقبوون ڕوودەدات، چونکە پێمانوایە، کە فیچەری تافی کردار فیچەرێکی لاوازە، بۆیە لە LFدا ڕوودەدات و ئەم جوڵانە کارناکاتە سەر فۆرمی فۆنۆلۆجیی.

## ٣-٤/ کاتیگۆریی ئەرکیی (Functional Category):

کاتیگۆریی (پۆلەڕەگەزیی) ئەرکیی لە تیۆرە زمانییەکاندا بەتایبەتی لە MPدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستەی فرێزدا. بۆ نمونە کاتیگۆریی ئەرکیی وەك T (تاف)، AGR (ڕێککەوتن)، D (دەرخەر)، C (تەواوکەر) لە دروستەی فرێزدا دەبنە سەری فرێز، وە ئەو فرێزانەش کە سەرەکانیان کاتیگۆریی ئەرکییە پێویستی بە spec هەیە، پڕکردنەوەی specی سەرە ئەرکییەکان لە ئەنجامی جوڵانەوە دەبێت. بۆ نمونە سەری T بە هۆی ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو (Extended Projection Principle)، کە داوای ئەوە دەکات وەچەپێکهاتەی تافی تەواو (Finite Tense) پێویستە فراوانبکرێت بۆ پرۆژەی TP، کە بکەری تیابێت (Radford, 2004b: 73).

کاتیگۆریی D مۆرفۆلۆجیی ناوە، واتە پەیوەستە بە (ناو)ەوە، کاتیگۆریی T و AGR مۆرفۆلۆجیی کردارە، واتە پەیوەستە بە (کردار)ەوە، بەڵام کاتیگۆریی C لەبەرئەوەی لە فۆرمی وشەیەکی سەربەخۆدا دەردەکەوێت، سەربەخۆیە لە ڕستەدا. نمونە بۆ کاتیگۆریی C وشەی پرسیارە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی پرسیار لە شوێنی بنەڕەتی خۆیەوە دەجوڵێت بۆ گرێی CP.

کردارەکان بە کاتیگۆریی (T ، AGR)ەوە لە فەرهەنگدا گەردانکراون، ئەم کاتیگۆرییانە فیچەریان هەیە، لە سیستێمی کۆمپیوتەرییەکەدا ڕۆڵدەبینن، چونکە دەبێت، بپشکنرێن و لە دوای پشکنین فیچەرەکان ڕۆڵیان نابێت لە PF و LFدا، چونکە دەسڕدرێتەوە (Marantz, 1995: 363). واتە سەری ئەرکیی لە MPدا فیچەری هەیە، دەبێت بپشکنرێت لە ڕکێف/دەسەڵاتی پشکنین (Checking Domain)دا، ئەمەش بە هۆی جوڵانەوە ئەنجامدەدرێت، چالاکی جوڵەش لە لایەن داواکارییەکانی سەرە ئەرکییەکانەوە هاندەدرێت، بەمەبەستی پشکنینی فیچەرەکانیان (Chomsky, 2000: 145, 147).

زمانی کوردیی وەك زمانی ئینگلیزیی کرداری یاریدەدەری نییە، کردارەکان لە ڕووی تاف و ڕێککەوتنەوە لە فەرهەنگدا گەردانکراون، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەگەر کرداری یاریدەدەر هەبێت لە ڕستەدا، وەك: (do, did, can, will, ....) کردارەکە گەردانناکرێت لە ڕووی تافەوە، ئەمەش پێشنیاری ئەوە دەکات، کە کرداری یاریدەدەر لە هەندێ حاڵەتدا جێگای گەردانکردن بگرێتەوە (Knott: 57).

کاتیگۆریی/سەری ئەرکیی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە جیاوازە لە کاتیگۆریی/سەری لێکسیکیی بۆ نمونە Fkui و Speas ئەم تایبەتمەندییانەی خستۆتەڕوو (Cbametzky, 2000: 18-19, 149):

١. کاتیگۆرییە ئەرکییەکان پۆلێکی داخراون، بەڵام لێکسیکیی داخراونین.
٢. ئەو زمانانەی، کە کاتیگۆریی ئەرکییان نییە، شوێنی specیشی نییە.
٣. هەموو (کاتیگۆریی/سەر)ـە ئەرکییەکان شوێنی specی هەیە، بەڵام ڕوون و ئاشکرا نییە، کە هەموو سەرە لێکسیکییەکان شوێنی specی هەبێت.
٤. specی سەرە ئەرکییەکان بە زۆری بەتاڵە، لە ئەنجامی جوڵانی (NP/DP)یەك لە شوێنی بنەڕەتی خۆیانەوە، ئەو شوێنە پڕدەکەنەوە (بڕوانە نمونەی ٤، ٥، ٦، ٧، ٨).

٥. سەرە ئەرکییەکان وەك سەری لێکسیکیی ڕۆڵی ثیتای نییە.
٦. لە ڕێزمانی کۆندا کاتیگۆریی ئەرکیی لەبەرئەوەی ناوەرۆکێکی وەسفیی نییە، لە لێکدانەوەی واتاکەیدا پشت بە کاتیگۆریی لێکسیکیی دەبەستێت، بەڵام لە MPدا کاتیگۆریی ئەرکیی دەبێت، لە PF و LFدا ڕاڤەکراوبن (بڕوانە ٤-٤).

هەروەها (Abney)یش ئاماژەی بە چەند تایبەتمەندییەکی دیکە داوە (Ibed: 21; Abdulrahman, 2007:12)

٧. سەری ئەرکیی ڕێگە تەنها بە یەك تەواوکەر دەدات.
٨. کاتیگۆریی ئەرکیی ناوەرۆکێکی وێنەیی/وەسفیی نییە، تەنها هێمایەکە بۆ پەیوەندی ڕێزمانیی یان فیچەری ڕێزمانیی.
٩. کاتیگۆریی ئەرکیی بە شێوەیەکی گشتی پشت بە مۆرفۆلۆجیی و فۆنۆلۆجیی دەبەستێت، واتە فۆرمێکی فۆنۆلۆجیی یان مۆرفۆلۆجیی هەیە، هەروەها هەندێ جاریش لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە نادیار (Null)ە، واتە فۆرمی سفر (Ø)ی هەیە.

ئەم خاڵە گرنگە بۆ زمانی کوردیی، چونکە ئەوە دەسەلمێنێت، ئەگەر کاتیگۆریی T بوونی نەبێت لە ڕستەدا، مانای وا نییە، پڕۆژەی ڕستە (VP) بێت، چونکە ڕەنگە T مۆرفیم (فۆرم)ێکی سفر (Ø) بێت.

جگە لەم خاڵانەی سەرەوە چەند خاڵێکی دیکەش زیاددەکەم بۆی:

١٠. لە دروستەی فرێز و ڕستەدا سەری لێکسیکیی دەکەوێتە ژێر دەسەڵات/ڕکێفی سەری ئەرکییەوە، واتە سەری ئەرکیی دەبێتە پڕۆژەی گەورە.
١١. سەری ئەرکیی دۆخ پشکنەری NP/DP یەکانە.
١٢. کاتیگۆریی/سەری ئەرکیی ئەگەر لە فۆرمی لاگردا بوو، هەمیشە بە کاتیگۆریی لێکسیکییەوە دەنوسێت.

## ٤-٤/ گرێی ڕێککەوتن (Agreement Node):

گرێی ڕێککەوتن لە کۆتایی تیۆری GB و سەرەتای MPدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە لە شیکردنەوەی دروستەی ڕستەدا. سەری گرێی ڕێککەوتن واتە AGR بە یەکێك لە کاتیگۆرییە ئەرکی (Functional Category)یەکان دادەنرێت. چومسکی لە MPدا ئاماژەی بە چوار سەری ئەرکیی داوە: T (تاف)، D (دەرخەر)، AGR

(ڕێککەوتن)، C (تەواوکەر). سەری T ، D ، C فیچەر/نیشانەی ڕاڤەکراویان هەیە لە هەر دوو ئاستی PF و LFدا، بەلاّم AGR ئەم فیچەرەی تیا نییە، چونکە هیچ زانیارییەك نادات بە دەستەوە بۆ ڕاڤەکردنی داڕێژراوەکە، لەبەرئەوە AGR لە فیچەری ڕاڤەنەکراو پێکدێت. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە پێویستە واز لە پڕۆژەی AGR واتە فرێزی ڕێککەوتن (AGRP) بهێنرێت، چونکە AGR لە PF و LFدا ڕاڤەکراو نییە (Chomsky, 1995: 349; Cbametzky, 2000: 148; Davies, 2004: 249).

کەواتە هەر دوو گرێ (Node)ی AGRی بکەر و بەرکار لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دروستەی ڕستەدا (بڕوانە نموونەکانی ٦، ٧، ٨)، هەڵوەشایەوە، چونکە گرێی AGR وەك گرێی T ڕۆڵێکی گرنگی نەبینیوە، هەربۆیە گرێی AGR لە دوای ئەم بۆچوونە ئەو ڕۆڵەی نەما، لەبەرئەوە نمونە/درەختی (٨أ) بەم شێوەیەی لێدێت:

(١٠)




(١١) أ. من ڕۆیشتم.

ب. من ڕۆیشت.*

لە (١١أ)دا کرداری ڕستەکە لە (ڕەگ+Infle) پێکهاتووە. وەچەپێکهاتەی (Infle)یش لە (AGR+T) پێکدێت، بەلاّم ئەو ڕۆڵەی کە T (تاف) هەیەتی، کاتیگۆری AGR نییەتی، چونکە هیچ کردارێك بێ تاف دروستنابێت، بەلاّم ئەگەر مۆرفیمی ڕێککەوتن واتە AGR نەبێت لە دروستەی ڕستەدا، واتای ڕستەکە ناگۆڕێت. لەبەرئەوەی فرێزی بکەر لە ڕستەدا هەیە، کەس و ژمارەی بکەر دەزانرێت، کەواتە AGR زانیاری تازە نادات بە دەستەوە لە ڕاڤەکردنی ڕستەکەدا. لە (١١ب)دا لەگەڵ ئەوەی ئەلەمێنتی AGR لابراوە، بەلاّم دەزانرێت، کە بکەر کەسی یەکەمی تاکە[3].

لەگەڵ لابردنی گرێی ڕێککەوتن (AGR) لە MPدا، گریمانەیەکی تر هەبوو، کە پێیدەوترا گریمانەی توێکڵەکانی –VP. ئەم گریمانەیە لە لایەن لارسون (Larson) لە (١٩٨٨)دا پێشنیارکرا.

## ٤-٥/ گریمانەی توێکڵەکانی –VP (VP-shells):

گریمانەی توێکڵەکانی –VP لە لایەن لارسۆنەوە خرایەڕوو، بەپێی ئەم گریمانەیە VP بۆ دوو توێکڵ یان دوو پڕۆژەی جیاواز شەقدەبێت:

vpی دەرەکیی (outer) لەگەڵ VPی ناوەکیی (inner) (Tonoiky, 1995: 107-109; Ura, 2000: 27-28)، بەم شێوەیە:

(١٢)




لە (١٢)دا بکەر لە specی vp دەرەکیدا بەرهەمدەهێنرێت، دواتر بۆ specی T بەرزدەکرێتەوە بە پێی ڕێسای کەمترین وزە بۆ پشکنینی فیچەری دۆخەکەی، هەروەها ئەم جوڵانەش دەبێت ڕێسای چاوتێرنەبوون (Greed) ڕازیبکات، چونکە بەپێی چاوتێرنەبوون ئەم جوڵانە بۆ تێرکردنی فیچەری بکەرە، کە پشکنینی فیچەری دۆخەکەیەتی. بەرکاریش لە شوێنی specی VPی نزمدا بەرهەمدێت. لە شوێنی خۆیدا ڕۆڵی ثیتا لە کردارەوە وەردەگرێت، بەڵام بۆ specی vpی بەرز دەجوڵێت بە پێی ڕێسای کەمترین وزە بۆ پشکنینی فیچەری دۆخی ئەکیوزەتیڤ. هەروەها هەر دوو سەری (v ، V) فیچەری ناویی (Nominal)ی هەیە، دەبێت لە لایەن بکەر و بەرکارەوە بپشکنرێت[٤]. بکەر/کارا فیچەری ناویی v دەپشکنێت، بەرکاریش فیچەری ناویی V.[٥]

(١٣) شاد دۆکە بە جام دەخواتەوە:

(١٤)




لـە (١٤)دا کـرداری دەخواتـەوە لەگـەڵ فریـزی پریپـۆزشـنـی (بـەجام) لێکـدەدرێت (merges) بۆ پێکهێنانی V́ واتە V–بار، پاشان لەگەڵ فریزی (دۆکە) لێکدەدرێت بۆ پێکهێنـانی VP. VPیش لەگـەڵ کرداری سـوك (light verb)ی ئەبستراکت واتـە vدا لێکدەدرێت و دواتر لەگەڵ شاد، کە لە specی v دایە لێکدەدرێت بۆ پێکهێنانی vp، پاشـان لەگـەڵ سـەری تـاف T لێکـدەدرێت بـۆ پێکهێنـانی T–بـار و دواتـر لـە ئـەنجامی جوڵانی بکەر/کارا بۆ specی TP بە مەبەستی پشکنینی فیچەری دۆخی نۆمینـەتیڤ پرۆژەی گەورە کە TPیە پێکدەهێنرێت.

هـەروەها لـە (١٤)دا ئـەوەش دەردەکـەوێت، کـە لـە دوای جـوڵانی بکـەر و بـەرکار، کرداریش لە شوێنی خۆیەوە، کە لە ناو (VP)دایە، دوای ئـەوەی ڕۆڵـی ثیتـا دەدات بـە بـەرکار، دەجوڵێـت بـۆ سـەری vی سـوك دواتـر بـۆ سـەری T بـۆ پشـکنینی فیچـەری تافەکەی.

هەموو کردارێك لە زمانی کوردیدا فیچەری تافی هەیە، کە پێویستە بپشکنرێت، هـەروەها سـەری (T)یش فیچـەری (verbal)ی هەیـە، کە پێویسـتە لـە لایـەن سـەرێکی لێکسیکیی (V)یـەوە بپشـکنرێت. لەبەرئـەوە فیچـەری T فیچـەری V ڕادەکێشـێت. لـە دوای جوڵانی هەموو فریزێکدا کۆپییەك لە شوێنی بنەڕەتی خۆی بەجێدەهێڵێت.

هەروەك لـە نمونـەکانی (١٢، ١٤)دا خراوەتـەڕوو، بکـەر/کارا لـە specی vpی سـوك یـاخود دەرەکیـی، کـە کردارێکـی نادیـار (Null) واتـە ئەبسـتراکت سـەریەتی بـە بەرهەمدێت. واتە بکەر/کارا (لە تێنەپەڕی ڕابردوو و تێپەڕ و تێنەپەڕی ڕانەبردوو) لە v

نەك V ڕۆڵی ثیتا وەردەگرێت لە ژێر چالاکی لێکداندا[6]. ڕۆڵی ثیتاش وەك دۆخی ڕێزمانیی بە فیچەر دادەنرێت، لەبەرئەوە کاتێك کردار پڕۆژە دروستدەکات، دەبێت فیچەری ثیتاکەی خاڵیبکاتەوە لەگەڵ ئەو ئارگومێنتەی، کە یەکیگرتووە لەگەڵیدا.

کەواتە لە MPدا کردار لە فەرهەنگدا زانیاری ڕۆڵی ثیتای هەڵگرتوە، کاتێك کردار لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێردرێت، بەهۆی چالاکی لێکدانەوە لەگەڵ NP/DPیەکە پڕۆژە دروستدەکات، ئەوکات ڕۆڵی ثیتاکەی دەپشکنرێت و دواتر دەیدات بە NP/DP یەکە (Hornistein, 2001: 73).

## ٤-٦/ گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو (The Linear Correspondence Axiom):

کاین لە (١٩٩٣)دا پێشنیاری تیۆرێکی کرد بۆ دروستەی فرێز، کە پێیدەوترێت ئەنتیسیمەتریی (Antisymmetry). لەم تیۆرەدا کاین ئاماژەدەکات بۆ ڕیزبوونی ئاسۆیی (Liner order). واتە دروستەی فرێز لە ڕیزبوونی هەرەمی ( Hierachical order)یەوە دەبێت بە ڕیزبوونی ئاسۆیی بە واتایەکی تر ڕیزبوونی ئاسۆیی ڕەنگدانەوەی دروستە یان ڕیزبوونی هەرەمییە، بەم شێوەیە ( Chomsky, 1995: 335-336):

(١٥)




بەمەش دەوترێت گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو (LCA)، کە تیایدا ئاماژەدەدات بەوەی، کە پەیوەندی وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری (Asymmetric c-command)یە، ڕیزبوونی ئاسۆیی بەسەر ئەلەمێنتە کۆتایی (terminal)ەکان دەسەپێنێت.

لە (١٥)دا (L) یان (m) یان (P)یە، K یان (j) یان (L)ە. لەوانەیشە K یان کاتیگۆرییەکی جیابۆوە یان سەگمێنتێکە لە (K و j) یان لە (K و L) ئەمەش پشتدەبەستێت بەوەی، کە کامیان پڕۆژەکەیە.

سەرەکان ئەلەمێنتە کۆتاییەکانە واتە (p , m , j)، چونکە داڕێژراوێك لە ئەنجامی لێکدانی چەند درەختێکەوە دروستبوون، بۆیە چەند سەرێکی دەبێت، بەلاّم لە ئەنجامی لێکدانی هەموو درەختەکان، دەبێت یەك درەخت دروستبێت، واتە داڕێژراوێك دەبێت، یەك سەری هەبێت.

لە (١٥)دا وایدادەنێین، کە (K) کاتیگۆرییەکی جیابۆوەیە، (L)یش پڕۆژەیە، لەبەرئەوە j دەبێتە spec لە شوێنی ئارگومێنت، (j) وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری (p , m) دەکات، هەربۆیە j پێش m و p دەکەوێت. کاتێك وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری لە نێوان (m) و (p)دا دەبێت، تەنها ئەگەر ئەلەمێنتی (p) تەواوکەری سەری (m) بێت، بەم شێوەیە:

(١٦) j m P

سپێك سەر تەواوکەر

کەواتە ڕستە لە سەرەتاوە ڕیزبوونی هەرەمیی هەیە، بەلاّم لە کۆتاییدا ڕیزبوونی ئاسۆیی دەبێت، بەم شێوەیە:

(١٧) سپێك (spec) سەر (head) تەواوکەر (complement)

لە (١٥)دا ئەوە دەرکەوت، کە ڕیزبوونی ئاسۆیی ئەلەمێنتە کۆتاییەکان لە لایەن وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری و پەیوەندی دەسەلاّت/زاڵبون ( Dominance Relation)ی ئەلەمێنتە کۆتاییەکان دیاریدەکرێت.

وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری بەم شێوەیە پێناسدەکرێت (Ouhalla, 1995: 455)

a وەچەئاڕاستە (c-command)ی ئەسیمەتری b دەکات، ئەگەر

أ. a وەچەئاڕاستەی b بکات و

ب. b وەچەئاڕاستەی a نەکات.

دەکرێت (LCA) بەم شێوەیە ڕاڤەی بۆ بکرێت، ئەگەر دوو کاتیگۆری a ، bمان هەبێت، a ئەسیمەتری وەچەئاڕاستەی b بکات، ئەو کات a پێش b دەکەوێت. پەیوەندی ئەسیمەتری دەکرێت لە نێوان دوو کاتیگۆری کۆتایی ( Terminal Categories) یان لە نێوان کاتیگۆرییەکی کۆتایی و پڕۆژەیەکی گەورەدا بێت.

وەچە ئاڕاستەیش بەم شێوەیە پێناسدەکرێت (Chomsky, 1995: 339):

أ. a وەچەئاڕاستەی b دەکات، ئەگەر

ب. a دەسەڵاتی نەبێت بەسەر bدا.

ج. وە هەر گرێیەك، کە زاڵە بەسەر aدا هەروەها زاڵیشە بەسەر bدا.

سەبارەت بە ڕیزبوونی ئەلەمێنتەکان چومسکی بۆچوونی وایە، کە هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرا نییە، کە بیسەلمێنێت، ڕیزبوونی ئەلەمێنتەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە LF یان لە سیستێمی کۆمپیوتەریی/ژمێرکارییەکەدا، واتە لە ژماردنەوە تا LF. لەبەر ئەوە چومسکی پێیوایە، کە ڕیزبوونی ئەلەمێنتەکان بە بەشێك لە پێکهاتەی PF دادەنێت، واتە ڕیزبوونی ئەلەمێنتەکان لە PFدایە. ئەم بۆچوونەی چومسکیش جیاوازە لە تیۆرەکانی پێشووتر، چونکە هەموو وایان دادەنا کە ڕیزبوونی ئەلەمێنتەکان پەیوەستە بە سیستێمی کۆمپیوتەرییەکە.

بە پێی تیۆرەکەی کاین هەموو زمانەکان ڕیزبوونی: سپێك–سەر–تەواوکەر (S-H-c) واتە (بکەر کردار تەواوکەر)ی هەیە، بۆیە لە هەموو زمانەکاندا بکەر سەرەتایە (Subject-initial) و سەریش سەرەتایە (Head-initial) بەڵام تەواوکەر دەکەوێتە کۆتایی. (H-C) وەك کردار و تەواوکەر وەردەگیرێت. هەموو زمانەکان بە شێوەیەکی بنچینە (base)یی (VO)ن. Spec بە سەربار (Adjunct) دادەنرێت، واتە دروستەی سەر–تەواوکەر (H-C) بە پێویست دادەنرێت لە دروستەی فرێزدا (Chomsky, 1995: 334-335; Ouhalla, 1999: 454, 461).

هەرچەندە زمانی کوردیی (VO) نییە، بەڵکو ڕیزبوونی (OV)ی هەیە. بەڵام بەپێی تیۆرەکەی کاین (LCA): ئەو زمانانەی کە ڕیزبوونی (SVO)یان نییە، بەڵکو ڕیزبوونی SOV وەك زمانی کوردیی، OVS وەك زمانی یابانیی، VSO وەك زمانی عەرەبیی، .... یان هەیە، لە ئەنجامی چالاکی جوڵانەوە ئەم ڕیزبوونانەیان هەیە، ئەگینا هەموو زمانەکان لە بنچینەدا (SVO) بوون یان ڕیزبوونی (VO)یان هەبووە. کەواتە ڕیزبوونی (SOV)ی زمانی کوردیی، لە ئەنجامی جوڵانی بەرکاری ڕاستەوخۆیە لە شوێنی بنچینەیی خۆیەوە بۆ شوێنی پێش سەر (Barwari, 2007: 7-9).

(١٨) ڤیان دەینووسێت نامەکە.

(١٩) ڤیان نامەکە دەنووسێت.

(١٨ ، ١٩) لە درەختی (٢٠ ، ٢١)دا دەخەینەڕوو:

(٢٠)




(٢١)




ئەگەر گریمانەی LCA جێبەجێبکەین لە زمانی کوردیدا، ئەوە دەردەکەوێت، کە (١٨ ، ٢٠) ڕیزبوونی (SVO)ی هەیە، ئەمەش پەیڕەوی LCA دەکات، چونکە DPی ڤیان وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری کرداری (دەینوسێت) لەگەڵ DPی (نامەکە) دەکات، بۆیە پێش هەردووکیان کەوتووە، هەروەها کرداری دەینوسێت وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری DP (نامەکە) دەکات، چونکە پێشیکەوتووە. بەڵام نمونەی (١٩ ، ٢١) LCA ڕازیناکات، چونکە ڕیزبوونی (SVO)ی نییە، ئەم لادانەش لە LCA دەبەسترێتەوە بەوەی، کە لە ئەنجامی جوڵانەوە بەرکار لە شوێنی خۆیەوە بۆ پێش سەر جوڵاوە. ئەم جوڵانەش بەپێی MP جوڵانێکی ئاشکرایە، چونکە لەپێش شەقبوون ڕوویداوە.

ڕیزبوونی سەر–تەواوکەر لە تیۆری X–باردا چەسپاو نییە. لە تیۆری ڕێساکان و پارامێتەرەکاندا هەوڵدراوە ڕیزبوونی نێوان سەر–تەواوکەر پەیوەست بە پارامێتەری (سەر)ەوە دیاریبکرێت، واتە لە یەک دروستەی هەرەمییەوە زیاتر لە یەک ڕیزبوونی ئاسۆیی (liner order) دیاریکراوە، بەم شێوەیە (Ouhalla: 454):

- سەر سەرەتا: واتە سەر پێش تەواوکەر دەکەوێت (H-C).[٦] وەك لە زمانی ئینگلیزیی و عەرەبیدا:

(٢٢) كتبَ الولدُ الدرسَ.

(23) The boy wrote the lesson.

- سەر کۆتایی: واتە سەر دەکەوێتە دوای تەواوکەر (C-H)، وەك زمانی کوردیی و یابانیی.

(٢٤) ئەحمەد نامەکەی نووسی.

ئەم جیاوازییەش، کە لە نێوان تیۆرەکەی کاین واتە LCA و تیۆری X–باردا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە دروستەکان لە تیۆری X–باردا بە هۆی پەیوەندی نێوان ڕیزبوونی هەرەمیی و ئاسۆییەوە دیارینەکراوە. فەرامۆشکردنی ئەم لایەنەش لە تیۆری X–باردا وایکردووە، کە پارامێتەری سەر پێویست و شیاو بێت لە تیۆری X–باردا. بۆ نمونە (کردار–بەرکار) هەمان پەیوەندی هەرەمییان هەیە لەناو VPدا، بەڵام لە یەك ڕیزبوونی زیاتریان هەیە، وەك VO یان OV.

پوختەی تیۆرەکەی کاین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتدەکرێتەوە (Barwari, 2007: 5):

١. پەیوەندییەکانی وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری لە دروستەی هەرەمیدا ڕێکخستنی ئاسۆیی ئەلەمێنتە کۆتاییەکان (terminals) لەو دروستەیەدا دیاریدەکات.

٢. سەری پێوەلکاو (adjoining head) هەمیشە پێش ئەو سەرە دەکەوێت، کە پێوەی دەلکێت، واتە ئەو سەرەی، کە سەری دیکەی پێوە دەلکێت، هەمیشە پێش ئەو سەرە دەکەوێت، کە پێوەی دەلکێت. بۆ نمونە وەك سەری T، کە هەمیشە پێش سەری V دەکەوێت.

٣. تەواوکەری سەر ناکرێت ببێت بە سەر.

٤. سپێك (spec) و تەواوکەر هەمیشە دوو لایەنی پێچەوانەی سەرن، واتە دەکەونە ئەم لا و لای سەر.

٥. ڕیزبوونی سپێك–سەر–تەواوکەر تەنیا ڕیزبوونێکە، کە لە وەچەپێکهاتەکانی فرێزدا هەن.

هەرچەندە دروستەی ڕستە لە زمانی کوردیدا (سپێك–تەواوکەر–سەر)ـە، بەلاّم ئەوەمان خستەڕوو، کە لە ئەنجامی جولاّنەوە ئەم ڕیزبوونەی وەرگرتووە، چونکە لە بنچینەدا ڕیزبوونی (سپێك–سەر–تەواوکەر) بووە. هەروەها چەند بەڵگەیەکیش هەن کە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، کە ڕیزبوونی (سپێك–سەر–تەواوکەر) هەروەها (H-C) ڕیزبوونی بنچینەییە لە زمانی کوردیدا، بۆ نموونە:

أ. لە دروستەی هەندێ فرێزی دەرخەریی (DP)دا ئەم ڕیزبوونی (سپێك–سەر–تەواوکەر)ـە، دەبینرێت:

(٢٥) دەست ی من
سپێك سەر تەواوکەر

(٢٦)



(٢٧) زانکۆ ی سلێمانی.
سپێك سەر تەواوکەر

(٢٨)



لە (٢٨)دا ئەلەمێنتی زانکۆ وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری (ی، سلێمانی) دەکات، ئەلەمێنتی (ی)ش وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری (سلێمانی) دەکات.

ب. لە دروستەی ئەو ڕستانەی، کە کردارەکەی داوای ڕستیلەیەك دەکات، بۆ تەواوکردنی واتاکەی، تەواوکەر دەکەوێتە دوای سەر (Ibed: 13)

(٢٩) من دەمەوێت، بڕۆم

سەر تەواوکەر

لە (٢٩)دا ڕستیلەی دووەم دەبێتە تەواوکەری کرداری (دەمەوێت).

پ. لە دروستەی ئەو ڕستانەی، کە کردارەکەی جگە لە بەرکار داوای فرێزی پریپۆزشنیی دەکەن وەك تەواوکەری کردار، دەکەونە دوای کردار:

(٣٠) أ. ئەو شوتییەکەی خستە ناو حەوزەکەوە.

ب. من کتێبەکەم دا بە ئەو.

ت. ڕیزبوونی سەر–تەواوکەر (H-C) لەم دروستانەی خوارەوەشدا دەبینرێت لە زمانی کوردیدا:

ج. لە دروستەی ئەو فرێزانەی، کە تیایدا سەر پێش تەواوکەر دەکەوێت. لە سەرچاوەکانی زمانی کوردیدا ڕیزبوونی (سەر–تەواوکەر) بە (دەرخەر–دەرخراو) ئاماژەپێکراوە.[٧] بۆ نمونە ئەگەر:

١. سەر ژمارە بێت، وەك:

(٣١) دوو کتێب

(٣٢)




لە (٣٣)دا، ئەلەمێنتی (دوو) وەچەئاڕاستەی ئەسیمەتری ئەلەمێنتی (کتێب) دەکات، هەربۆیە لە پێشییەوە هاتووە.

٢. وشەی نیشانە، وەك:[٨]

(٣٣) ئەم کتێبە

سەر تەواوکەر

٣. وشەی لەقەب، وەك:

(٣٤) أ. مامۆستا نەسرین

سەر تەواوکەر

٤. ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا، وەك:

(٣٥) باشترین خوێندکار

سەر تەواوکەر

٥. وشەی پرسیار، وەك:

(٣٦) أ. کام خوێندکار

ب. چەند کتێب

سەر تەواوکەر

٦. وشەی ڕادە، وەك:

(٣٧) أ. هەندێ کتێب

ب. تۆزێ ئاو

سەر تەواوکەر

٧. لە دروستەی فرێزی پێشناویدا، سەر پێش تەواوکەر دەکەوێت:

(٣٨) أ. بە تۆ

ب. بێ تۆ

سەر تەواوکەر

بەڵام لە دروستەی ئەو فرێزە ناوییانەی، کە سەری فرێزەکە (ەکە)ی ناسراویی و (ێک)ی نەناسراوییە، دەکەونە دوای تەواوکەر، واتە دروستەی ئەم فرێزانە بەم شێوەیەیە: تەواوکەر – سەر.

بە بۆچوونی ئێمە لەبەرئەوەی (ەکە ، ێك) مۆرفیمی بەندن/بە تەنیا نایەن، هەروەها سەرەتای هەر دوو مۆرفێمەکەش بە ڤاوڵ دەستپێدەکات، لەبەرئەوە دەکەونە دوای تەواوکەر، بەم شێوەیە:

(٣٩) أ. کوڕ ەکە

ب. کوڕ ێك

تەواوکەر سەر

(٤٠)



کەواتە لە زۆربەی دروستەکانی زمانی کوردیدا سەر دەکەوێتە پێش تەواوکەر.

هــەروەها نمونــەی (٣٩أب) ئەگــەر بــەهۆی وشــەکانی ڕادەوە فراوانبکرێــت، ئــەوا وشەکانی ڕادە شوێنی specی دروستەکە پڕدەکەنەوە، بەم شێوەیە:

(٤١) أ. چەند کتێبێك

ب. تەنیا کتێبێك

ت. هەموو کتێبەکان

(٤٢)




## ٤-٧/ دروستەی فریز لە MPدا:

لــــە MPدا زمــــان لــــە دوو پێکهاتــــە پێکــــدێت: فەرهــــەنگ و سیســــتمی کۆمپیوتــەریی/ژمێرکاریی زمــان (CHL). فەرهــەنگ ئــەو ئایتمانــە دیاریــدەکات، کــە دەچنە سیستێمی کۆمپیوتەرییەکەوە، سیستمی کۆمپیوتـەریی ئایتمـەکان بـەکاردێنێت بــۆ دروســتکردنی داڕێــژراو (D) و دروســتە پەســنکراوەکان (SD). کەواتــە بــۆ دروســتکردنی داڕێــژراو یــان دەبڕینێکــی زمانــەوانیی لــە هەڵبــژاردنی ئایتمــەکانی فەرهەنگــەوە دەســتپێدەکات، لــە فۆرمێکــدا دەخرێنــەڕوو، هــەروەها دەبێــت لەگــەڵ مەرجەکانی دروستەی فرێزدا بگونجێت. دواتر لە لایەن سیستێمی کۆمپیوتەرییەکەوە بۆ دوانەی LF و PFی سنورهاوبەش (Interface) دەنوێنرێت. واتە هەر داڕێـژراوێك تایبەتــە بــە دەربڕینێکــی زمانــەوانیی، کــە دوانــەی λ و π لــەخۆدەگرێت و دەبێــت مەرجــەکانی ســنورهاوبەش ڕازیبکــات. هــەروەها لەڕێگــەی ئــابوریترین ڕێگــەوە داڕێژراوەکان بەرهەمدەهێنرێت (Chomsky, 1995: 168-169, 186).

لە GBدا دروستەیەکی ئامادەکراو هەبوو، کە پێیدەوترا (دروستەی قوڵ)، بەڵام لە MPدا ســەرەتای دروســتکردنی داڕێــژراو لــە هەڵبــژاردنی ئایتمــەکانی نــاو ژماردنــە (N)ەوە دەســتیپێدەکات و دەبێــت هــەموو ئایتمــەکانی نــاو ژماردنەکــە بــەکاربهێنرێت،

دواتر بە هۆی چالاکی لێکدانەوە ئایتمەکان لێکدەدران و یەکە سینتاکسییەکانی دروستدەکرد. هەروەها چالاکی جوڵەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە داڕێژراوەکەدا.

لەڕێگەی لێکدانەوە ئارگومێنتەکان ڕۆڵی ثیتا لە لایەن کردار/پریدیکاتەوە وەردەگرێت، دواتر بەهۆی جوڵانەوە بۆ specی سەرە ئەرکییەکان دەچن تا دۆخەکانیان بپشکنرێت.

بۆ نمونە ئەگەر ژماردنەکە لەم ئایتمانە پێکهاتبێت: (من، بە، کتێبەکە، حەمە، دەنێرم) پێکهاتبێت، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی (بە، حەمە) و لێکدانیان داڕێژراوی (بە، حەمە) پێکدێت، بەم شێوەیە:

(٤٣)




فرێزی پریپۆزشنی بە حەمە لە دوای هەڵبژاردنی (دەنێرم)، پێکەوە لێکدەدرێن و داڕێژراوی (بە حەمە دەنێرم) پێکدێت، بەم شێوەیە:

(٤٤)




پاشان دوای هەڵبژاردنی کتێبەکە و لێکدانی لەگەڵ V́دا، داڕێژراوی VP پێکدێنێت، بەم شێوەیە:

(٤٥)




دوای ئەوەی VP لەگەڵ کرداری سوکی ئەبستراکت (v)دا لێکدەدرێت، ئایتمی (من) لە ژماردنەکەوە هەڵدەبژێردرێت و دواتر لێکدەدرێت لەگەڵیاندا، بەم شێوەیە:

(٤٦)




بە هۆی چالاکی لێکدانەوە فریزی (من، کتێبەکە) ڕۆڵی ثیتا لە لایەن کردارەوە وەردەگرن، بۆئەوەی فیچەری دۆخەکانیان بپشکنرێن، دەجوڵێن بۆ سەرە ئەرکییەکان بۆ پشکنینی دۆخەکانیان. دوای پشکنین فیچەرەکانیان دەسڕدرێنەوە، واتە کاتێک دەگەن بە LF دەبێت فیچەرەکانیان پشکنینیان بۆ کرابێت و سڕابێتنەوە، چونکە ئەگەر نا داڕێژراوەکە هەڵدەوەشێتەوە. سەبارەت بە سڕینەوەی فیچەرەکان دوای پشکنین مەرج نییە هەموو جار فیچەرەکان بسڕدرێنەوە، چونکە فیچەری ڕاڤەکراو لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە پشکنین هەیە، بەڵام ناسڕدرێتەوە، چونکە لە LFدا دەبێت هەبن، بۆ نمونە فیچەری $\theta$ی ناو (کەس و ژمارە و توخم دەگرێتەوە) لە دوای پشکنین دەمێنێتەوە لە LFدا (بڕوانە ٣-٣).

واتە فریز و ڕستە بە هۆی زنجیرە چالاکییەکانی لێکدانی دوانیی (binary merger operation) دروستدەبن، هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی درەختی ئەندازیارییەوە بخرێتەڕوو، وەك فریز دیاریکەر (phrase-maker) نیشانبدرێت، کە چۆنێتی دروستکردنی فریز و ڕستە لە وەچەپێکهاتە جۆراوجۆرەکان دەخاتەڕوو. وەك TP ،NP ،N ،DP، .....

فریز دیاریکەر نەخشەیەکە، کە دروستەیەك لە گرێی ناونراو (labelled nodes) لەخۆدەگرێت، لە لایەن چەند لقێکەوە بە یەکەوە بەستراون و پەیوەندی لەخۆگرتن دەنوێنێت. واتە پێماندەڵێت، کە کام وەچەپێکهاتە لە وەچەپێکهاتەکانی تردا هەن، بە واتایەکی تر چ وەچەپێکهاتەیەك لەخۆدەگرێت یان دەکەوێتە ناو چ وەچەپێکهاتەیەك.

لە درەختی ئەندازیاریدا ئەو گرێیانەی، کە لە بەشی خوارەوەی درەختەکەدایە بە گرێی کۆتایی (Terminal Nodes) و ئەوانی تر بە گرێی ناکۆتایی (Non-Terminal Nodes) ناسراون. بۆ نمونە V, T, N, D ,.... گرێی کۆتایین، ئەوانی

تر واتە NP, DP, VP, ...., گرێی ناکۆتایین. گرێ کۆتاییەکان لە ئایتمێکی فەرهەنگیی پێکدێت، بەڵام بەرزترین گرێ بۆ نمونە TP بە ڕەگ (root) دادەنرێت (Radford, 2004a: 74-75).

لە تیۆری GBدا ئاماژەماندا، بە تیۆری X–بار، کە لە دروستەی فرێز دەکۆڵێتەوە. ئەم تیۆرە لەسەر بناغەی سیستێمی ناولێنانی کاتیگۆریی (System of Category Lablels) بەکارهێنراوە، واتە:

...., D, V, P, N = X

(٤٧) کتێبەکەی ئەو

(٤٨)




لە (٤٨)دا کاتیگۆری D بەپێی بیرۆکەی بار سێ ئاستی جیاوازی هەیە.

D″/DP = پرۆژەی گەورە

D′ = پرۆژەی ناوەند

D = پرۆژەی بچوک = ئایتمی فەرهەنگیی

(٤٩) ئەحمەد درەختەکەی بڕی.

(٥٠)




لە (٥٠)دا کاتیگۆری V سێ ئاستی جیاوازی باری هەیە:

V = بڕی

V′ = درەختەکەی بڕی

V″/VP = ئەحمەد درەختەکەی بڕی.

بەڵام چومسکی مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکات، کە سیستێمی ناولێنانی کاتیگۆریی سێ جۆر ناولێنانی کاتیگۆریی دیاریدەکات، بۆ پڕۆژەی سەرێکی دیاریکراو وەك X̋, X́, X. بەڵام ئەم سێ جۆر ناولێنانی کاتیگۆرییە، پرنسیپەکانی ڕێزمانی جیهانیی (UG) پێشێل/ بریندارەدەکات، کە مەبەست لە مەرجی گشتگیری ( Inclusiveness Condition)یە.

**مەرجی گشتگیریی: لە داڕێژراوێکی سینتاکسی (Derivation Syntatic)دا نابێت هیچ زانیارییەکی زیاتر بناسێنرێت.**

کەواتە بە پێی مەرجی گشتگیریی بیرۆکەی بار نابێت، هەبێت، چونکە مەرجی گشتگیریی بریندارەدەکات.

هەر ئایتمێك، کە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێت، دەروازە فەرهەنگییەکەی ئەوە دیاریدەکات، کە دەستەیەك لە فیچەری هەیە. یەکێك لە فیچەرەکان فیچەری ڕێزمانییە، کە لە لایەن ناولێنانی کاتیگۆرییەوە دەنوێنرێت، بۆ نمونە دەروازەی فەرهەنگیی (بڕی) ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئایتمی (بڕی) کردار (V)ە (بڕوانە ٢-٧-١).

لە (٥٠)، کە بە پێی X-بار شیکراوەتەوە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە کرداری (بڕی) لەگەڵ تەواوکەرەکەی (درەختەکە) لێکدەدرێت، بە کاتیگۆری (V́) دەنوێنرێت، کە پرۆژەی ناوەندی کرداری (بڕی)یە. هەروەها پرۆژەی (V́) لەگەڵ بکەرەکەیدا لێکدەدرێت، بە VP/V̋ دەنوێنرێت، کە پرۆژەی گەورەیە.

بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەم زانیارییانە، کە دەربارەی پرۆژەی گەورە و ناوەندین، بەشێك نین لە دەروازەی فەرهەنگی کرداری (بڕی)، لەبەرئەوە بەستنەوەی ئەم زانیارییانە بەو ئایتمانەی، کە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، مەرجی گشتگیریی بریندار (پێشێل) دەکات. کەواتە تاکە ڕێگە بۆ ڕێگرتن لە بریندارکردنی مەرجی گشتگیریی لابردنی هەموو ئەو زانیارییانەیە سەبارەت بە ئاستی پرۆژەکان لە درەختی ڕستەدا، واتە بە بۆچوونی چومسکی ئەم زانیارییانە نابێت، لە سیستێمی ناولێنانی کاتیگۆریی لە درەختی ڕستەدا بخرێنەڕوو، چونکە ئاستەکانی بار(X̋, X́, X) تایبەتمەندی زگماکیی (inherent) نین، بەڵکو تایبەتمەندی پەیوەندی کاتیگۆرییەکانە بە دروستە و سیاقەوە. کەواتە ئامانجی MP کەمکردنەوەی بابەتە تیۆرییەکانە بۆ کەمترین.

به لابردنی ئاستەکانی فریز واتە X, X́, X̋ تیۆری X-بار بەرەو نەمان دەڕوات و تیۆری دروستەی بار فریز جێگەیدەگرێتەوە (Chomsky, 1995: 242-243; Radford, 2004a: 78-80). لە دروستەی بار فریز (BPS)دا ناولێنانی کاتیگۆریی نییە لە درەختی ڕستەدا. واتە نمونەی (٥٠) ئەگەر بە بێ ناولێنانی کاتیگۆریی بخرێتەڕوو، بەم شێوەیە دەبێت:

(٥١)



ئەحمەد درەختەکەی بڕی

لە (٥١)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئایتمەکانی (ئەحمەد، درەختەکە، بڕی) لە دەستەیەك فیچەر پێکهاتووە، کە زانیاری دەربارەی زانیاری ڕێزمانیی و تایبەتمەندییەکانی هەڵاوێرکردن (Selection Properties) دەگرێتەخۆی. بۆ نمونە دەروازەی فەرهەنگیی (بڕی) ئەوەمان پێدەڵێت، کە کردارێکی تێپەڕە داوای بکەر و بەرکار دەکات.

هەرچەندە سیستێمی ناولێنانی کاتیگۆریی و ئاستەکانی بار لە تیۆری دروستەی بار فریزی MPدا بەکارنایەت، بەڵام لەبەر تێگەیشتنی خوێنەرە، لە درەختی ڕستەدا بەکارهێنراوە، چونکە لابردنی ئەم زانیارییانە بە یەکجارەکی لە درەختی ڕستەدا، ڕەنگە بۆ تێگەیشتنی خوێنەر ئاساننەبێ.

لە پێشتر ئاماژەمان بە گریمانەی توێکڵەکانی VP- و گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو (LCA)ی کاین دا (بڕوانە ٤-٥ و ٤-٦). چومسکی لە تیۆری دروستەی بار فریزدا گریمانەی توێکڵەکانی VP و LCAی کاینی وەرگرتووە، بەڵام هەموو تیۆرەکەی کاین نا، بەڵکو چەند لایەنێکی گواستۆتەوە بۆ ناو تیۆرەکەی، چونکە تیۆرەکەی کاین لە تیۆری (X-بار)ەوە دروستبووە، واتە بە سودوەرگرتن لە ئاستەکانی بار و پرۆژەی بێ لق، کە ئەمانەش لە تیۆری دروستەی بار فریزدا ڕەتکراونەتەوە، هەربۆیە چەند لایەنێکی وەرگرتووە (Barwari & Unger, 2007: 13).

لە تیۆری دروستەی بار فریزی MPدا ئەوەمان خستەڕوو، کە ئاستەکانی بار نییە، هەروەها پرۆژەی بێ لقیش نییە، چونکە لە MPدا جگە لە چالاکی هەڵبژاردن، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی ئایتمەکان لە فەرهەنگ یان ژماردنەوە، چالاکییەکی دیکەش هەیە، کە لێکدانە، لە چالاکی لێکداندا دوو یەکە (object)/Oی وەك (a, b

لێکدەدرێت بۆ دروستکردنی یەکەیەکی تازە، لەبەرئەوەیە کە دەوترێت پرۆژەی بێ لق نییە، چونکە پرۆژەکان لە ئەنجامی لێکدانی دوو یەکە دروستبوون، بەم شێوەیە:

(٥٢) k= {a{b ، a}}

(٥٣)




لە (٥٣)دا لە ئەنجامی لێکدانی b, a پرۆژەی a بەرهەمهاتووە، بەو واتایەی، کە یەکە تازە بەرهەمهاتووەکە بە تەواوی ناسنامەی (a)ی هەیە. هەریەك لە ئایتمی b, a لە دەستە (set) یەك فیچەر پێکهاتوون. یەکە تازەکە فیچەرەکانی ئەو ئایتمە لێکسیکییەی هەیە، کە دەکرێتە پرۆژە (Chomsky, 1995: 242-248; Ouhalla, 1999: 448). واتە کاتێك دوو ئایتم لێکدەدرێن، هەر ئایتمێکیان لە کۆمەڵێك فیچەر پێکهاتووە، ئەو ئایتمەی کە پرۆژە دروستدەکات، دەبێتە سەری فریزەکە، بەم شێوەیە:

(٥٤) {ەکە{کتێب، ەکە}}

(٥٥)




یان (٥٦) {DP{N ، D}}

(٥٧)




درەختی (٥٧) نواندنێکی ئەڵتەرناتیفی (٥٥)ـە، کە لە کاتیگۆری ناونراو پێکدێت، هەرچەندە سیستێمی کاتیگۆری ناونراو لە دروستەی بار فریزی MPدا لابراوە، بەڵام لێرەدا بۆ تێگەیشتن بەکارهاتووە.

درەختی (٥٧) بەپێی تیۆری X–بار بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(٥٨)




جیاوازی (٥٨) لەگەڵ (٥٧)دا لەوەدایە، کە لە (٥٧) تەنها لە پرۆژەی گەورە و بچوك پێکدێت، بەڵام لە (٥٨)دا جگە لە پرۆژەی گەورە و پرۆژەی بچووك، کە ئایتمی لێکسیکییە، هەروەها پرۆژەی ناوەندیش دەگرێتەخۆی.

کەواتە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تیۆری دروستەی بار فریز ئەوەیە، کە تەنها پرۆژەی گەورە (X̋) و ئایتمی لێکسیکیی (X) هەیە، واتە پرۆژەی ناوەند (X́) لە دروستەی بار فریزدا لابرا، چونکە لە ئاستی LFدا تەنها ڕاڤە بۆ پرۆژەی گەورە و ئایتم/وشەکان (X) دەکرێت (Chomsky, 1995: 285; Ouhalla, 1999: 448; Barwari & Unger, 2007: 11-12).

بۆ نمونە ئایتمێکی وەك (سازگار) بە پێی بۆچوونی بار فریز دوو لێکدانەوەی هەیە، کە ئەویش یان پرۆژەی گەورەیە یان پرۆژەی بچووکە (وشە)، ئەمەش پەیوەستە بەو پەیوەندییە سینتاکسییەی، کە لە نێوانیاندا هەیە، چونکە پرۆژەی گەورە و بچوك لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ یەکەی تردا دیاریدەکرێن (Boecky, 2006: 173-174).

(٥٩) دەستی کازیوە

نمونەی (٥٩) بەپێی تیۆری X–بار، بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت:

(٦٠)



ئەلەمێنتەکانی کۆتایی واتە (دەست، ی، کازیوە) بریتین لە دەستەیەك ئەلەمێنت.

(DP)یش بریتیە لە دروستەیەکی سینتاکسیی، کە لە NP و D́ پێکهاتووە.

لە (٦٠)دا پەیوەندی دەسەڵات و پەیوەندی خوشکایەتی تیادا دەبینرێت، بۆ نمونە:

DP دەسەڵاتی هەیە بەسەر $NP_1$ و D́دا، هەروەها D́یش دەسەڵاتی هەیە بەسەر D و $NP_2$دا. $NP_1$ (دەست) و D́ لە پەیوەندی خوشکایەتیدان، $NP_2$ (کازیوە) و Dیش بە هەمان شێوە لە پەیوەندی خوشکایەتیدان.

بەڵام نمونەی (٥٩) بە پێی تیۆری دروستەی بار فرێز ئەم لێکدانەوەیەی خوارەوەی بۆ دەکرێت:

(٦١)




بە بەراوردکردنی (٦٠) لەگەڵ (٦١)دا، ئەوە دەردەکەوێت، کە لە تیۆری بار فرێزی MPدا دروستەکان بەرەو سادەیی و ئاسانتر دەڕۆن، چونکە پرۆژەی ناوەند واتە (X́) نەماوە، هەروەها لە BPSدا ئاماژەشماندا بەوەی، کە سیستێمی کاتیگۆری ناونراو لابراوە، بەڵام لێرەدا بۆ تێگەیشتن بەکارمانهێناوە، نمونەی (٦١) ئەگەر بە بێ ناولێنانی کاتیگۆریی بیخەینەڕوو، بەم شێوەیەی لێدێت:

(٦٢)




تایبەتمەندییەکی دیکەی تیۆری دروستەی بار فرێز ئەوەیە، کە فرە سپێك (spec)ی (Multiple-Specifiers) ڕێگەپێدراوە، ئەمەش پێچەوانەی تیۆری X-بارە، چونکە تەنیا ڕێگە بە یەك سپێك دەدرێت لە پرۆژەی گەورەدا.

(٦٣)




لە (٦٣)دا پرۆژەی XP فرەسپێکە چونکە ڕێگەی بە دوو سپێك داوە لە پرۆژەکەدا (بڕوانە نمونەی (٢٤) لە بەشی سێیەم).

هەروەها لە تیۆری دروستەی بار فرێزدا پارامێتەری سەر لەناودەچێت، چونکە تەنها یەك ڕیزبوون بۆ دروستە دیاریدەکەن، ئەمەش پێچەوانەی تیۆری X–بارە، چونکە هەمیشە ئاماژە بە پارامێتەری سەر دەدرا بەوەی دروستەکە سەر سەرەتا یان سەر کۆتاییە (بڕوانە ٤–٦).

## تێبینییەکانی بەشی چوارەم:

١ بڕوانە محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١: ١٠٧-١١٠؛ تارا موحسن، ٢٠٠٤: ٦٢؛ کاروان قادر، ٢٠٠٨: ٧٥.

٢ سەبارەت بە جوڵانی کردار بۆ گرێی AGR ئاماژەمانپێنەداوە، کە ئایا جوڵانەکە ئاشکرایە یان شاراوەیە، چونکە لە دوای ئەمە ئەوە دەخەینەڕوو، کە گرێی AGR لادەبرێت لە داڕێژراوەکە (بڕوانە ٤-٤)

٣ هەرچەندە گرێی AGR ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە بۆ ماوەیەك لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، بەڵام لەو لێکۆڵینەوانەی کە لە دروستەی فرێز و ڕستەیان کۆڵیوەتەوە بە پێی تیۆری GB لە زمانی کوردیدا، زۆر گرنگییان بە گرێی AGR نەداوە.

٤ فیچەری ناویی بریتییە لە فیچەری θ واتە کەس و ژمارە و توخم، فیچەری دۆخ لەگەڵ فیچەری کاتیگۆریی (Ura, 2000: 17).

٥ VP ژێرەوە بە پیتی گەورە (کەپیتەڵ) دەنوسرێت، بەڵام vpی سەرەوە بە پیتی بچوك یان لار (*vp*) دەنوسرێت.

٦ (H-C) کورتکراوەی (Head-Complement)ـە، واتە H بەرامبەر سەر (Head)، Cیش بەرامبەر (Complement) (تەواوکەر) دێت.

٧ فاروق عومەر صدیق یاسای (دەرخەر – دەرخراو) لە ڕووی مێژووییەوە بە یەکێك لە یاسا هەرە کۆنەکانی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکان دادەنێت، هەروەها بە بۆچوونی ئەو ئەم یاسا کۆنە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەرهەمی کەمە، چونکە کەم بەکاردێت لە دروستکردنی فرێزدا (فاروق عومەر صدیق، چاوپێکەوتن. زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١/٢/٧.

٨ محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٩) (تەواوکەر) بە دەرخەرەکانی پێش سەر ئاماژەیپێکردووە، (سەر)یش بە دەرخراو ئاماژەپێداوە. لە نمونەکاندا سوودمان لە سەرچاوەی ناوبراو وەرگرتووە.

٩ بڕوانە پەراوێزی (٤)ی بەشی دووەم.

## ئەنجامەکان:

١. ئاستەکانی دروستەی قووڵ و ڕووکەش و فۆرمی فۆنەتیکیی و فۆرمی لۆجیکیی لە تیۆری GBدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە، بەڵام لە MPدا ئاستەکانی دروستەی قووڵ و ڕووکەش لابران، چونکە تەنها هەر دوو ئاستی فۆرمی فۆنەتیکیی PF (π) و لۆجیکیی LF (λ) بە دوو ئاستی پێویست و گرنگ دادەنرێن، لەبەرئەوەی بێ ئەم دوو ئاستە زمان دروستنابێت.

٢. تیۆری حوکمکردن لە GBدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە، چونکە پەلی بۆ زوربەی مۆدیولەکانی GB کێشابوو، واتە زوربەی مۆدیولەکانی GB بە تیۆری حوکمکردنەوە بەسترابوو، بەڵام لە MPدا تیۆری حوکمکردن بە تیۆرێکی زیادە دادەنرا، لەبەرئەوە وازیلێهێنرا.

٣. کاتیگۆری بەتاڵ و ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ لە MPدا ئاماژەپێنەدراوە چونکە دووان لە کاتیگۆرییە بەتاڵەکان، کە شوێنپێی فرێزی ناویی و وشەی پرسە لابران، چونکە شوێنپێ و تیۆری شوێنپێ لە MPدا نەما، ئەمەش مانای هەڵوەشاندنەوەی کاتیگۆری بەتاڵ و ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ دەگەیەنێت.

٤. کردەی پێدانی دۆخ سەرەڕای ئەوەی، کە لە تیۆری GBدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، بەڵام لە MPدا دۆخ نادرێت لە لایەن (سەر)ەوە بە فرێزە ناوییەکان، بەڵکو دۆخ دەپشکنرێت لە لایەن (سەر)ەکانەوە، چونکە دۆخ بە فیچەر دادەنرێت، کە ئایتمەکان هەڵیانگرتووە، واتە ئایتمەکان بە فیچەرەکانیانەوە دەچنە ناو داڕێژراوەکەوە.

٥. تیۆری بەستنەوە هەرچەندە لە GBدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە، تەنانەت بەشێك بووە لە ناونیشانی تیۆرەکە، بەڵام لە MPدا هیچ گرنگییەکی نەبووە.

٦. یەکێك لە ڕێسا سەرەکییەکانی تیۆری ثیتا (پێوەری ثیتا) بووە، هەرچەندە لە سەرەتای تیۆری GBدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، بەڵام لە کۆتایی GBدا لەبەرئەوەی کەموکوڕی تیابووە، لابراوە، لەجێی ڕێسای ڕاڤەکردنی تەواو پێشنیارکرا. هەروەها ئەم ڕێسایە لە MPدا زۆر گرنگ بووە، چونکە بووە بە بناغەیەك بۆ ڕێسای ئابووریی.

٧. له MPدا ڕۆڵی ثیتا به فیچەرێکی کردار دادەنرێت، که پێویسته بپشکنرێت له ڕێی چالاکی لێکدانەوە، له دوای پشکنینی ڕۆڵی ثیتاکه بۆ NP/DPیەکان دەگوێزرێتەوە.

٨. تیۆری X–بار له GBدا پەیوەندی به دروستەی فریزەوە هەبووە، بەڵام ئەم تیۆرە له MPدا تیۆرێکی نەویستراو بووە، هەر بۆیە له MPدا لەجێی تیۆری X–بار تیۆری دروستەی بار فریز (BPS) هاتەکایەوە. لەم تیۆرەدا پرۆژەی ناوەند واته $\acute{X}$ لابرا، چونکه له LFدا ڕاڤەی بۆ ناکرێت، تەنها وشەکان و پرۆژەی گەورە ($\H{X}$) ڕاڤەیان بۆ دەکرێت. هەروەها سیستێمی ناولێنانی کاتیگۆری له درەختی ڕستەدا لابرا.

٩. له MPدا دروستەی ڕسته به پێی گریمانەی توێکڵەکانی VPی لارسون و گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوی کاین شیکراونەتەوە، چونکه ئەم دوو گریمانەیە بەشێکی سەرەکی بوون له تیۆری دروستەی بار فریزی چومسکی.

١٠. له تیۆری دروستەی بار فریزدا فرەspecی ڕێگەی پیێ دراوە، وە ئەم دیاردەی فرە specییە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە له شیکردنەوەی دروسته ڕسته له دۆخی ئێرگەتیڤییدا.

١١. پارامێتەری سەر بابەتێکی زۆر گرنگ بوو له تیۆری X–بار له GBدا. پارامێتەری سەر دوو جۆر له پارامێتەری جیاکردبۆیەوە (سەر سەرەتا و سەر کۆتایی)، بەڵام له تیۆری دروستەی بار فریزی MPدا ئەم پارامێتەری سەرە لەناودەچێت، چونکه تەنها یەك ڕیزبوون بۆ دروسته دیاریدەکەن، بەم شێوەیە: سپێك–سەر–تەواوکەر.

١٢. له MPدا تیۆری شوێنپێ به تیۆری کۆپی شوێنی گیرایەوە، واته له کاتی جوڵانی ئەلەمێنتێکدا له جیاتی ئەوەی بڵێین شوێنپێیەکی بەجێهێشتووە، دەڵێین کۆپییەکی بەجێهێشتووە.

١٣. جوڵانی شاراوە لەبەرئەوەی تێچوونی کەمترە له جوڵانی ئاشکرا، به پەسەندتر دادەنرێت. زوربەی جوڵانەکان له زمانی کوردیدا له جۆری شاراوەن، که ئەمەش به جۆرێك له ئابوریکردن دادەنرێت له زمانی کوردیدا.

١٤. لـه MPدا فریـزی بکـەر و بـەرکار دەبێـت، فیچـەری دۆخەکـەی بپشـکنرێت لـە لایــەن (ســەر)ەوە لــە ژێــر دەســەڵات/ڕکێفی پشــکنیندا، کەواتــە لــە زمــانی کوردیشـدا فریـزی بکـەر و بـەرکار لـە ژێـر دەسـەڵاتی پشـکنیندا دۆخـەکانیان دەپشــکنرێن، بــەڵام دەســەڵاتی پشــکنینی فیچــەری دۆخــی بکــەر لــە زمــانی کوردیدا بە پێی سیستێمی دۆخی ئەکیوزەتیڤ و ئێرگەتیڤی جیاوازە.

١٥. لە MPدا دوو جۆر لە پارامێتەری پشکنین جیاکراوەتەوە:

أ. [+ΘPC] واتە پارامێتەری پشکنین لە شوێنی ثیتادا.

ب. [-ΘPC] واتە پارامێتەری پشکنین لە شوێنی ناثیتادا.

زمـانی کـوردی لەبەرئـەوەی دوو سیسـتێمی دۆخـی تیـا بەدیـدەکرێت، کـە ئەویش دۆخی ئەکیوزەتیڤ و ئێرگەتیفییە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە هـەر دوو پارامێتەری پشکنین واتە [±ΘPC] لە زمانی کوردیدا هەبێت.

١٦. لـە MPدا ئـابوریکردن بـە سیسـتێمی کۆمپیوتـەری/ژمێرکاری زمـانی مـرۆڤ دەبەسـتینەوە، کـە ئـەمیش بەشـێکە لـەو دوو پێکهاتەیـەی کـە توانسـتی زمـان (Language Faculity) لێپێکـدێت. لەبەرئـەوە بـە بۆچـوونی ئێمـە لایـەنی ئـابوریی بـە توانسـتی زمـان بەسـتراوە، کـە ئەمـەش پێچـەوانەی بۆچـوونەکانی ترە، چونکە ئابوریکردن بە لایەنی توانای زمان واتە دەربڕین دەبەسترایەوە.

١٧. لـە GBدا بۆچـوون وابـوو، کـە کردارەکـان لـە فەرهـەنگ لـە فـۆرمی (ڕەگ)دا دەچـوونە نـاو ڕسـتەی فریـز و ڕسـتە بـە بـێ گـەردانکردنی بـۆ مۆرفیمـە ئەرکییـەکانی وەك تـاف و ڕێککـەوتن و لـە ئـەنجامی جوڵانـەوە لـە دروسـتەی ڕستەدا مۆرفیمـەکانی تـاف و کـەس وەردەگـرن، بەڵام لە MPدا ئـەو بۆچـوونە هاتە کایـەوە، کـە کردارەکان بە فیچەر و لاگرەکـانی وەك تـاف و ڕێککـەوتن لە فەرهەنگدا گەردانـدەکرێن/دەشکێنرێنەوە.

١٨. گرێــی ڕێککــەوتن (AGRP) لــە کۆتــایی تیــۆری GB و ســەرەتای MPدا ڕۆڵێکــی گرنگــی هــەبووە لــە دروســتەی فرێــزدا، بــەڵام دواتــر لــە MPدا وازیلێهێنـرا، چـونکە AGR فیچـەری ڕاڤـەکراوی نـەبوو، لەبەرئـەوەی هـیچ زانیارییەکی نەئەدا بە دەستەوە لە ڕاڤەکردنی داڕێژراوەکە.

# سەرچاوەکان

## أ- بە زمانی کوردی


ئازاد ئەحمەد حسین. ٢٠٠٨. سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا. نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

بەکر عومەر عەلی. ١٩٩٢. بەستن و کرتاندن لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

تارا موحسن قادر. ٢٠٠٤. جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا. کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

حاتەم ولیا محەمەد. ٢٠٠٦. پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان. نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

دەروون عەبدولڕەحمان سالح. ٢٠١٠. ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

دیار عەلی کەمال کەریم. ٢٠٠٢. ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە. نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

سەباح ڕەشید قادر. ٢٠٠٦. هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا. نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

سەباح ڕەشید قادر. ٢٠١٠. تیۆری پاساودان لە زمانی کوردیدا. کۆلیجی پەروەردەی مرۆڤایەتی، زانکۆی سەلاحەدین، گۆڤاری ئەکادیمیی کوردی ژمارە ١٦.

سەلام ناوخۆش. ٢٠٠٨. پوختەیەك دەربارەی زمانناسی: مێژوویی، بونیادگەریی، چومسکی. چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

عەبدولجەبار مستەفا مەعروف. ٢٠٠٩. دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا. نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ڤیان سلێمان حاجی. ٢٠٠٩. کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە. نامەی دکتۆرا (بڵاوکراوە)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

کاروان عومەر قادر. ٢٠٠٨. ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر (بڵاوکراوە)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

محەمەد عومەر عەول. ٢٠٠٨. کردەی تەواوکردن. نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

محەمەدی مەحویی. ٢٠٠١. ڕستەسازی کوردیی. زانکۆی سلێمانی.

مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد. ٢٠٠٦. دۆخی ئێرگەتیف لە زمانی کوردیدا (کرمانجی سەروو). نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

وریا عمر أمین. ١٩٨٩. بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢١.

یوسف شەریف سەعید. ١٩٩٠. دۆخەکانی ژێرەوە لای فلیمور و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی. نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**دیدار و چاوپێکەوتن:**

پ.ی.د. فاروق عومەر سدیق، پسپۆر لە مۆرفۆلۆجیدا. زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٦، ٢٠١١/٢/٧.

## ب- بە زمانی ئینگلیزیی:

Aitchison, J. 1999. Linguistics, 5th edition, Hodder and staughton: London

Abdulrahman, N.S. 2007. Argument structure with reference to English and Kurdish MSc thesis, college of Arts, University of Dohuk.

Barwari, M.S 2004. Topics in government and binding theory, with reference to English Northern Kurdish. Unpublished Ph. D thesis, University of Salahaddin.

Barwari, M. S. 2007. Object raising in NK. To appear in journal of Dohuk University.

Barwari, M.S. and Unger, C. 2007. Compound verbs in kurdish, A minimalist approach to appear in Journal of Dohuk University.

Black, Ch.A. 1999. A step-by-step introduction to government and binding theory of syntax. Lecture notes presented at the institute of linguistics, North Dakota University, Mexico Available at http://www.ling.wisc.edu/.

Bloomfield, L. 1933. Language. Network: Holt.

Boecky, C. 2006. Liguistic. Minimalism, Oxford: Oxford University Press.

Börjars, kersti. 2006. Description and theory. In B. Aarts and A. McMahon (eds.), The Handbook of English Linguistics. UK: Blackwell, pp. 9-29.

Bošković, Z. 1997. LF movement and the Minimalist program. University of Connecticut

Brand, M. 1997. Problems of V raising to T, C and Neg in the Bare phrase structure theory. New York University. Available at http://www.ling.wisc.edu/.

Carine, A. 2002. Syntax: A generative Introduction. Oxford: Blackwell.

Chometzky, R. 2000. Phrse structure from GB to minimalism. University of Lowa.

Chomsky, N. 1957. Syntactic structures. Mouton. The Hague.

Chomsky, n. 1986. Lectures on government and binding. The pisa lectures, 4th edition Holland: Foris.

Chomsky, N. 1991. Some notes on economy of derivation and representation. In R. Freidin, ed., principles and parameters in comparative grammar. Cambridge, Mass: MIT press.

Chomsky, N. 1995. The minimalist program. Cambridge Mass: Massachusetts institute of technology press.

Chomsky, N. 2002. On nature and language. Cambridge: Cambridge University press.

Collins, C. 2001. Economy conditions in syntax. In M. Baltin and C. Collins (eds.), The handbook of contemporary syntactic theory. Oxford: Blackwell, pp. 45-61.

Cook, V.J., and Newson, M. 1997. Chomsky's universal grammar: An introduction 2nd edition. Oxford: Blackwell.

Crystal, D. 2003. A Dictionary of Linguistics & phonetics. 5th edition. Oxford: Blackwell.

Culicover, P.W. 1997. Principles and parameters: An introduction to syntactic theory. New York: Oxford University press.

Davies, W., and Dubinsky, S. 2004. The grammar of raising and control. A course in syntactic argumentation. Oxford: Blackwell.

Farrokhpey, M. 1999. Government and binding Chomsky language theory, Tehran: Sokhan.

Friend, R. C. 1985. Ergativity in Suleimaniye Kurdish. Available at http://www.home.earthlink.net/.

Fromkin, V., and etal. 2000. An introduction to linguistic theory. UK: Blackwell.

Fukui, N. 2001. Phrase structure in M. Baltin and C. Colins. The handbook of contemporary syntactic theory. Oxford: Blackwell, pp. 62-88.

Haegeman, L. 1998. Introduction to government and binding theory. 2nd edition, Oxford: Blackwell.

Hayes, C.W., Ornstein, J, and Gage, W. 1977. The ABC's of languages & linguistics. Instituite of Modern Language.

Hornstein, N. 2001. Move! A minimalist theory construal. UK: Blackwell.

Hornstein, N. 2003. On control. In R. Hendrick (ed.), Minimalist syntax. Oxford: Blackwell.

Jaeggli, O., and Safir, K. 1989. The null subject parameter. Dordvecht: Kluwer.

Knott, A. Introduction to minimalist syntax. University of Otago. http://www.cs.otago.ac.nz.

Kremers, J. 2003. Minimalism. University of Nijmegen. LOT publication series, 79. Utrecht: LOT. Available at http://www.universityfrankfort.de/.

Lasnik, H. 1995. Principles and parameters. In, N. Chomsky, Minimalist program. Cambridge, mass: MIT press, pp. 13-127.

Lasnik, H., Depiante, M., and stepanov, A. 2000. syntactic structures revisited: contemporary lectures on classic transformational theory. Cambridge, Mass: MIT press.

Lansik, H. 2001. Derivation and representation in modern transformational syntax. In M. Baltin, and C. Collins. The handbook of contemporary syntactic theory. Oxford: Blackwell, pp. 62-88.

Lansik, H., Uriagereka, J., and Boeckx, C. 2005. A course in minimalist syntax. Oxford: Blackwell.

Marantz, A. 1995. In webelhuth, G (ed.), principles and parameters in syntactic theory. Oxford: Blockwell.

Muhammad, F.O. 2006. Ergativity in northern kurdish with reference to English. MSc thesis. College of Arts, University of Mosul.

Ouhalla, J. 1999. Introducing transformational grammar, from principles and parameters to minimalism. New York: Oxford University press.

Radford, A. 1997. Syntax: A minimalist introduction. Cambridge: Cambridge University press.

Radford, A. 2004a. English syntax an introduction. Cambridge, UK: Cambridge University press.

Radford, A. 2004b. Minimalist syntax: Exploring the structure of english. Cambridge, UK: Cambridge University press.

Razmjoo, A. 2004. Fundamental concepts in linguistics: Editors, Mortaza. Y., Ali. B. Shiraz University, Rahnama press.

Richards, J. C., Platt, J., Platt, H. 1992. Dictionary of language teaching & applied linguistics. 2nd edition. UK: Longman.

Seuren, P. 2004. Chomsky's minimalism. Oxford: Oxford University press.

Smith, N. 1999. Chomsky: ideas and ideals. Cambridge: Cambridge University press.

Tonoike, S. 1995. Japanese as an OVS language. In S. Haraguchi and M. Funaki (eds.), Minimalism and linguistic theory. Tokyo: Hituzi Syobo, pp. 105-131.

Trask, R. L. 1993. A dictionary of grammatical terms in linguistics. London: Rautledge.

Ura, H. 2000. Checking theory and grammatical functions in universal grammar. Oxford: Oxford University press.

Ura, H. 2001. Case. In M. Baltin and C. Collins (eds.), The handbook of contemporary syntactic theory. Oxford: Blackwell, pp. 334-373.

Van Valin, R.D. 2001. An introduction to syntax. UK: Cambridge University press.

# خلاصة الرسالة

مينيمال پروگرام (أصغر البرامج) و اللغة الكردية هي عنوان الأطروحة و تمثل مرحلة جديدة من (القواعد التوليدية-التحويلية) التي إعتمدها (جومسكى) من التعليل اللغوي. الهدف من البحث هو تطبيق (MP) مع اللغة الكردية.
تتضمن الأطروحة من مقدمة و أربعة فصول و الإستنتاجات مع قائمة المصادر.

**الفصل الأول**: يبحث هذا الفصل بصورة عامة عن مراحل تطور القواعد التوليدية-التحويلية.

**الفصل الثاني**: و يتناول نظرية (GB) بشكل عام و البنية السطحية و البنية العميقة و نظرية (X-بار) و نواقص هذه النظريات، ثم عرضها إستناداً لنظرية (MP). و قد تم حذف بعض المصطلحات اللغوية من نظرية (GB) و تم إستبدالها بأخرى من نظرية (MP).

**الفصل الثالث**: في هذا الفصل تم بحث الجوانب النظرية لـ (MP).

**الفصل الرابع**: و قد تم في هذا الفصل إجراء مقارنة بين التراكيب اللغوية، إستناداً لنظرية (GB) و (MP) و أخيراً تم بحث الجملة و التعابير في نظريتي (X-بار) و (MP).
قدمت في نهاية الإطروحة الإستنتاجات الرئيسية التي إستنتجت مِنْ هذه الدراسة، ملحقاً بقائمة المصادر.

# ABSTRACT

This thesis is entitled "Kurdish and Minimalist Program". Minimalist Program is a new stage in Generative and transformational grammar which is claimed by Chomsky. The aim of this thesis is that to showing all MP, and practicing this program in Kurdish.

The thesis consists off an introduction, four chapters, conclusions, and a list of references.

In the introduction, the aims behind choosing the subject and the most outstanding problems have been presented, as well as shedding light on the applied method.

**Chapter One** is entitled The Progressive Stages of Generative and Transformational Grammar. It deals with syntactic structures, standard theory, expanded standard theory, revising of expanded standard theory, Government and Binding theory, Minimal Program.

**Chapter Two** is entitled The Imperfectness of Government and Binding theory and analyzing them according to MP. It deals with Surface Structure, Deep Structure, and Government, Case, Binding, Theta, X- bar, Control Theory and also dealt with this imperfectness according to the MP solutions.

**Chapter Three** is entitled Theoretic Parts of MP. In this chapter the most Theoretic Parts of MP is shown.

**Chapter Four** is entitled Phrase Structure from GB to MP. At the beginning of the chapter, Syntactic structures are shown according to the GB's X- bar theory and then all changes and progresses that it has given are shown. In the end Phrase and Syntactic Structures are analyzed according to the MP's Bar Phrase Structure Theory.

At the end of the thesis, the main conclusions resulted from this study are presented, and this is followed by a list of references.